هەرێمی کوردستان – عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر

# نامۆیی لە شیعرەکانی
# ( ڕۆستەم باجەلان )دا

نامەیەکە

پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر کراوە
بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی ماستەر لەئەدەبی کوردیدا

لەلایەن

محەمەد سالح عەبدولڕەحمان – بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی – کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین - ٢٠٠٧

بەسەرپەرشتی
پ.ی.د. کەمال موستەفا مەعروف

٢٧١٣ی کوردی ١٤٣٤ی کۆچی ٢٠١٣ی عیسایی

## ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیە (نامۆیی لە شیعرەکانی ڕۆستەم باجەلاندا) ، قوتابی (محمد صالح عبدالرحمن) ، بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین ئامادەکراو و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا .

واژوو

ناو : پ . ی . د. کەمال معروف موستەفا

بە پێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .

واژوو

ناو : د. جبار احمد حسین

سەرۆکی لیژنەی خوێندنی باڵا لە بەشی زمانی کوردی

ڕێکەوت : / / ٢٠١٣

**ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن**

**ئێمە ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆکردن و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیە کە بەناوی (نامۆیی لە شیعرەکانی ڕۆستەم باجەلاندا ) خوێندەوە و لەگەڵ قوتابیەکەدا دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی گفتوگۆمان کرد بڕیارماندا ، کە شایەنی ئەوەیە بە پلەی (        ) بڕوانامەی ماستەری لە ئەدەبی کوردیدا پیٚ بدرێت .**

**پ . د . ئیبراهیم ئەحمەد حوسێن**

**سەرۆکی لیژنە**

**/  / ٢٠١٣**

| | |
|---|---|
| **پ .ی . د . محمد دلێر محمدامین** | **د. ئیدریس عبدالله موستەفا** |
| **ئەندام** | **ئەندام** |
| **/  / ٢٠١٣** | **/  / ٢٠١٣** |

**ئەندام و سەرپەرشتیار**

**پ.ی.د. کەمال مەعرووف موستەفا**

**/  / ٢٠١٣**

**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێژی زمان – زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا.**

**پ.ی.د . شادان جەمیل عەباس**

**ڕاگری کۆلێژی زمان –زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر**

**/  / ٢٠١٣**

## وشه كورتكراوەكان

**چاپ : چ .**

**لاپەڕە : ل .**

**صفحه : ص .**

**گۆڤار : گ .**

**ژمارە : ژ .**

## پێشکەشە بە

- دایکی میهرەبان و گیانی پاکی باوکم و کاکم
- رۆستەم باجەلانی شاعیر .
- هاوڕێیانم لە ناوەندی پیرەمەگروون .
- مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی زمان .
- هاوڕێیانم لە خوێندنی بالاّ .

## پوختەی لێکۆڵینەوەکە

ئەم نامەیە کە بە ناونیشانی نامۆیی لە شیعرەکانی (ڕۆستەم باجەلان) دایە ، کە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە ، بەشی یەکەممان لە پێنج تەوەر پێکهاتووە . لە تەوەری یەکەمدا بۆ چەمك و پێناسەی نامۆیی تەرخان کراوە ، تەوەری دووەم نامۆیی و فەلسەفە ، تەوەری سێیەم ڕابەرانی ئەدەبی نامۆیی ، تەوەری چوارەم بزاڤی تەغریبی و ئەدەبی نامۆیی ، تەوەری پێنجەم زمانی شیعری نامۆیی لەلای ڕۆستەم باجەلاندا .

بەشی دووەممان بۆ باسکردنی ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نامۆیی ناخی مرۆڤ لە شیعرەکانی ڕۆستەم باجەلاندا تەرخان کردووە .

بەشی سێیەممان تەرخان کردووە بۆ باسکردنی جۆرەکانی نامۆیی دەرەوەی خودی مرۆڤ لە نێو شیعرەکانی ڕۆستەم باجەلاندا .

نامەکە بە هەندێ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان کۆتایی هاتووە .

# پێرست


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| I | ڕاپۆرتی سەرپەرشتیار |
| II | ڕاپۆرتی لێژنەی گفتوگۆکردن |
| III | ووشە کورتکراوەکان |
| IV | پێشکەشە بە |
| V | پۆختەی لێکۆڵینەوە |
| VI | پێرستی ناوەڕۆك |
| ١ | **پێشەكی :** |
| ٥-٥٠ | *** بەشی یەکەم : زاراوە و ئەدەبی نامۆیی** |
| ٥ | تەوەرەی یەکەم:-چەمك و پێناسەی نامۆیی |
| ١٥ | تەوەرەی دووەم: - نامۆیی و فەلسەفە |
| ٢٢ | تەوەرەی سێیەم:- ڕابەرانی ئەدەبی نامۆیی |
| ٣٠ | |
| ٤٤ | |
| ٥١-٧٨ | **بەشی دووەم : ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نامۆیی ناوەوەی خود لە شیعری ڕۆستەم باجەلاندا** |
| ٥١ | تەوەرەی یەکەم: - نامۆیی خودی |
| ٦٩ | تەوەرەی دووەم: - نامۆیی هزری |
| ٧٩-٩٢ | ***بەشی سێیەم: ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نامۆیی‌دەرەوەی خود لە شیعری ڕۆستەم باجەلاندا** |
| ٧٩ | تەوەرەی یەکەم: - نامۆیی کۆمەڵایەتی |
| ٩٠ | تەوەرەی دووەم: - نامۆیی ڕامیاری |
| ٩٣ | **ئەنجام** |
| ٩٥-١٠١ | **سەرچاوەکان** |
| ١ | * پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی |
| A | * پوختەی نامەکە بە زمانی ئینگلیزی |

# پێشەکی

# پێشەکی

نامۆیی لە چەندین ئاراستە و ڕەهەندی جیاوازەوە پەیوەندی بە سروشت و کەسایەتی و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و ژین و ژیاری مرۆڤەوە هەیە،ئەم بابەتە زیاتر بە مانای دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە ژینگە کۆمەڵایەتیەکەی ، یان دوورکەوتنەوەی لە خودی خۆی دێت. دیاردەیەکی مرۆڤایەتی کۆنە لەگەڵ زۆربوونی کێشەکانی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵدا زیاتر گەشەی کردووەو جۆرەکانی نامۆیی پەرەی سەندووە .

مرۆڤ ، وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی کۆن و هاوچەرخ ، لە دێرە زەمانەوە بەدەستی نامۆبوون وەك نەخۆشییەکی دەروونی دەتلێتەوە ، هەندێ فاکتەری خودی و بابەتی دەبنە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم جۆرە حاڵەتە ، بەشێوەیەك ژیانی لێ تاڵ دەکات ، لەوانەیە بگاتە ڕادەی بیرکردنەوە لەخۆ کوشتن و مردن ، بۆ ڕزگاربوون لە ناسووری و نا لەباری ژیانی نامۆیی .

نامۆیی ، یەکێکە لە دیاردە دەروونی و کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی مرۆڤی کۆن و هاوچەرخ ، کەوا بەشیوەی جیا جیاو ، لە شوێنی جیا جیا ، لەبەر چەند هۆکارێك تووشی هاتووەو ئۆەقرەی ئاسوودەیی لێ هەڵگرتووە ، هەندی جاریش ژیانی وا لێ تاڵ کردووە گەیشتووەتە ڕادەی ئەوەی خۆی بەکوشتن ، یان بە خۆ خنکاندن ، هەوڵی خۆ ڕزگاربوونی داوە لەو بارە نامۆیی تێیدا قەتیس ماوە .

لەنێوان نامۆیی و سۆزدا پێوەندییەکی کاریگەر هەیە ، کەوا نامۆیی دەبێتە سەرچاوەی تەقینەوەی کانگای سۆز . شاعیریش ، بەحوکمی ئەوەی مرۆڤێکی خاوەن ناسکترین هەستە ، لە حاڵەتی نامۆییدا دەبێتە خاوەن کاریگەرترین سۆزو لەنێو هۆنراوەکەیدا بەرجەستە دەبێت . هەروەها شاعیر زیاتر بایەخی بە بەرجەستەکردنی وێنەی ژیانی مرۆڤی نامۆ داوەو ، زیاتریش لەڕێی پەیڤە کاریگەرەکانی نێو هۆنراوەکەی هەوڵی دەربڕینی هەستی پەنگخواردووی ناخی مرۆڤی نامۆی داوە ، بۆیە بایەخدان بە لایەنی خستنەڕووی باری دەروونیی مرۆڤی نامۆ بووەتە یەکێك لە ڕەهەندەکانی شیعری کۆن و نوێی جیهانیی بەشیوەیەکی گشتی ، شیعری کوردیش لەم جۆرە دیاردەیە بێ بەش نەبووەو ، چەندین شاعیرمان هەیە بایەخی تایبەتییان داوە بە خستنەڕووی باری دەروونیی خۆیان ،

یـان کەسـانی دەوروبـەری خۆیـان ، ڕۆسـتەم باجـەلانیش یەکێکـە لـەو شـاعیرانەی ڕەهەنـدی نـامۆیی لـەنێو شیعرەکانی ڕەنگیـداوە ، بۆیـە بـە پێویسـتمان زانـی ئـەم لێکۆڵینەوە ئەکادیمییە لەبارەیەوە پێشکەش بکەین .

ڕۆسـتەم باجـەلان[1] ، خـاوەن ئـەزموونێکی شـیعریی زۆر باشـەو ، ئـەم لایەنـە هۆکارێکی هاندەر بوو بۆ پێشکەشکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە لە بارەیەوە ، تا ئێستا ئەم بەرهەمە شیعرانەی بەچاپ گەیاندووە :

١- ژان و دڵداری / ١٩٧٧

٢- شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەریدا /١٩٧٨

٣- سۆلێن / ١٩٨٠

٤- دڵدارەکەم لە شارێکی ترە / ١٩٨٠

٥- دەریا / ١٩٨١

٦- لەپێناوی تۆدا دەژیم / ١٩٨٢

٧- غ ە ر ی ب قەسیدەی تەغریبی / ٢٠٠١

٨- گرانەتا /٢٠٠٢

لە سۆنگەی ئـەوەی نـامۆیی یەکێکـە لـە ئەلقەکانی بەسـتنەوەی هـەردوو بـواری دەروونزانـی و کۆمەڵناسـی ، هـەروەها بـە حـوکمی ئـەوەی نـامۆیی ڕەهەنـدێکی کاریگــەرە لــە بوارەکــانی ئــەدەب و ڕەخنــەدا ، کــەوا بناغەیــەکی ســەرەکیی شەنگسـتەکانی ، یـان بنـەماکانی ، هەرسـێ ڕێبـازی ئـەدەبیی سـەدەی ڕابـردوو : بوونگەرایی ( وجودییەت )ی جان پۆل سارتەرو ناپابەندبوون ( اللامنتمی )ی کۆڵن ویلسۆن و بیهوودەیی ( عەبەسییەت )ی سامۆئیل بیکیت ، کەوا هەریەك لەمانە کەم یان زۆر لەنێو ئەدەبی هاوچەرخی کوردیی ، بەتایبـەتی لـەنێو بزاڤی تـەغریبیی کوردیی کۆتایی سەدەی ڕابردوو ڕەنگیداوەتـەوە ، بۆیـە بە پێویسـتمان زانـی ئـەم لێکۆڵینەوەی بەناونیشانی ( نامۆیی لە شیعری ڕۆستەم باجەلان ) پێشکەش بکەین ، چونکە ئەم شاعیرە یەکێکە لە سێکوچکەی بزاڤی تەغریبی ، کەوا لەگەڵ ( د.کمال مەعرووف و عەباس عەبدوڵڵا یوسف ) هەڵسووڕێنەری بوون .

---

[1]- ڕۆستەم باجەلان ، ساڵی ١٩٤٦ لە شاری هەولێر چاوی هەڵهێناوە و ، ساڵی ١٩٦٥ دەستی بە شیعر نووسین کردووە و ، ساڵی ١٩٧٣ خوێندنی زانکۆیی لە بەشی زمانی کوردیی کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواو کردووە .

پێش ئەم نامەیەی ئێمە (٣) نامەی ماستەری دیکە لەو بوارەدا پێشکەشکراونە :
١- نامەی ماستەری شیرین سەعید محەمەد سەعیدە بەناونیشانی ( نامۆیی لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا )یە ساڵی (٢٠٠١) پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە .
٢- نامەی ماستەری ئارام محەمەد قادرە بەناونیشانی ( نامۆیی لە شیعری کوردی / کرمانجی خواروو ١٩٧٥-٢٠٠٠ )یە ساڵی (٢٠٠٧) پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە . تێیدا باسی (٨) هەشت جۆری نامۆیی کردووە ، ئەمانەن : ( نامۆیی ئایینی – نامۆیی ڕامیاری – نامۆیی جوگرافی – نامۆیی کۆمەڵایەتی – نامۆیی ڕۆشنبیری – نامۆیی لە بوون – لەخۆ نامۆبوون – نامۆیی سۆزداری ).
٣- نامەی ماستەری سەرکەوت سەعدی قادر ، بەناونیشانی ( نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا )یە پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەددین کراوە و ، پاشتر لە ساڵی ٢٠١١ لەلایەن ئەکادیمیای کوردی لە هەولێر بەشێوەی کتێب چاپکرا . تێیدا (٨) جۆری نامۆیی باسکردووە ، ئەمانەن : ( نامۆیی خودی – نامۆیی کۆمەڵایەتی – نامۆیی ئابووری – نامۆیی ڕۆشنبیری – نامۆیی تەکنەلۆژی – نامۆیی سۆفیگەری – نامۆیی سیکسی – نامۆیی جوگرافی ) .

بۆ نووسینی ئەم لێکۆڵینەوەیە سوودمان لە هەردوو ڕێبازی وەسفی و شیکاری بینیووە ، بەهۆی ڕێبازی وەسفییەوە چەندین لایەنی نامۆیی لەنێو شیعرەکانی ڕۆستەم باجەلانمان خستۆتە بەر وسف بۆ دەرخستنی هەندێ لایەنی وردی ، هەروەها بەهۆی ڕێبازی شیکارییەوە هەوڵی باسکردنی هەندێ لایەنی حاڵەتەکانی نامۆیی نێو شیعرەکانی ڕۆستەم باجەلانمان داوە .

ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە ، کە بەناونیشانی ( نامۆیی لە شیعری ڕۆستەم باجەلاندا )یە ، لە پێشەکی و (٣) سێ بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان پێکهاتووە ، بەشی یەکەممان بۆ چەمك و پێناسەی نامۆیی تەرخانکرووە و ، بەشی دووەممان بۆ باسکردنی ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نامۆیی ناخی مرۆۋ لەنێو شیعرەکانی ڕۆستەم باجەلان تەرخانکردووە و ، بەشی سێیەممان بۆ باسکردنی

ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نامۆیی دەرەوەی خودی مرۆڤ لەنێو شیعرەکانی ڕۆستەم باجەلان تەرخانکردووە .

ئومێدەوارم ئەم لێکۆڵینەوەیە کەلینێکی لە ساختمانی ڕەخنەی هاوچەرخی کوردی پڕ بکاتەوە ، هەروەها ئومێدەوارین ئەم لێکۆڵینەوەیە ببێتە جێی ڕەزامەندی ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردنی نامەکەمان و سەرجەم خوێنەرانی .

# بەشی یەکەم :

# زاراوەو ئەدەبی نامۆیی

**تەوەرەی یەکەم:** چەمك و پێناسەی نامۆیی

**تەوەرەی دووەم:** نامۆیی و فەلسەفە

**تەوەرەی سێیەم:** ڕابەرانی ئەدەبی نامۆیی

**تەوەرەی چوارەم:** بزاڤی تەغریبی و ئەدەبی نامۆیی

**تەوەرەی پێنجـەم:** زمـانی شـیعری نـامۆیی لـەلای ڕۆسـتەم باجەلاندا

**تەوەرەی یەکەم:**

## چەمك و پێناسەی نامۆیی

**دەروون و ناخ و هزری مرۆڤ پێگە و سەکۆی گرمۆڵەبوون و ئاوێتەبوونی گەلێك بار و دیاردە و حالەت و كێشەی ئاریشەی فرە جەمسەرن، ئەم مەسەلانەش دوور و نزیك كاریگەری لە سەر رەفتار و گوفتاری مرۆڤ جێ دەهێڵن، یەكێك لەو دەرهاوێشتانەی كە لە ئەنجامی بچرانی مرۆڤ بە دەوروبەر ، یاخود رۆچوون بە نێو خودی خۆیدا دروست دەبێت، نامـــۆییە.**

**وشەی نامۆیی وەسفێكە بۆ ئەو كەسەی هەست بەوە بكات لەگەڵ دەوروبەرەكەی خۆیـدا ناگونجێـت ، هەرچـەندە " واژەی نـامۆیی وەك زاراوەیـەكی فەلســەفی ( Alienation ) لە كرداری (Alienate ) وەرگیراوە ، كە لە ڕەسەنە لاتینییەكەی (Alienatus ) وەرگـیراوە ، كـەوا بـە واتـای ئـەوەی خـاوەن خـودی خـۆی نییـە ، ئەمــەش بــە پێناســەیەكی میتــافیزیكی بــۆ واژەی نــامۆبوون دادەنرێــت "([2]) . هەرچەندە بەلای ( ڕیتشارد شاخت )ەوە " نامۆیی بە واتای تێكچوونی ئەقڵی دێت ، چونكە واژەی ( Alienato ) لە زمانی لاتینیدا بە واتای لەدەستدانی هۆش دێت ، یان ئیفلیجی و لە كاركەوتنی هێزە ئەقڵیەكان یان هەستەكانی مرۆڤ دێت "([3]) .**

**لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی ( اغتراب – نامۆیی ) لە ( غَربَ – يُغربُ – أغتَربَ – أغترابـاً ) وەرگـیراوە ، هەرچـەندە لـە زمـانی عەرەبیـدا وشـەی ( غُربە – ئـاوارەیی، تاراوگە – Estrangment ) ش هەیە ، كە بە واتای گۆڕینی شوێن ، یان گۆڕینی ژینگە و كۆمەڵ دێت . هەرچـەندە لـەبواری دەروونناسـیدا ئـەم زاراوەیـە بەشـێوەی نامۆیی دەروونی (Self – Estrangment) بەكاردێت ، كە نامۆیی خود یەكێ لە سیما سەرەكییەكانی . نامۆیی مەرج نییە هەمیشە خراپ بێت ، بەتایبەتی لەبواری**

---

[2]– علي محمد اليوسف – سيسيولوجيا الأغتراب ، قراءة نقدية منهجية في فلسفة الأغتراب ، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ٢٠١٠ ، ص١١

[3]– ريشارد شاخت – الأغتراب ، ت: كامل يوسف حسين ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، ١٩٨٠ ، بيروت ، ص٣١١

داهێناندا کاتێك مرۆڤی نامۆ داهێنەر بێت کارو بەرهەمێك بێنێتە ئاراوە جیاواز بێت لەگەڵ کارو بەرهەمە باوەکانی سەردەمی خۆی .

لە زمانی کوردیدا زاراوەی نامۆیی بە واتای ( أغتراب )ی عەرەبی و ( Alienation ) ی ئینگلیزی دێت ، کە بە واتای نامۆبوونی مرۆڤ لە خودی خۆی دێت ، واتە ئەو مرۆڤەی هەست بکات لەگەڵ ڕاستی ناخی خودی خۆی ناتەبایە .

هەروەها وشەی ( غەریب – نامۆ )مان هەیە بەو کەسە دەوترێت خەڵکی شوێنەکە نەبێت ، هەرچەندە لە کوردەواریدا فرێزی ( نامۆ بووە ) بۆ ئەو کەسە بەکار دێت ژنی لەغەیرە عەشیرەتی یان نەتەوە یان ئاینی خۆی بهێنێت یان شوو بکات . یان هەندێ جار دەوترێت ( بەنامۆیی سەری نایەوە ) بەواتای ئەوە لە غەیرە گۆرستانی گوندەکەی یان شارو وڵاتەکەی بنێژرێت .

کەواتە لەنێوان هەردوو وشەی ( نامۆیە )و ( بە نامۆ بووە ) لەڕووی واتاوە جۆرە جیاوازییەکی واتایی هەیە ، لە زاری کرمانجی ژووروودا وشەی نامۆیی بەواتای جێمان و تێکەڵ نەبوون بەکاردێت ، هەرچەندە لای سەرکەوت سەعدی قادر لە نامەی ماستەرەکەیدا (٦) شەش مانای جیاوازی وەك ( واتای زمانی – واتای یاسایی – واتای کۆمەڵایەتی – واتای دەروونی – واتای دەروونی کۆمەڵایەتی – واتای ئایینی) بۆ پەیڤی نامۆ یان هاڤی بۆ ئەم زاراوەیە دیاری کردووە([٤]) .

جۆرەکانی نامۆیی بەلای د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەدەوە پێنج جۆرە ، ئەمانەن: ( نامۆبوونی ڕامیاری ، نامۆبوونی شوێن ، نامۆبوونی شوێن ، نامۆبوونی کۆمەڵایەتی ، نامۆبوون لە خود ) و ، نامۆیی بەلایەوە " پەیوەستە بە باری دەروونی مرۆڤەوە ، کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر هەڵس و کەوتی تاك ، لە ناو پرۆسەی بەکۆمەڵ بووندا ، ئەو کاتەی مرۆڤ ناتوانێ بەشێوەیەکی ئاسایی و سروشتی وەك بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی ژیان بەسەر بەرێت و بە ئارامی و دوور لە دڵەڕاوکێ ئەرکەکانی جێ بە جێ بکات "([٥]) .

---

[٤] – سەرکەوت سەعدی قادر – نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا ، بلاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١١ ، ل١٣-١٤

[٥] – محمد دلێر امین محمد – شیکردنەوەی شیعری ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی نامۆبوون دا ، گۆڤاری دهۆك ، ژ/١ ، ٢٠٠٨ ، ل

نامۆیی زیاتر حاڵەتێکی دەروونییە تووشی مرۆڤ دەبێت پاش ئەوەی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆی دوور دەکەوێتەوە ، یان لەنێو ژینگەی کۆمەڵایەتی خۆیدا هەست بە نەگونجانی دیدو بۆچوون و ژیانی خۆی لەگەڵ کەسانی دەوروبەری خۆی لەنێو خێزان و کۆمەڵەکەی بکات . لێرەوە " تاك توشی ونبوون دەبێتو هەست دەکات ناتوانێت بە شێوەیەکی دروست حەزەکانی خۆیو ئاوات‌و هیواکانی ، وەکو خۆی دەیەوێت گوزارشتی لێوە بکات ، ئەو هەردەم لە دڵەڕاوکێ‌و پەشۆکاوی دەژی و هەست دەکات جێگای نابێتەوەو دنیای لێ تەنگ بووەو هەست بە سستی دەکات"([٦]) . ئەم جۆرە نامۆییە لەوانەیە بۆ نامۆیی پێکهاتەیی بگۆڕێت ، کەوا مەترسیدارترە ، چونکە ئەم جۆرە نامۆییە " لای ئەو کەسانە سەرهەڵدەدات هەست بە بزربوونی ژیانی تاکڕەوانەی خۆیان بەشێوەیەك دەکەن ، کەوا چەندین پێوەندی تیایە ، ڕێگا نادرێت بە گەڕانەوەیان "([٧]) . ئەم جۆرە نامۆییە لای قوتابیان بەرچاو دەکەوێت پاش تەواوکردنی ساڵانی خوێندن ، هەروەها لای ئەو گەنجانەی ژن دەهێنن و ئازادی و سەربەستی ژیانیان پێش ژنهێنانەکە لەدەست دەدەن .

نامۆیی بەلای ڕۆستەم باجەلانەوە ئەوەیە " هەرکە ! بوونەوەر بەدوای سەرەتاو کۆتایی وجودیخۆی دەگەڕێ و نایدۆزێتەوە ئەوا ، هەر لێرەوە دووچاری حاڵەتەکانی ئاوارەیی و ونبوون و بێزاری و بەنامۆکردن و نامۆیی دەبێ "([٨]) .

یەکێك لە کێشەکانی چەمکی نامۆیی زۆری پێناسەکانە ، کەوا هەر یەکەیان لە دیدەیەکی فەلسەفی ، یان ڕامیاری ، یان کۆمەڵناسی ، یان دەروونناسی سەرچاوەیان گرتووە . ئەم جۆرە پێناسە هەمە چەشنانە بۆ چەمکی نامۆیی لێڵی و تەمومژییەکی دروستکردووە ، کە " تەنیا لەبەر تەمومژی ماناکەی نا ، بەڵکو بەهۆی ئەو فرە پێناسانەی کە بۆی کراوە "([٩]) .

---

[٦] – یوسف عوسمان ، دەروونزانی ، وتارو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە ، هەولێر ، ٢٠٠٠ ، ل١٤٤

[٧] – قيس النوري – الإغتراب إصطلاحاً ومفهوماً وواقعاَ ، مجلة عالم الفكر ، المجلد العاشر ، العدد الاول ، ابريل ومايوو يونيو ، ١٩٧٩ ، ص٣٣

[٨] – هەڤپەیڤین لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، گۆڤاری نواڵەی نوێ ، ژمارە (٢٠)ی ساڵی دووەم

[٩] – محەمەد زەنون– ڕوانینێکی گشتی و مێژوویی بۆ نامۆبوون ، و: دیار عزیز شەریف ،گ/ڕامان ، ژ/٩١ ، ٢٠٠٤ ، ل٨٧ .

لـه زمـانی عەرەبیـدا وشـەی ( غربـه )و ( اغـتراب )و ( غريـب ) ( غرابـه ) هەیـە ، یەکەمیان ئاوەڵناوە زیاتر بۆنی واتای شوێنی لێدیێت و ، دووەمیـان چاوگە بۆنی واتای بەزۆر دوورخستنەوەی لێدیێت و ، سێیەمیان ناوە بۆ کەسی نامۆ و خـەڵکی ئەو گوند و شار و وڵات نەبێت بەکاردێت و ، چوارەمیان بۆ شت و کردەوەی سەیر بەکاردێت . واتـای هـەردوو وشـەی ( غربـه )و ( اغـتراب ) لـە فەرهـەنگی ( العين )ی الفراهیدی بەم شێوە هاتووە : ( الغُربَةُ : الأغترابُ عن الوطن ، وغَربَ فلانٌ عنا يغربُ غرباً ، وأغربتـهُ غربتـهُ أي نحيتـهُ ، والغربـة النـوى البعيـد "([10]) . هـەروەها واتای وشەی ( غربه – نامۆیی ) لە فەرهەنگی ( لسان العرب )ی ئیبن مەنزوور بەم شێوە هاتووە :" الذهاب والتنحي عن النـاس وقد غَرَبَ عنـا يغُربُ غَربـاً ، وغرب وأغرَب تغريباً : النفي عن البلد ، والغُربةُ والغَرب : النوى والبعد ، فيقال غربَ في الأرض وأغربَ إذا أمعن فيها ، والغُربةُ والغُرب ( بضم الغين ) والأغتراب والتغرب : النـزوح عـن الـوطن "([11]) . لـەم دوو پێناسـەدا زیـاتر نـامۆیی ( الغربـه )و بـەنامۆبوون ( الاغـتراب ) بـەواتای دوورکەوتنـەوەو دووری لـە خـاك و وڵات ڕادەگەیەنێت .

لەزمانی ئینگلیزیدا " بنجی لاتینی وشـەی نـامۆیی بریتییـە لـە ( alienatio ) مانای ئەم وشەیەش لە فرمانی ( alinare ) هاتووە ، کە بـە مانـای گواستنەوەی شتێك دێت بۆ کەسێکی تر کە دەبێتە خاوەنی ، یان بە مانای داماڵین و لابردن دێت ، ئەم کارەش بۆ خۆی لە کارێکی ترەوە وەرگیراوە ، کە ( alienus )ە ، کە بەمانای ئینتیما بۆ کەسێکی تـر یـان خۆپێهەڵواسین دێـت ، کـاری( alienus )لە وشەی ( alius ) وەرگیراوە جا ناو بێت یان ئاوەڵناو "([12]).

سیگموند فرۆید ، وەك زانایەکی دەروونشیکاری بەناوبانگ ، خاوەن بۆچوونی تایبەتی خۆیەتی بۆ چەمکی نامۆیی . بەلای فرۆید " نامۆ بوونی مرۆڤ

---

[10] – ابو عبد الرحمن الخليل بن احمد الفراهيدي – كتاب ( العين ) ، تحقيق : د، مهدي المخزومي ود. ابراهيم السامرائي ، دار الشؤون الثقافية ، ط/٢ ، ج/٤ ، ١٩٨٦ ، ص ٤١٠–٤١١

[11] – ابن منظور– لسان العرب ، دار صادر ودار بيروت للطباعة والنشر ، بيروت ، ١٩٥٦، ص٦٣٧–٦٣٩

[12]– ڕیتشارد شاخت – الاغتراب ، ص ٦٧.. لە کتێبی ( سەرکەوت سەعدی قادر – نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا ، بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١١ ) وەرگیراوە .

دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو کۆتو بەندەی کە لە پێوەرو یاسا کۆمەڵایەتیەکاندا دەردەکەوێتو لەسەرچالاکییە غەریزەییو بایەلۆژیەکانی مرۆڤ لەڕێگەی دامەزراوە کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریو ماددییەکانی کۆمەڵەوە دەسەپێنرێ وەکو پێوەرێك نابێ مرۆڤ لێی لابدات ، ئەم نامۆبوونەش هەر لە سەرەتای تەمەنی منداڵییەوە دەست پێدەکات"[13].

ئەریك فرۆم ، یەکێکە لە شاگردەکانی قوتابخانەی دەروونشیکاریی فرۆید ، خاوەن تێروانینی تایبەتی خۆیەتی لەبارەی نامۆییەوە ، کەوا بەلایەوە مرۆڤی نامۆ " پێوەندی لەگەڵ خودی خۆیدا بە هەمان شێوە پێوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا لەدەست دەدات "([14]) . دەکرێت ئێمەیش لەبارەی پێناسەی نامۆیی وەك سەرکەوت سەعدی قادر بڵێین : " بوونی پێناسەیەکی دیاریکرا و نەگۆڕ بۆ بابەتێکی فراوان و زیندووی وەکو نامۆ بوون ، کە هەموو لایەنە جیاوازەکانی ئەم بابەتە لەخۆ بگرێت کارێکی ئەستەمە ، چونکە ئەم بابەتە ئەمڕۆ بۆتە مایەی چاوتێبڕینی زۆریك لە شارەزایان و بیرمەندان و بۆچوونی جیاجیا و تێڕوانینی هەمە جۆری ئاڕاستە دەکرێت و لە گۆشە نیگای جیا جیاوە لێی کۆڵدراوەتەوە ، ئەمەش وای کردووە پێناسەکانیش جیاواز و فرە لایەن بن "([15]) .

نـامۆیی بـەلای ( ادیـب کیرزیـل ) حاڵـەتێکی دەروونـی کۆمەڵایەتییـەو ، لـەم بارەیـەوە دەڵێـت :" نـامۆیی حاڵـەتێکی دەروونـی کۆمەڵایەتییـە بەسـەر تاکدا زاڵ دەبێت و وای لێدەکات نامۆ بێت و لە واقیعە کۆمەڵایەتییەکەی دوور بێت "([16]) ، بەڵام نامۆیی بەلای کەریم شەریف قەرەچەتانی یەوە" دیاردەیەکی دەروونییـەو لـە ئەنجامی کارلێکردنی کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتییـەوە دروست دەبێت ، لەوانـە هەژاری و لێقەومان و کارەساتی دڵتەزێن و نەبوونی هێز و پاڵپشت و پەناو ، چارە

---

[13] – کەمال فارۆق– فرۆیدیزمو نامۆبوونی مرۆڤ ، گۆڤاری کاروان ، ژ/١١٥ ، ١٩٩٧ ، ل١٤

[14] – ڕەفیق سابیر – نامۆبوون لە چیرۆکەکانی حوسێن عارف دا ، گ/گەلاویژی نوێ ، ژ/٢ ، ١٩٩٧ ، ل٣٥

[15] – سەرکەوت سەعدی قادر – نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاح عومەردا ، ل١٦

[16] – عبدالامير محسن عودة الكزاز – الغربة والأغتراب في الشعر الكويتي والبحريني ، رسالة ماجستير مقدمة الى مركز دراسات الخليج / جامعة البصرة ، ١٩٨٩ ، ص٦

**سەرنەکردنی گرفتەکانی ژیان بەشێوەیەك تاك هەست بکات پشتگوێ خراوە و بێ بەها و نرخێکی لە ژیاندا نییە "([١٧]) .**

**زۆر جار مرۆڤی دوور کەوتوو لە کۆمەڵ و نیشتیمانی خۆی تووشی هەستکردن بە نامۆیی دەبێت ، یان تووشی نەخۆشی ماڵ ( هۆم سك ) دەبێت ، واتە نەخۆشی سۆز بۆ خێزان ، لەم حاڵەتە ئەگەر مرۆڤە نامۆکە کەسێکی ڕۆشنبیر ، یان ئەدیب بوو ، ئەوسا نامۆبوونەکە زۆر کاریگەرتر دەبێت لەڕووی هزری و دەروونییەوە . بۆیە ئیدوارد سەعید لەبارەی ئەم جۆرە نامۆییە ئەم جۆرە پێناسەیە دەنووسیت " نامۆییەکە وا دەکات کەسی نامۆ و ئاوارە بەهەڵواسراویی ژیان بباتە سەر ، چونکە نە لەگەڵ دەوروپشتە نوێکەیدا بەتەواوی دەسازێ و نە بەتەواویش لە ڕابردوو دەپچڕێت ، نیوەی گەشتە و نیوەی کۆچە ، لەلایەك حەسرەتی نیشتیمان خواردنەو لەلایەکی دیکەوە خۆنیشاندانە بەهاوڕەنگیی لەگەڵ تاکە نوێکانی دەوریدا ، ئەمە جگە لە تەنهاییە شاراوەکەی "([١٨]) .**

**نامۆیی بەلای د.حەسەن جهادەوە " حاڵەتێکە لە دابڕان لەنێوان مرۆڤ و حودو کردەوەکانی ، یان لەنێوان خۆی و خەڵکانی دیکە یان شتومەك و دامودەزگاکان. ئەم حاڵەتە بەشێوەیەکی وشیاری یان بێ وشیاری ڕوودەدات ، پاشتر ئەنجامەکانی لەوانەیە ئەکتیڤانە بێت وا لە مرۆڤەکە دەکات بەرەو ڕزگاربوونی و پەرەپێدانی خودی خۆی و تواناکانی ، یان ئەنجامەکەی نەگەتیڤانە بێت دەبێت ڕێگر بەشێوەیەك دەبێتە مایەی لەناوبردنی خودی مرۆڤایەتی "([١٩]) .**

**نامۆیی بەلای حمە رضا حمە امین نور محمد لە نامەی ماستەرەکەیدا (** الغربة والحنين في شعر الفتوحات الاسلامية من عصر صدر الاسلام الى نهاية العصر

---

**[١٧]– کەریم شەریف قەرەچەتانی – هەندێ نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەڵایەتی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ١٩٩٩ ، ل٥٤**

**[١٨]– ئیدوارد سەعید – نامۆیی ڕووناکبیران ، و: ئەبە بکر خۆشناو ، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ، ژ/١٠، ت٢–١٩٩٨**

[١٩] – د. حسن جهاد – الإغتراب الوجودي دراسة في جدل الصراع بين الرغبة في التفرد وغواية الإمتثال ، دار هلا للنشر والتوزيع ، مصر ، ٢٠٠٨ ، ص٥١

**الامـوي ) يـان بـه واتـاى چـوونه ، يـان بـه واتـاى دووركەوتنـەوه ، يـان بـەواتاى دوورخستنەوه ، يان كۆچ كردن له نيشتمان و كەسوكار و خۆشەويستانه([20]) .**

**نامۆيى بەلاى احمد حاجم محمد لـه نامـەى ماستـەرەكەيدا ( الغربـه والحنين فى الشعر العربى الاندلسى ) ئەزموونێكى مرۆيى ئازار بەخشه ، هەروەها بەلايـەوه بـه واتـاى دووركەوتنـەوه لـه خـاك و ولأت ديـت ، لـەم بارەيـەوه دەلێـت " نـامۆيى هەرچونێك بێت ئەزموونێكى مرۆيى ئازار بەخشه ، پەرداخێكه زۆر كـەس تاڵييـان چێژتووه ، شاعير كاتێك له ولأت و خۆشەويستەكانى و ميللەتەكەى كۆچ دەكات به قووڵى هەست به نامۆيى دەكات ، هەروەها هەست بـه سۆز دەكـات ، چـونكه سـۆز بەلايەوه به واتاى هەڵپه بۆ ولأت يان خاكى بەتالْ بەقەد ئەوەى سۆزەكه بۆ خـاك و نيشتەجێبووەكانيەتى له كەسوكار و يار و دۆستەكانيانێتى "([21]) .**

**نامۆيى بەلاى صاحب خليل ابراهيم له نامەى ماستەرەكەيدا (** الغربة والحنين في الشعر العربي قبل الاسلام **) ئەشكەنجەو ئازارو كروزانەوەيه مرۆڤ لەڕێى كردەوەو وتنـەكانى دەيچـێژێت و ، لـەم بارەيـەوه دەلێـت " نـامۆيى ئەشـكەنجه و ئـازار و كروزانەوەيه ،مرۆڤ لەڕێى كردەوه و وتنەوكانى دەيچێژێت و ، زياتر ڕەنگدانەوەى ئـەو بارودۆخـه ناخۆشـەيه تێيدا دەژێـت ، چ لـه دووركەوتنـەوەى لـه ولأتـى ، يـان دووركەوتنــەوەى لــه كەســوكارو هۆزەكەيــەتى ، يــان دووركەوتنــەوەى لــه خۆشەويسـتەكانى ، يـان دووركەوتنـەوەى لـه ياريـەكانى سـەردەمى منـاڵێتى و هەوارگەى دڵدارێتى ، يان له هەستكردنى بەنامۆيى خود تا ڕادەى ئـەوەى هەست به نامۆيى بكات له چاوى ئەوانەى خۆشى ويستوون "([22]) .**

**نامۆيى بەلاى (** محمد راضى جعفر **) له كتێبەكەيدا (** الأغتراب في الشعر العراقي **– نامۆيى له شيعرى عێراقيدا )" دياردەيەكى كۆنه هەروەك كۆنيى مرۆڤ لەم دنيادا ، كـەوا لەگـەڵ دروسـتبوونىكۆمەڵگا سـەرەتاييەكان لەگەڵيـداو لەسـايەدايه ئـەو**

---

[20]– حمه رضا حمه امين نورالدين – الغربة والحنين في شعر الفتوحات الاسلامية من عصر صدر الاسلام الى نهاية العصر الاموي ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب / جامعة صلاح الدين ، ١٩٩٧ ، ص٥

[21] – احمد حاجم محمد – الغربة والحنين في الشعر العربي الاندلسي ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب / جامعة بغداد ، ١٩٨٣ ، ص ١١

[22] – صاحب خليل ابراهيم – الغربة والحنين في الشعر العربي قبل الاسلام ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب / الجامعة المستنصرية ، ايلول / ١٩٨٨ ، ص ٩

**گیروگرفتانــه بەشـێوەیەك لــە شـێوەكان جۆرەكـانی نـامۆیی پەیـدابوون مــرۆڤ بەدەسـتیانەوە دەینالێنـدو ، بـەپێی توانـای مـادی و گیـانی بەرهەڵسـتی كـردو ، لەوانەیـە بـەرەو ئاقـاری یـاخی بـوون بیبـات ، یـان بـەرەو خـۆ بەدەسـتەوە دان و كۆشەگیری بەسەر خوددا بیبات "([٢٣]) .**

**بەلای احمد مشاری العدوانی لە لاپـەرە (٩٢)ی كتێبەكەیدا ( الأغتراب اصطلاحا ومفهوما ) نامۆیی یان بە جەستەیە واتە نامۆیی نیشتمانی ، یان بە كردەوەیە واتە نامۆیی دەروونییە ، یان بە توانستییە واتە نامۆیی گیانییە([٢٤]).**

**نامۆیی بەلای ئارام محەمەد قادرەوە ، وەك لـە نامـەی ماسـتەرەكەیدا ( نـامۆیی لـە شـیعری كوردیـدا – كرمـانجی خـواروو (١٩٧٥–٢٠٠٠) هـاتووە " نـامۆیی یـاخرد نامۆبوون ( Alienation) مەبەست لەو حاڵەتەیە كە مرۆڤ نامۆییانەلەگەڵ خۆیدا ژیان بەسەر دەبات ، یاخۆد بە خودی خۆی نامۆ دەبێت و ناتوانێت لەگەڵ كۆمەڵ و دەوروبـەردا بـە جـۆرێكی ئاسـایی و سروشـتی ژیـانی خـۆی وەك بونـەوەرێكی كۆمەلأیەتی درێژە پێبدات "([٢٥]) . ئەم لێكۆڵەرە لە سەرەتای نامەكەیدا ئاماژە بەوە دەكـات " ئـەم كێشـەیە ، كێشـەیەكە تـەنها ئـادەمیزاد دووچـاری دەبێـت و هـیچ زیندەوەرێكی تر تووشی ئەم كێشەیە نابێت "([٢٦]) . ئەم بۆچوونە بەلامانـەوە زۆر زانستی نییە ، چونكە هەندێ گیانلەبەر كاتێك لەلایەن مرۆڤەوە ڕاو دەكرێن و لەنێو قەفەسدا بەزۆرەملێ بەند دەكرێت بەشێوەی تایبەتی خۆی ڕادەو هەسـتی نـامۆیی خـۆی دەردەبریـت ، تەنانـەت هەنـدێكیان لـە خـواردن مـان دەگرێـت ، یـان هـەوڵی خۆكوشتن دەدات . بۆ نموونە بولبول ئەگـەر توانـای خۆگونجانـدنی نـەبێت لەگـەڵ ژیانی ناو قەفەسەكەی ئەوا لە زیكـە زیك دەكـەوێت و بـەزۆر سـەری خـۆی دەكاتـە نێوان دارەكانی قەفەسەكەی و خۆی دەكوژێـت ، هـەروەها شـێر ئەگـەر پێـی نـەكرا تەڵبەندی قەفەسەكەی بشكێنێت ، تووشـی جـۆرە نامۆییـەك دەبـێ تونـدتر دەنگـی شێرانەی خۆی دەردەبرێت و هەوڵی پـەلاماردان دەدات . ئێمـە لێـرەدا زۆر جـەخت**

---

[٢٣]– د، محمد راضي جعفر _ الأغتراب في الشعر العراقي ، مطبعة اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ١٩٩٩ ، صB

[٢٤] –صاحب خليل ابراهيم – الغربة والحنين في الشعر العربي قبل الاسلام ، ص١٣

[٢٥] **– ئارام محەمـەد قـادر – نـامۆیی لـە شـیعری كوردیـدا – كرمـانجی خـواروو (١٩٧٥–٢٠٠٠) ، نامـەی ماسـتەرە پێشكەشی زانكۆی سلێمانی كراوە ، ٢٠٠٧ ، ل٥**

[٢٦] **– هەمان سەرچاوە ، ل٥**

ناکـەین بەسـەر پێچـووی بولبـول یـان بەچـکە شـێر کـەوا ئەوەنـدە فێـری ژیـانی سەربەسـتی دەرەوەی قەفەسـەکەی نـەبووە ، بۆیـە خیراتـر لەگـەل ژینگـەی نـاو قەفەسەکەی ڕادێت ، بەڵام هەرچونێك بێت مەبەستمان ئەوەیە نەك تەنیا مرۆڤ ، بـەڵکو هـەموو گیانلبـەرێك لەوانەیـە تووشـی نـامۆیی بێـت ئەگـەر لـە شـوێنی ڕاستەقینەی خۆی دوور خرایەوە ،هەروەها بەلای ئەم لێکۆڵەرە " نامۆبوون وەك دیاردەیەکی مرۆڤایەتی لە هەموو ڕژێم و ئاستێکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدایە و ، تیایـدا تـاك توانـا و هەسـتی پەیوەنـدییان بـە کۆمـەڵ و ئەوانـەی تـرەوە لـە دەسـت دەدەن و، دەستەو وەستان دەبن لە ئاست وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی کۆمەڵ و ، دۆخێکی نا سروشتی و نا لەبار لە مرۆڤدا بەرهەم دەهێنێت "([٢٧]) .

ئەم بۆچوونە وانییە ، واتە مرۆڤی نامۆیی نێو کۆمەڵ زۆر جار سەرهەڵدەگرێت بۆ شوێنێکی دەرەوەی ژینگەکەی ، یـان بـە نووسـین هێـرش دەکاتـە سـەر بـارودۆخی کۆمەڵەکەی ، یان ئەگەر هیچی پێ نەکرا ئەوا خۆی دەکوژێت . کەواتە زۆربەی هەرە زۆری نامۆ بووەکان دەستەو وەستان نابن بۆ وەڵامدانـەوەی کۆمەڵەکـەیان ، بـەڵکو بەپێی توانا خاوەن بەرپەرچدانەوەی خۆیان دەبن بەرانبەر هۆکاری نامۆبوونەکەیان .

هەروەها احمد مشاری العوادی لـەو باوەڕەدایـە " نـامۆیی یەکێکـە لـەو گرفـت و قەیرانە دەروونی و کۆمەڵایەتیانەی ، کە لە ژێر چەند هۆکارێکدا دووچاری مـرۆڤ دەبێـت و ، سەرچاوە و فاکتـەرەکانی ( نـامۆیی ) دەرەکین و ، لـە سەرچاوەیەکی دەرەکییـەوە کـار دەکەنـە سـەر مـرۆڤ و هەسـت و هـۆش و کەسـایەتییەکەی ، بـەڵام ئاکام و ئەنجامەکەی یەکن ، ئەویش دابڕانی مرۆڤە لە کەسایەتیە ڕەسەنەکەی خۆی و شـێواندن و ئـاڵۆزبوونی ژیانــە ئاسـایی و سروشـتییەکەی و گۆڕینیـەتی بـۆ کەسایەتیەکی تر لەگـەڵ ئـەرك و پـەیام و بەها و ئامانجـە ڕەسـەناکانی دا ناتـەبا و ناکۆك دەکەوێتەوە "([٢٨]) . بەلامانـەوە مـەرج نییـە هـەموو هۆکارەکـانی نـامۆیی بـۆ فاکتەرە دەرەکییەکان بگەڕێنینەوە ، چونکە هۆکاری هەندێ جۆری نامۆیی خاوەن فاکتەری خودین ، بۆ نموونە لەخۆ نامۆبوون و لەبوون نامۆبوون خـاوەن فاکتـەری

---

[٢٧] – هەمان سەرچاوە ، ل٦

[٢٨] – هەمان سەرچاوە ، ل٨

**ناوخۆیی خودی مرۆڤە نامۆیەکەیە کاتێك ڕادەی بێزاری ناخی مرۆڤ ئەوەندە بەرز بێتەوە وای لێدەکات هەست بە نامۆیی بکات ، بە تایبەتی ئەم حالەتە نامۆییە لای مرۆڤی ڕۆشنبیری خاوەن بڕوانامە ، یاخود خاوەن جۆرە ئاستێکی تێگەیشتن بێت .**

## تەوەرەی دووەم :

## نامۆیی و فەلسەفە

ئەگەر فەلسەفە بە واتای زانستی زانستەکان بێت ، ئەوا نامۆیی وەك ڕەهەندێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی یەکێکە لەو بوارە مەعرفییانەی جۆرەکانی فەلسەفە خۆیان لـە قـەرەی داوەو بایـەخی تایبـەتیان پێـداوە و، لـە بارەیـەوە هەنـدێ بیروڕایـان خستۆتەڕوو . هەروەك چۆن دیدی فەیلەسوفان لەبوارەکانی مەعریفەتدا جیاوازە ، بەهەمان شێوە فەیلەسوفان خاوەن دیدی جیاواز بوون لەبارەی سروشتی نامۆبوون وەك دیاردەیەکی مرۆیی .

دەکرێ سەرەتای پەیدابوونی دیاردەی نامۆیی بۆ سەردەمی فێربوونی کشتوکاڵی بگەڕێنینـەوە ، کـەوا بـە قۆنـاغی دووەمـی پـاش سـەردەمی فێربـوونی ڕاوکـردن لـە مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت ، چونکە لەو سەردەمەی فێربوونی کشتوکاڵی مرۆڤ پـاش ماوەیـەك دیـاردەی نـامۆیی لای دەسـتی بـە سـەرهەڵدان کـرد ،پـاش ئـەوەی بەرهەمە کشتوکاڵییە وەبەرهەمهێنراوەکە بووە نامۆ لای مرۆڤـە بەرهەمهێنەرەکـە و کەسێکی دیکە بە کڕین یان بە گۆڕینەوە بووە خـاوەنی ڕاسـتەقینەی ئـەو بەرهەمـە کشتوکاڵییە .

دەشـێ سـەرەتای بایەخـدانی فەلسـەفە بـە نـامۆیی بـۆ سـەردەمی یۆنـانی کـۆن بگەڕێنینەوە ، چونکە دەمێکە سوقرات وتوویەتی " خۆت بـە خـۆت بناسـە "([٢٩]) ، واتە مرۆڤەکە خۆی باشتر بەخودی خۆی دەزانـێ و ، باشـتر هەسـت بـە نـامۆبوونی خۆی دەکات .

هەروەها دەکرێ داستانی ( گلگامش ) بە کۆنترین داستان دابنرێت ، کە باسی لە نامۆبوونی مرۆڤی کردووە ، چونکە گەڕانی گلگامیش پاشای بابلی کـۆن بـە دوای گژوگیای نەمریدا دەلالەتی نامۆبوونی گلگامیشە لە ژیانی ئاسـایی خۆیـدا ، کـەوا مردن هەموو کەسێکی سەر ڕووی زەمین بۆ خۆی هەڵدەلۆشـێت و ، نـا دروسـتی و بێ بەهای ژیان بەرجەستە دەکات .

---

٢٩- حسن حنفي – الإغتراب الديني عند فيورباغ ، مجلة عالم الفكر ، المجلد العاشر ، العدد الاول ، ابريل ومايوو يونيو ، ١٩٧٩ ، ص٤٦

جـان جـاك رۆسـۆی سویسـری (١٧١٢–١٧٧٨) خـاوەن كتێبـی ( گرێبەسـتی كۆمەڵایـەتی ) بـە یەكـەمین بیرمەنـدی ئـەوروپایی دادەنرێت بایـەخی بـە دیـاردەی نامۆیی دابێت ، بەلایەوە " نامۆیی بریتییە لە دەست هەڵگرتنی مرۆڤ لە مافی خۆی هەنـدێ جـاریش لـە خـودی خـۆی لـەپێناو گشـت لـەنێو كۆمەڵـدا بەشـێوەیەك هەریەكـەیان دەبێتـە نـامۆ بۆ ئـەوەی دیكـە "([٣٠]) . ئـەم جۆرە نامۆییـە بـە نـامۆیی ئەكتیڤانـە دادەنرێت ، چونكە خـودی مرۆڤەكە بەسـەر خۆیدا داناخرێت ، بـەڵكو جۆری نامۆییەكـە دەبێتـە فاكتـەرێك بـۆ زیـاتر خزمـەتی كۆمەڵەكە لـەڕێی دەسـت هەڵگرتنی لە خودی خۆی .

هیگل (١٧٧٠–١٨٣١ ) ، ناودارترین فەیلەسووفی ئایدیۆلیستی سەدەی هەژدەهەم دەژمێردرێت ، خاوەن تێروانینی خۆی بوو لەمەڕ نامۆبوونی ئایینی ، پاش ئەوەی مرۆڤـی ئـەوروپایی لەسـەدەكانی تاریكیـدا ، یـان سـەدەكانی دەسـەڵاتی كلێسـە ، لەوپەری ناخۆشیدا دەژیان ، تەنانەت مرۆڤی ڕۆشنبیری سەرپێچكەر تووشی سزای لەسیدارەدران دەبوو ، باشترین نموونە گالیلۆی زانا بوو .

هیگـل ، وەك خـاوەن قوتابخانەیـەكی فەلسـەفی ئایدیالیسـتی لـە ئـەڵمانیا ، لـەو باوەڕەدابوو " زانراو نەزانراوە ، چونكە زانراوە "([٣١]) . بۆ نموونە نامۆیی ئـایینی وەك دیاردەیـەكی زانـراو لـەو سـەردەمەی ئـەڵمانیاو ئـەوروپا هەرچـەندە مرۆڤـی مەسـیحی دركـی پێـدەكرد ، بـەڵام بـەلای هـەرە زۆربـەیان نـەزانراو بـوو . هـەروەها (هیگل) یەكەمین فەیلەسووفە دوو واتای بـە زاراوەی نـامۆیی بەخشـی بەهۆیانـەوە لەهـەردوو نـامۆیی كۆمەڵایـەتی و نـامۆیی خـودی كۆڵییـەوە([٣٢]) ، تێیـدا واتـای جیابوونــەوەو دابڕانــی ڕوونكردۆتــەوە لــەنێوان تاكەكــەو كۆمەڵەكــەی بــەهۆی گەیشتنیان بە دژایەتی پاش ئەوەی هاویەك بوون .

فیۆرباخ (١٨٠٤–١٨٧٢) وەك شاگردێكی ناوداری قوتابخانەی هیگل ، باشترین فەیلەسـۆفی ئایدیالیسـتی ئـەورۆپای سـەدەی نۆزدەهەمـە . بەلایـەوە لـە كتێبـی ( گەوهەری مەسیحییەت ) مرۆڤ بەهای ( ماهیەتی ) تەواوی بەخوا بەخشیو بەهای

---

[٣٠]– نسرين محمود الشرادقة – الإغتراب في شعر أمجد ناصر ، عالم الكتب للنشر والتوزيع ، الاردن ، ٢٠١٢ ، ص٢٥

[٣١]– د. حسن جهاد – الإغتراب الوجودي ، ص٥١

[٣٢]– نسرين محمود الشرادقة – الإغتراب في شعر أمجد ناصر ، ص٢٥

( ماهیەتی )ی ناتەواوی بە خۆی بەخشی . هەروەها بەلای فیۆرباغەوە خوا خاوەن بەها( ماهیە )یەکی بێ کۆتاییە ، بەلاّم مرۆڤ خاوەن بەها(ماهیە)یەکی کۆتاییدارە ، بۆیە گەوهەری خوا گەوهەرێکی ڕاستەقینەیە کەچی مرۆڤ خاوەن گەوهەرێکی ناڕاستە([٣٣]) ، هەر ئەم لایەنەی سەرگەردانی مرۆڤ دەبێتە مایەی نامۆیی ئایینی لای مرۆڤ بەلای فیۆرباغەوە . نامۆیی ئایینی بەلای فیۆرباغەوە " بنەمای هەموو جۆرێکی نامۆبوون فەلسەفی یان کۆمەلاّیەتییە .. نامۆیی ئایینیش ئاسانترین و خێراترین و ڕاستەوخرترین نامۆییە "([٣٤]) . واتە هۆکاری ئایینی گەورەترین فاکتەری گرنگی نامۆبوونی مرۆڤەو ، بەلایەوە " مرۆڤ پێچەوانەی ئەوەی لە ناخیدایە شتێکی دەرەکی دەپەرەستێت و خۆی دەخاتە ژێر کۆنترۆڵی ئەو شتانەی ، کە خۆی دروستیکردوون و مانای پێیان بەخشیووە ، لەمەشەوە دروستکەر – الخالق – کە مرۆڤە دەبێتە دروستکراو و – المخلوق – دروستکراو کە خوا و کەنیسەن دەبنە دروستکەر "([٣٥]) . واتە لەگەڵ گەرانی مرۆڤی ناو خێزان و کۆمەڵ بەدوای دروستکەرەکەی ئەوسا دیاردەی نامۆیی لە ناخیدا دەست بە چەکەرە دەکات تا دەگاتە حاڵەتی دابڕانی لەو خێزان و کۆمەڵەی تێیدا دەژێت ، واتە مەبەستی فیۆرباغ زیاتر زاهیدەکانە و ئەو کەسانەی دەچنە خەڵوەتەوە بۆ خواپەرستن تا زیاتر خالقەکەیان باشتر لە نزیکەوە بناسن .

لە فەلسەفەی ئایدیالیستیدا مرۆڤ کاتێ بەهای خۆی دەدۆزێتەوە ، کە زیاتر لە خوا پەرستیدا قووڵ ببێتەوە ، چونکە مرۆڤ لەنێو کۆمەڵەکەیدا وێڵەو ناگاتە ئارامی دەروونیی تا نەگات بە دوزینەوەی دروستکەرەکەی ، کە خوای مەزنە . بنەماکانی فەلسەفەی ئایدیالیستی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی فەیلەسوفانی گریک وەك ئەبیقرات و سوکرات و ئەفلاتۆن ، کەوا بەلایانەوە پەرستنی خواوەندەکانی ئەو سەردەمە دەبووە مایەی ئارامی مرۆڤ و دوورکەوتنەوەی لە نامۆیی . ئەم جۆرە پەرستنی خواوەندێك لەنێو سەرجەم ئایینەکانی جولەکەو مەسیحییەت و ئیسلام بەرچاو دەکەوێت ، بەلاّم لە هەندێ ئایینی وەکو ئیزدی و کاکەیی و یارسان

---

[٣٣] – حسن حنفي – الإغتراب الديني عند فيورباغ ، ص٥٣

[٣٤] – حسن حنفي – الإغتراب الديني عند فيورباغ ، ص٤٤

[٣٥] – ئارام محەمەد قادر – نامۆیی لە شیعری کوردیدا – کرمانجی خواروو ، ل١٠

باوەڕدار بە نهێنی دابونەریتەکانی ئایینەکە ڕادەپەڕێنێ ، واتە ناچارە بە نامۆیی باوەڕەکانی خۆی پیادە بکات .

دوای سەردەمی بووژانەوە زەمینە باشتر ڕەخسا بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفەی ماتریالیزم ، چونکە لە سەدە تاریکەکانی ئەوروپا لە ماوەی سەدەکانی (٢-١٤ )ی زایینی ، دەسەڵاتی کلێسە زۆر بەخراپی خۆی نواند ، تەنانەت نەیارانی کلێسە لە ئەو پەڕی نامۆیی دەژیان ، بەڵام دوای سەدەکانی بووژانەوە (١٥-١٧) فەلسەفەی ئایدیالیستی بەرە بەرە ڕێگای چۆڵ دەکرد بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفەی ماتریالی ، کەوا کارل مارکسی فەیلەسووفی ئەڵمانی باشترین ڕابەرەکانی بوو .

فیختە (١٧٦٢-١٨١٤) بە ڕابەری ئەو فەیلەسووفانەی ئەوروپا دادەنرێت ، کەوا نامۆیی کردە چەمکێکی فەلسەفیی نوێ و ، بەلایەوە " نامۆیی خود جیهانێکی ڕووت لە ژیان و لە ململانێ خەڵقکرد "([٣٦]) .

کارل مارکس (١٨١٨-١١٨٨٢) یەکێکە لەو کەسانەی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لە ئەڵمانیا لە بواری فەلسەفەدا ناوبانگی دەرکرد ، بە تایبەتی لە بواری ئابووریدا ، پاش ئەوەی کتێبە ناودارەکەی ( سەرمایە - راس المال ) بەچاپ گەیاند . کارل مارکس لە دیدەیەکی مرۆڤایەتییەوە دەیروانییە کێشەکانی مرۆڤی سەردەمی خۆی ، کە مرۆڤ بەلای مارکسەوە بەنرخترین سەرمایەیە ، بەڵام مارکس زیاتر خەمخۆری چینی کرێکاران بوو ، چونکە بەلایەوە گەورەترین چینی چەوسێنراوەیە بە دەستی چینی سەرمایەداری خاوەن دەسەڵات لەنێو کارگەکاندا ، بۆیە مارکس درۆشمی ( ئەی چینی کرێکارنی جیهان یەك بگرن )ی بەرز کردەوە لە ( بەیاننامەی کۆمۆنیستی )ی ساڵی ١٨٤٨، کەوا بەلای مارکسەوە تاقە چینە بۆ ڕزگارکردنی جیهان لە چەوسانەوەی سەر دەستی چینی بورژواو سەرمایەدارانی جیهان . گەورەترین کێشەی کرێکاران بەلای مارکسەوە نامۆبوونی کرێکاران لە کاتی کارکردنیان لەنێو کارگەکان بە هۆی ئەو بەرهەمانەوە ، کە وەدەستی دەهێنێت .

لەڕاستیدا " نامۆبوون لە تیۆرەکەی مارکسدا ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە کرێکار هەرچەند زیاد بەرهەم بهێنێت ، ڕێژەیەکی کەمتر لە بەرهەمەکانی خۆی بەکار دێنی

---

[٣٦] - علي محمد اليوسف - فلسفة الإغتراب .. قراءة نقدية منهجية في فلسفة الإغتراب ، الدار العربية للموسوعات ، بيروت ، ٢٠١٣ ، ص٥٣

، هەرچی زیاتریش بەها دەخوڵقێنێ خۆی کەم بەهاتر دەبێ ، چونکە بەرهەمی کارەکەی لێ نامۆ دەبێت و ڕووبەڕووی دەوەستێتەوە .. ژیانی کرێکار پشتی بە سەرمایە بەستووە ، لە کاتێکدا کە خوودی کرێکار بە کارکردنی خۆی ئەو سەرمایەی دروست کردووە "([37]) .

سەدەی نۆزدەهەم لە ئەڵمانیا سەدەی فەلسەفە بوو ، چونکە لەم وڵاتە چەندین بیرمەندو فەیلەسوف دەرکەوتن هەریەکەیان خاوەن تێروانینی تایبەتیی فەلسەفی خۆی بوو . مارکس لە هەردوو بۆچوونەکەی بۆ دیالیکتی ماتریالیستی و دیالکتی مێژوویی هەندێ سوودی بینیووە لە بۆچوونە دیالیکتیەکەی هیگل بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵ بەپێی ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامەی بەسەریدا دێت . لێرەدا هەرچەندە لەبواری ئاوەڕدانەوە لە کێشەی نامۆبووندا هیگل (١٧٧٠-١٨٣٠ ) دەستپێشخەر بوو ، بەڵام فیۆرباخ لە فەلسەفە ئایدیالیەکەیدا سوودی لە هەندێ بۆچوونی هیگل وەرگرت . هەروەها ڕاستە مارکس چەمکی نامۆیی لە ( فیۆرباخ )ەوە وەرگرت ، بەڵام مارکس ئەو لایەنەی نامۆیی ئایینی لای فیۆرباخی گۆڕی بە نامۆیی ئابووری ، چونکە مارکس زیاتر واقیعییانە دەیڕوانییە کێشەکانی مرۆڤی هاوچەرخی خۆی ، بەتایبەتی کرێکار ، کەوا بەلایەوە بەدەستی خۆی زەمینە بۆ چەوسانەوەی خۆی دەسازێنێت کاتێك وەك ئامێر لەنێو کارگەکاندا بۆ خاوەنەکانیان بەرهەم دەهێنێت لەلایەك ، بەڵام لە لایەکی دیکەوە لە سوودی بەرهەمەکەی بێ بەش دەبێت، بۆیە بەلای مارکسەوە کرێکار لە تێکۆشانی بۆ ڕزگاربوونی لە چەوسانەوەی چینایەتی هیچ لە دەست نادات جگە لەو کۆت و بەندەی پێوە بەستراوەتەوە .

بەلای مارکسەوە لە کتێبەکەیدا ( دەسنووسە فەلسەفی و ئابووریەکانی ساڵی ١٨٤٤ ) ، نامۆیی ئابووری بنەمای هەموو جۆرەکانی نامۆیی مرۆڤە و ، لەو کتێبەدا بەوردی دەربارەی نامۆیی ئابووری لای کرێکاران دەکات ، کەوا چەوساوەترین چینەکانی کۆمەڵە بەهۆی کاری وەبەرهەمهێنانەوە لەنێو کارگەکاندا تووشی دەبن . جۆن ڕیچار چوار جۆر نامۆیی لای مارکس دەستنیشان دەکات :( نامۆبوونی مرۆڤ نامۆبوونی لە کەسانی دیکە )([38]) . هەرچۆنێك بێت لە پرۆسەی وەبەرهەمهێناندا

---

[37] – حسێن سۆران – کارل مارکس و ئەفلاتۆن .. لە تۆتالیتاریزمی فیکرەوە بۆ تێرۆر کردنی بەهای ئازادی ! ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، لا ١٠٠-١٠١

[38]– د. حسن جهاد – الإغتراب الوجودي ، ص٣٦

نـەك تـەنيا كرێكـار بـەڵكو سـەرمايەداريش هەسـت بـەنامۆبوون دەكـات بەرانبـەر وەبەرهێنراوەكـە ، بـەڵام " سـەرمايەدار لـەنامۆبوونى خـوديى خۆيـدا هێـزو خێـرى خۆى بەرجەسته دەكات ، كەچى كرێكار له نامۆبوونى خوديى خۆيدا بىٚ دەسەڵاتى و بوونى نامرۆيى خۆى بەرجەسته دەكات ، پاشان سەرمايەدار هـەوڵى پاراسـتنى ئەم ناكۆكييه دەدات كەچى كرێكار حەز له لەناوبردنى دەكات "([39]) .

بوونگــەرايى ( الوجوديــه ) ، وەك تــازەترين جۆرەكــانى فەلســەفە لــە ســەدەى بيستەهەمدا بايەخێكى تايبەتى به لايەنى نامۆيى له ژيانى مرۆڤى هاوچەرخ دا ، چونكه ئەم فەلسەفەيه زۆرتر بايەخى به ئازادى و سەربەستى مرۆڤى دا وەك تاكێك خاوەن هەبوونى تايبەتى خۆيەتى . لێرەدا له فەلسەفەى بوونگەراييدا دوو جۆرى نامۆيى هەيه : نامۆيى ئەكتيڤى و نامۆيى نەگەتيڤى . ئـەم لايەنـەش بـۆ جيـاوازى سەرچاوەكانى بوونگەرايى دەگەڕێتەوە ، وەكو له بۆچوونه فەلسەفيەكانى هيگل و نيتشه و كيرگارد و سارتەر و ئەلبير كامۆ ڕەنگدەداتەوە.

جۆن پۆل سارتەر له كتێبى ( بوون و نـەبوون – الوجود والعدم ) زور به جـوانى بۆچوونه فەلسەفييەكانى خستۆتەڕوو ، هەروەها له ڕۆمانى ( هێلنج – الغپيان به جوانى لايەنى نامۆيى خـودى خراوەتـڕوو لـەڕێى خسـتنەڕووى ژيـان و گـوزەران و بۆچوونەكانى ( ڕۆكانتان )ى پاڵەوانى ئەم ڕۆمانه . هەروەها لەم ڕۆمانەدا بۆچوونى سارتەر لەمەر بيهۆدەيى ( عەبەس ) خراوەتەڕوو ، هەرچەنده ئەلبير كامۆ زۆر باشتر ئەم لايەنەى عەبەسييەتى لاى پاڵەوانى ڕۆمانى ( نامۆ ) بەرجەستەكردووە . بەلاى ( تيليش ) وەك قەشەيەكى بوونخواز " حاڵەتى بوون حاڵەتى نامۆييه ، چونكه مرۆڤ وەك ئـەوەى هـەبوونى هەيـه نـەك وەك ئـەوەى دەبـىٚ هـەبێت ، كەسـێكى نامۆيـه لـە بوونى ڕاستەقينەى خۆى "([40]) .

---

[39] – مراد وهبة – الإغتراب والوعي الكوني .. دراسة في هيجل وماركس وفرويد ، مجلة عالم الفكر ، المجلد العاشر ، العدد الاول ، ابريل ومايوو يونيو ، ١٩٧٩ ، ص١٠٤

[40] – علي محمد اليوسف – فلسفة الإغتراب .. قراءة نقدية منهجية في فلسفة الإغتراب ، ص٤٠

## تەوەرەی سێیەم:

## ڕابەرانی ئەدەبی نامۆیی

نامۆیی ئەو حاڵەتە مرۆییەیە بەسەر کەسی نامۆدا دێت ، کەوا لەلایەك هەست بە دابڕانێك دەکات لەنێوان خۆی و خودی دەکات لەلایەك ، هەروەها هەست بە دووربونی خۆی لە کەسانی دەوروبەری دەکات ، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا " کەسی نامۆبووش پێشبینی گۆڕانکاری دەکات ، ئەم حاڵەتەش لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر لە ڕژێمێکەوە بۆ ڕژێمێکی تری سیاسی و کۆمەلأیەتی و ئاوری دەگۆڕێت "([٤١]) .

ئەدەب باشترین بواری مەعریفەتە بۆ دەربڕینی هەستەکانی ناخی مرۆڤ ، دەقی ئەدەبی بەگشتی لە ڕابردووەوە تا ئەم ڕۆژگارە توانیوویەتی چەندین حاڵەت و کێشەی مرۆڤایەتی بەرجەستە بکات . نامۆییش وەك کێشەیەکی مرۆڤایەتی ، هەروەها وەك بابەتێکی دەروونیی گرنگ بووەتە لایەنێکی بەرجەستەکراو لە ئەدەبی جیهانیداو ، لەم بوارەدا چەندین ڕابەری بە ناوبانگی هەیە .

فرانس کافکا ساڵی ١٨٨٣ لە خێزانکێکی جوولەکە لە شاری براگی پایتەختی چیك لەدایکبووە ، باوکی بازرگانێك بوو زۆر بە دڵڕەقی لەگەڵ کافکا دەجولایەوەو دایکیشی دەمارگیربوو زۆر باوەڕی بە جادووگەری هەبوو ، لەسەردەمی منالییەوە هەستی نامۆیی لای کافکا دروست بووە .

کافکا لە ساڵی ١٩٠١ بروانامەی دکتۆرای لە یاسا لە زانکۆی براگ وەدەستهێناوە ، بەلأم بواری یاسای نەکردبووە دوا بواری کارکردنی خۆی ، لەبواری ئەدەبیاتدا سەرەتا لەژێر کاریگەری قوتابخانەی ئەدەبی براگدا بوو ، پاشتر لە ساڵی ١٩١١ لەگەڵ ماکس برودی ڕۆماننووس ئاشنایەتی و برادەریەتی پەیدا کرد ، بەشێوەیەك ئەم ڕۆماننووسە بووە هەڵگری وەسیەتنامەی کافکا ، کە وەك ڕۆماننووس زیاتر دوای جەنگی یەکەمی جیهانیی لەبواری ئەدەبیاتدا بەرە بەرە ناوبانگی دەرکردبوو .

[٤١]- سروشت جەوهەر حەویز – تازەکردنەوە لە شیعرەکانی ( ئازاد دڵزار )دا ، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلأحەددین کراوە ، ٢٠١٠ ، ل١٠٢

کافکا بە ڕەچەڵەك چیکی بوو بەرهەمەکانی بە زمانی ئەڵمانی دەنووسی چونکە لە ئەڵمانیا خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەواو کرد . پاش ئەوەی لەگەڵ ماڵی باوکی ناتەبا دەبێت بەجێی دەهێڵێت ، بۆ ماوەیەك لە خانوویەکی خراپ ژیانێکی هەژارانە دەباتە سەرو بەهۆیەوە تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی قورگ دەبێت و ، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی کۆچکردنی لە ١٩٢٤/٦/٣ لە شاری ڤییەنای پایتەختی نەمسا ، پاش ئەوەی ٤١ ساڵی پڕ لە ناخۆشی و ئەشکەنجەو نەخۆشی بردەسەر . هەروەها لەو خۆشەویستییە کە بۆ ماوەی پێنج ساڵ لەگەل کچێکی ئەڵمانی دەیباتە سەر سەرناگرێت و ، پاشتر لە ساڵی ١٩١٤ لەیەکتر جیا دەبنەوە ، پاشتریش لەگەڵ ( دۆرا دیمانت )ی کچە جولەکەی پۆڵەندی دڵداری دەبەستێ ، بەڵام لەگەڵ ئەمشدا ناگاتە پێکهێنانی خێزان ، هەروەها کافکا لەبەر هەستکردنی بە نامۆیی و بێزاری داوا لە ماکس برۆدی برادەری دەکات هیچ کتێبێکی لە دوای مردنی چاپ نەکات ، تەنانەت ڕادەی ڕەشبینی و نامۆیی وای لێدەکات چوار کتێبی خۆی بەدەستی خۆی دەسووتێنێ ، ئەمانە ئەوەندەی تر ژیانی لێ تاڵ دەکەن و زیاتر بەرەو جیهانی نامۆیی لەگەڵ دەوروبەرەکەی دەبات .

کافکا لەبارەی ئایینی جولەکە و مەسەلەی باوەڕ بوون بەخوا لەو ئایینەدا هەمیشە ناتەبا بووە لەگەڵ باوکی و پیاوانی ئایینی جولەکە ، تەنانەت کافکا بۆ خۆی بەدوای هەبوونی خوای خۆی دەگەرا ، ئەم لایەنە یەکێك بوو لە کێشەکانی نامۆیی کافکا لەنێو خێزان و کۆمەڵەکەی بەشێوەیەك وای لێهاتبوو حەز لە گۆشەگیری و خۆ دوور خستنەوە بکات . کافکا لەم بارەیەوە دەڵێت :" من لەگەڵ جولەکەکاندا چ خاڵێکی هاوبەشم هەیە ؟ ئایا لەگەڵ خۆمدا خاڵی هاوبەشم هەیە ؟ دەبێ من لە کونجێکدا خۆم حەشار بدەم و دڵخۆش بم کە بتوانم هەناسە بدەم! "([42]) . هەروەها کافکا لەڕووی باوەڕبوونی ئایینیەوە زیاتر لۆجیکانە بیری دەکردەوە ، بۆ نموونە لەبارەی دەرکردنی باوە ئادەم و دایە حەواوە لە بەهەشت لەو باوەڕەدا بوو :" ئێمە لە بەهەشت دەرکراین ، بەڵام بەهەشت وێران نەبوو ، ئەمەش بۆ خۆی

[42] – سادقی هیدایەت – کافکا ، وەرگێرانی محەمەد کەریم ، چاپخانەی دەزگای سەردەم ، ٢٠٠٢ ، ل٧٢

بەختێكی باش بوو ، چونكە ئەگەر ئێمە دەرنەكرینایە ڕەنگە بەهەشت وێران بێ "([43]) .

سەرنەكەوتنی كافكا لە دڵداریداو تووشبوونی بە نەخۆشی شیرپەنجە هۆكارێكی دیكەی نامۆیی كافكا بوو لەنێو كۆمەڵەكەیدا ، ئەم جۆرە هۆكارانە لە هەندێ لایەنی كەسێتیی پاڵەوانی چیرۆك و ڕۆمانەكانی بەرجەستەكراوە ، تەنانەت خودی كافكا دان بەم لایەنە دەنێ كاتێك دەڵێت :" من لەناو چیرۆكەكەی خۆمدا دیارم هەرچەندە دەم و چاوم بڕنم "([44]).

هەرچەندە كافكا بەبێ ڕێزی لەگەڵ باوكی ڕەفتاری نەكردووە ، تەنانەت لەبارەیەوە وتوویەتی : " من گەورەترین قەرزی كەسێكم لە لایە كە منی هێناوەتە دنیاوە "([45]) ، هەروەها باوكیشی زیادەڕۆیی نەكردووە لە خراپ ڕەفتاری لەگەڵ كافكای تاقانە كوڕی ، بەڵام جۆری بیركردنەوە گەورەترین جیاوازی نێوانیان بوو ، كەوا بووەتە مایەی دابڕانیان لەیەكتر و نامۆیی كافكا لەڕووی پابەندبوونی خێزانی .

كافكا لە نامەیەكدا ساڵی ١٩١٣ نووسیوویەتی دەڵێت :" لەم ساڵانەی دوایی ڕۆژێ بیست وشە قسەم لەگەڵ دایكم نەكردووەو تەنها سەلامم لە باوكم كردووە ، بەڵام بێ ئەوەی كە هیچ شتێك لەنێوانماندا هەبێ لەگەڵ خۆشكەكانم و مێردەكانیان هیچ گفتوگۆیەكەم نەكردووە "([46]) . ئەم جۆرە ڕاز دركاندنە باشترین بەڵگەیە لەبارەی ڕادەی نامۆیی خێزانیی كافكا ، كەوا لەهەندێ لە بەرهەمەكانی ڕەنگیداوەتەوە . هەر ئەم جۆرە هەستە نامۆییە وای لە كافكا كردووە لە نامەیەكدا بڵێت :" هەموو شتێك وەهمە : خێزان ، مەكتەبی فەرمانگە ، هاوڕێی كۆڵان و دوورترین ، یان نزیكترین ژن هەمووی فریودانە ، نزیكترین حەقیقەت ئەوەیە ، كە سەرت بە دیواری بەندیخانەیەكدا بكێشی ، كە دەرگا و پەنجەرەی نییە "([47]) .

[43] – هەمان سەرچاوە ، ل١١٣

[44] – هەمان سەرچاوە ، ل٧٣

[45] – هەمان سەرچاوە ، ل٢٤-٢٥

[46] – هەمان سەرچاوە ، ل٣٣

[47] – هەمان سەرچاوە ، ل٣٤

یەکـەم چـیرۆکی کافکـا ( وەسـفی خـەباتێك ) بـوو ، تێیـدا هەنـدێ لایـەنی میتافیزیکی خستووەتەڕوو ، بەڵام لە بەرهەمەکانی کافکا هەندێ لایەنی سوریالی و نامۆیی بە زەقی بەرچاو دەکەوێت ، وەکو بەڕۆژووبوونی سەگ لە چیرۆکی ( چنگە کرێکانی سەگێك ) ، کاوێژکردنی خەیاڵی تـەنیایی گیانـەوەری چیرۆکی ( لانـە ) ، گیانەوەرێك نێوەی پشیلەیەو ونیوەکەی دیکەی بەرخە لە چیرۆکی ( بوونەوەرێکی دوو ڕەگ ) ، بـەدگۆڕانی گریگـۆری سامسـای پاڵـەوانی ڕۆمـانی ( بـەدگۆڕان ) لـە مرۆڤێکەوە بۆ قالۆنچە .

کافکـا خـاوەن کۆمـەڵێ بەرهـەمی ئەدەبییـە ، وەك چـیرۆکی ( فـەتوا )و ڕۆمـانی ( بەدگۆڕان )و ڕۆمانی ( دادگا )و ڕۆمانی ( کۆشك ) و ڕۆمانی ( کێشە ) و ڕۆمانی ( ئەمریکا )و هەندێ بەرهەمی دیکە ، بەڵام ڕۆمانی (المسخ–بەدگۆڕان)، کە لە ساڵی ١٩١٦ بڵاوکرایـەوە ، زیـاتر بـووە هـۆی ناسـینەوەی کافکـا لـە ئـەدەبی نامۆییـدا . پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە ناوی ( گریگۆری سامسا )یـەو ، لـە بنەماڵەیـەکی بۆرژوایـە ، بەرە بەرە لە ژیانی خۆی بێزارو نـامۆ دەبێـت ، تـا بەیانییـەك لـە خـەو هەڵدەسـتێت خـۆی بەشـێوەی قالۆنچـەیەکی ترسـناك دەبینێـت ، بـەڵام هـەر بـە خـاوەن هەسـتی جارانی مرۆیی دەمێنێتەوە . سەرەتا لای خۆی و خێزانی زۆر جێی سەرسورمان و نامۆ دەبێت ، بەڵام پاشتر ئـەم بەدگۆڕانـە لـە لای خێزانـی ئاسـایی دەبێتـە شـتێکی ئاسایی ، هەرچەندە خودی خۆی هەست بە قێزەوەنی بۆنەکەی دەکـات و لـەو بـەد گۆڕانە زۆر ناڕەحت دەبێت ، بەتایەتی پاش ئەوەی زامەکەی پیس دەبێت و قاوغی پشتی دەشکێت ئیتر لە ئەنجامدا خزمەتکاری ماڵەکەیان لەگەڵ زبڵی ماڵەکەیان فڕێ دەدرێتە دەرەوە و ، بـەم شـێوەیە نـەفرەتی خـۆی لـە پێوەندییـەکانی نێـو خێـزان و کۆمەڵەکەی دەکات .

لە کۆتایی ئەم بەسەرکردنەوەی ڕابەرێکی ئەدەبی نامۆیی ، ئێمەیش وەك سادقی هیدایەتی دەڵێین :" کافکا باوەڕی وایە کە " ئەم دنیـای درۆو تـەزویرو تەشـقەڵەیە دەبێ بروخێنرێ و لەسەر کەلاوەکەی دنیایەکی باشتر دروست بکرێ "([٤٨]) .

جان پۆڵ سارتەر ، وەك ڕابەرێکی فەلسەفەی بوونگەرایی ، لـە کتێبـی ( ئـەدەب چییە ؟)دا بەم شێوەیە پێناسەی نامۆیی دەکات :" نامۆیی کە هێندێك جار لـەخۆ

[٤٨] – هەمان سەرچاوە ، ل٩٦

نامۆبوومان بەکارهێناوە – بریتییە لە دۆخێك کە کەسێك لە جەوهەری خۆی ، لە ڕەسەنی مرۆیی خۆی دوور کەوتبێتەوە . هۆکارەکانی ئەم پرسەش زۆرن ، وەلێ زۆر جار پەیوەندی بە خاوبوونەوە یا پچڕانی پەیوەندی تاك لەگەڵ ژینگەدا یا سروشتدا هەیە "([49]) .

سارتەر لە ڕۆمانی ( هێڵنج ) زۆر بە جوانی تێڕوانینی فەلسەفی لەمەر نامۆیی خودی دەخاتە ڕوو ، کاتێك ( ڕۆکانتان ) پاڵەوانی ئەم ڕۆمانە دەگاتە خاڵی دابڕان لە کۆمەڵەکەی ، کەوا ناتوانێت سەربەستی و ئازادی تاکڕەوی بۆ خودی خۆی پەیدا بکات و ، کۆمەڵەکەی دەبێتە لەمپەر لەبەردەم ئازادی ژیانی ، بۆیە ڕادەی هەستکردنی بەهێڵنج لای بەرز دەبێتەوە .

ئەلبێر کامۆ (١٩١٣–١٩٦٠ ) وەك ڕابەرێکی بیرو ڕێبازی بێهودیی دادەنرێت کەوا پاش ڕێبازی بوونخوازی لە ئەوروپا سەری هەڵدا ، ئەم نووسەرە لە جەزایەر لەدایکبووە ، ساڵی ١٩٥٧ پادداشتی نۆبلی وەرگرت . نووسەرێکی فەڕەنسایی بەناوبانگە خاوەن چەند ڕۆمانێکە وەکو ( ئەفسانەی سیزیف ، مرۆڤی یاخی ، تاعوون ، کەوتن ، نامۆ ) ، زیاتر بەهۆی ڕۆمانی (نامۆ )ەوە ناوبانگی جیهانیی وەدەستهێناوەو پاداشتی نۆبلی وەدەستهێنا بە حوکمی ئەوەی دەقی ئەم ڕۆمانە بۆ یەکەم جار کێشەیەکی گەورەی مرۆڤی پاش جەنگی دووەمی جیهانی دەخستە ڕوو . ئەم ڕۆمانە ، کە بیرۆکەکەی بۆ ساڵی ١٩٣٧ دەگەڕێتەوە ، لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٤٢ لە لایەن چاپخانەی گالیمار لە فەڕەنسای داگیرکراو لەلایەن لەشکری ئەڵمانیای نازی ، چاپکراو بلاْوکرایەوە ، تێیدا کێشەی ( مورسۆ ) وەك مرۆڤێکی نامۆ لە ڕۆژگاری پێش جەنگی دووەمی جیهانی بەرجەستە دەکات ، کە بە باری کۆمەلاْیەتی ڕازی نابێت ، ئەو جەنگەی بووە هۆی کوشتنی نزیکەی بیست ملیۆن کەس ، جگە لە بریندداربوونی هەزارەها کەس و وێرانکردنی سەدەها شارو شارۆچکەی ولاْتانی ئەوروپاو ئەو ولاْتانی لەو جەنگە بەشدارییان کردووە .

لەبارەی بەهای ئەم ڕۆمانەی ( نامۆ )ی ئەلبیر کامۆ لیکۆڵەرێکی وەکو گاییتان پیکۆن لە کتێبی ( ئاسۆی ئەدەبیاتی نوێی فەڕەنسا )دا دەربارەی ئەم ڕۆمانە دەڵێت : " ئەگەر چەند سەدەیەکی پاش ئێستا ، تەنیا ئەم ڕۆمانە کورتە وەکو

---

[49] - ژان پۆڵ سارتر – ئەدەب چییە ؟ ، و: مستەفا غەفوور ، چاپخانەی خانی ، دهۆك ، ٢٠٠٩ ، ل٣٣

**بەڵگەنامەیەك دەربارەی مرۆڤی سەردەمی ئێمە بمێنێ ، ئەوا خەڵکی ئەو سەردەمانە ، زانیاری تەواویان لەسەر ئێمە دەبێت "([٥٠]) .**

**خوێنەری ڕۆمانی ( نامۆ )ی ئەلبێر کامۆ بۆی دەردەکەوێت تا چ ڕادەیەك بابەتی ڕۆمانی ( بەد گۆڕان )ی کافکا و بابەتی ڕۆمانی ( هەڵینجان )ی جۆن بۆل سارتەری بەسەرەوە هەیە ، تەنانەت لەڕووی بەراوردەوە چەندین لێکچوون لەنێوان کەسێتی ( مۆرسۆ )ی پاڵەوانی ڕۆمانی ( نامۆ ) و ( سامسا )ی پاڵەوانی ڕۆمانی ( بەد گۆڕان) پاڵەوانی ڕۆمانی ( هەڵینجان )دا هەیە . بۆ نموونە لە هەر سێ ڕۆمانەکە پاڵەوان جێناوی کەسی یەکەمی تاك وەك پاڵەوانێکی بەشدار بەکار دەهێنێ بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ، هەروەها بارودۆخی ژیانی ئەم سێ پاڵەوانە زۆر لەیەکەوە نزیکەو ، مۆرکی نامۆبوون زاڵە بەسەر سیمای ئەم سێ پاڵەوانانە ، کەوا هەرسێکیان نموونەی لەبارن بۆ ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی نامۆیی و بەرجەستەکردنی کەسێتی نامۆیی مرۆڤی ئەوروپای ئەو سەردەمەی نێوان هەردوو جەنگەماڵوێرانەکانی ئەوروپاو جیهان . کامۆ لەم ڕۆمانەدا " باس لەو ( بیهوودەیی ، ناماقوڵی و بێمانایی )یە دەکات کە هەبوونی داگیر کردووە . ئەو غەریبییەی کامۆ باسی دەکات ، غەریبییەکی جوگرافیایی نییە ، غەریبییەکی وجودییە کە ئینسان لە سەرانسەری دنیادا هەستی پێ دەکات و هاوزەمان لە ( خەڵك )و لە ( خۆ ) بێگانەبوونە "([٥١]) .**

**لە شیعری عەرەبی کۆندا بایەخدراوە بە نامۆیی و نامۆبوون ، چونکە ئەم دیاردەیە لەنێو شاعیرانی ئەو سەردەمەدا هەبوونێکی بەرچاوی هەبووە ، بۆیە لەنێو هەندێ لە هۆنراوەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە . بۆ نموونە شاعیرێك بەناوی ( ابن ابي السرح ) دەڵێت :**

غريب الدار ليس لهُ صديقُ        جميع سؤالهِ أينَ الطريقَ([٥٢])

**هەروەها ( جرير) ی شاعیریش دەڵێت :**

– كفى حزناً فِراقهُم وأني        غَريبٌ لا أُزارُ ولا أزورُ([٥٣])

---

**[٥٠]– پییر لویس ری – لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، و/ حەمە کەریم عارف ، مكابع دار الشؤون الپقافیە ، بەغدا ، ٢٠٠٦ ، لا٤**

**[٥١]– حەمە سەعید حەسەن – بەفرو گڕکان .. ڕەخنەی ئەدەبی و فیکری ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ، ل٤٦–٤٧**

[٥٢] – احمد حاجم محمد – الغربة والحنين في الشعر العربي الاندلسي ، ص ٢٥

**به هەمان شێوە ( زهير بن ابى سلمى )ی شاعیریش دەڵێت :**

ومَنْ يغترب يَحسَب عدواً صديقهُ    ومَن لا يَكرم نفسهُ لا يكرَمِ([54])

**هەروەها ( أمرؤ القيس )ی شاعیریش دەڵێت :**

أجارتنا إنا غريبانِ هاهنا    وكلُ غريبٍ للغريبِ نَسيبُ([55])

**دەكرێ بڵێین ڕۆمانی ( ڕووبار شێتی – نهر الجنون )ی تەوفیق الحکیم لە ئەدەبی نـوێی عەرەبیـدا نۆبـەرەی ڕەنگدانـەوەی نامۆییـە لـە ڕۆمـانی عەرەبیـدا ، كـەوا بابەتەكەی لەمەڕ هەبوونی ڕووبارێك لەنێو گوندێكدا دەدوێت ، كەوا هەركـەس لـە ئاوەكەی بخوات تووشی شێتی دەبێت ، تەنیا كەسێك دەمێنێتەوە لـەو گونـدە لـەو ئاوە ناخواتەوە بەهۆیەوە دەبێتە كەسێكی نامۆ ، چونكە هەموو كەسانی گوندەكە شێت دەبن بەهۆی ئاو خواردنەوە لەو ڕووبارە .**

**لـــەبواری شـــانۆدا دەكـــرێ بڵـــێین ( برتۆڵـــد بریخـــت ) ، وەك نـــاودارترین شانۆنامەنووسی ئەڵمانیا لە سەدەی بیستەمدا ، باشترین شانۆنامەنووسە بەجوانی بایەخی بە نامۆیی داوە ، چونكە ئەم شانۆنووسە بە ناوبانگە بە تیۆری نامۆیی یان تەكنیكی نامۆیی لەبواری شانۆداو ، تیۆرەكەی خاوەن سێ ڕەهەنـدی فەلسـەفی و كۆمەلأیـەتی و ئێستاتیكییە و ، ئـەم لایەنانـە بـە جوانی لـە شانۆگەری ( گـالیلۆ ) دەكەوێتە بەرچاومان .**

**لە ئەدەبی كوردیدا ، دەكرێ بڵێین چیرۆكی درێژی ( لە خەوما )ی جەمیل سائب ، كەوا بە (٢٣) ئەلقە ساڵی ١٩٢٦ لە هەردوو ڕۆژنامەی ( ژیانەوە ) و ( ژیان ) ، نۆبەرەی ڕەنگدانەوەی بایەخدانی ئەدەبی نوێی كوردییە بە نامۆیی. پاڵەوانی ئەو چیرۆكە ، پاش گرتنی و بەندكردنی لەو ژوورەی نێو تەلاری شێخ مەحموودی حەفید، هەست بە جۆرە نامۆییەك دەكات لەنێو ئەو كەسانەی لەو ماڵە دەژین .**

---

[53] – احمد حاجم محمد – الغربة والحنين في الشعر العربي الاندلسي ، ص ٣٢

[54] – احمد حاجم محمد – الغربة والحنين في الشعر العربي الاندلسي ، ص ٣٦

[55] – احمد حاجم محمد – الغربة والحنين في الشعر العربي الاندلسي ، ص ٤٧

تەوەرەی چوارەم:

## بزاڤی تەغریبی و ئەدەبی نامۆیی

هەموو جارێ شەڕو جەنگ ، جگە لە ماڵوێرانی و کوشتن و لەناوچوونی ژمارەیەکی زۆری مرۆڤایەتی ، لەوانەیە لەڕووی ئەدەبیی و ڕۆشنبیرییەوە سووکە سوودێکی خۆی هەبێت ، چونکە ئەدیبان و ڕۆشنبیرانی ئەوروپا لە پاش هەردوو جەنگە گەورەکەی سەدەی ڕابردوو بەشێوەی گروپ گروپ توانیان خۆیان کۆبکەنەوەو بەیاننامەی خۆیان دەربکەن و دەست بەهەندێ چالاکی ئەدەبیی خۆیان بکەن . بۆ نموونە هەردوو ڕێبازی ئەدەبیی دادایزم و سوریالیزم لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی یەکەمی جیهانیی سەریان هەڵدا ، هەروەها هەندێ ڕێبازی ئەدەبیی وەکو بوونخوازی ( وجودییەت ) لەسەر دەستی جۆن پۆل سارتەرو سیمون دی بۆفوارو ، ناپابەندیی لەسەردەستی کۆڵن ویلسن و ، بێهودیی لەسەر دەستی ئەلبێر کامۆو سامۆئیل بیکیت هاتنە دامەزراندن وەك کاردانەوەیەکی هزری و ئەدەبی و ڕۆشنبیری بۆ ئەنجام و کارەساتەکانی جەنگی دووەمی جیهانیی ، کەوا جگە لە ماڵوێرانی زیاتر لە بیست ملیۆن کوژران .

دەکرێ بڵێین ئەو جۆرە دیاردەیە لە ئەدەبی نوێ و هاوچەرخی کوردیش جۆرە ڕەنگدانەوەیەکی هەبوو ، بۆ نموونە دەکرێ بڵێین شەڕو کوشتاری ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هۆکارێکە لە هۆکارەکانی دەرچوونی بەیاننامەی گروپی ڕوانگە ، هەروەها ساڵانی جەنگی قادسیە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو یەکێکە لە هۆکارەکانی دروستبوونی هەندێ گروپی ئەدەبی و دەرچوونی بەیاننامەکانیان ، هەروەها دەکرێ بڵێین شەڕی براکوژیی ساڵانی ١٩٩٤-١٩٩٨ هۆکارێکی گرنگی دامەزراندنی گروپی تەغریبی و دەرچوونی بەیاننامەکەیان لە ساڵی ٢٠٠١دا بوو ، چونکە بەسەختی مرۆڤی کوردی تووشی حاڵەتەکانی نامۆیی کردبوو .

ئەدەبی کوردیی هاوچەرخ ، لە ساڵانی دوا چارەکەی سەدەی ڕابردوو ، هەندێ وەرچەرخانی گرنگی بەخۆیەوە بینی ، دەرکردنی بەیاننامە ئەدەبییەکان یەکێکە لە سیماکانی ئەو وەرچەرخانە ، کەوا زۆر جار بەشێوەی کۆمەکی بووە . بۆ نموونە - بەیاننامەی گروپی کفری - کەرکووك ، کەوا لە ساڵی ١٩٦٩ چەند نووسەرێکی

شارۆچکەی کفری واژوویان کرد بریتیی بوون لەمانە : لەتیف حامد ، لەتیف هەڵمەت ، ئەنوەر شاکەلی . خاوەنانی بەیاننامەی ئەم گروپە زور هەوڵیاندا لەو ڕۆژگارەدا بلاوی بکەنەوە ، بەلام هیچ بوارێکی ڕاگەیاندنی ئەو ڕۆژگارە ئەو دەرفەتەیان بۆ نەرەخساندن .

– بەیاننامەی ڕوانگە : سەرەتا لە ژمارە (١٥)ی ڕۆژنامەی هاوکاری لە ٤/٢٥/ ١٩٧٠ بلاوکرایەوە بە ناونیشانەی ( بانگەوازێك لە ڕوانگەی ئەدەبی کوردی نوێمانەوە ) ، پاشان لە یەکەم ژمارەی گۆڤاری ( ڕوانگە )یش بلاوکرایەوە . ئەم بەیاننامە دوو شاعیر ( شێرکۆ بێکەس و جەلال میرزا کەریم)و دوو چیرۆکنووس ( حوسێن عارف و کاکە مەم بۆتانی ) واژوویان کردبوو .

– بەیاننامەی تەلیعیەکان لەسەرەتای هەشتاکان چەند شاعیرێکی دانیشتووی شاری هەولێر واژوویان کرد، وەکو سەباح ڕەنجدەر و عەباس عەبدوڵلا یوسف و کەسانی دیکە .

– گروپی وێران لە ساڵی ١٩٩٤ بەیاننامەیەکی ئەدەبییان بە واژووی کۆمەڵێك ئەدیبی دانیشتووی هەولێر دەرکرد ، وەکو فەرهاد پیربالْ و هاشم سەراد و محەمەد باوەگر و کەسانی دیکە .

– گروپی تەغریبی لە ساڵی ٢٠٠١دا بەیاننامەی خۆی بە واژووی ڕەخنەگر و وەرگێڕ ( د. کەمالْ مەعروف )و دوو شاعیر ( ڕۆستەم باجەلان و عەباس عەبدوڵلاْ یوسف ) دەرکرد .

هەروەها چەند بەیاننامەی ئەدەبیی تاك لەم ساڵانەی ڕابردووش دەرچووە وەکو بەیاننامە تاکەکانی شاعیران ئەنوەر مەسیفی و هاشم سەراج و سەباح ڕەنجدەر .

گروپی تەغریبی لە ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٢٨ ، لەژێر دروشمی ( بەخۆداچوونەوە – ڕووبەڕوو بوونەوە – نوێبوونەوە ) ، بەیاننامەیەکیان بە ناونیشانی ( بەرەو بزاڤی تەغریبی)([٥٦]) بلاوکردەوە ، تییدا هەندێ بنەمای بیروبۆچوونەکەیان خستووەتەڕوو . ئەندامانی ئەم گروپە هاو ئارەزوو بوون بۆ نوێکردنەوەی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی لەڕێی بایەخدان بە بابەتێکی هەمیشە گرنگ ئەویش نامۆبوونی مرۆڤە ، هەرچەندە تەنیا د. کەمال مەعروف زیاتر ئەشکەنجەی نامۆیی دەرەوەی وڵاتی

[٥٦]– ئاری ئاغۆك ( ئامادەکردن ) – بزاڤی تەغریبی ، چاپخانەی چوار چرا ، هەولێر ، ٢٠١١ ، ل٦-١٠

بینیووه ، بەڵام هەردوو شاعیر ڕۆستەم باجەلان و عەباس عەبدوڵڵا یوسف زیاتر ئازارەکانی نامۆیی ناوەوەی وڵاتیان چێشتووە . ئەم گروپە لە سەرەتای بەیاننامەکەیان پێناسەی خۆیان بەم شێوە دەخەنەڕوو : " بزاڤی تەغریبی پەیوەندییێکی بەتینی بەم جیهانە سەیرو سەمەرەیەوە هەیەو هەوڵدەدا پەردە لەسەر نهێنییەکانی هەڵداتەوە و درزو بۆشاییە مەعنەویەکانی ژیانیش پڕ بکاتەوە .. " .
پاش ئەم دەروازەیە مۆرکێکی فەلسەفییانە بە لایەنێکی گرنگی بیری نامۆبوونی مرۆڤی کۆن و هاوچەرخ بەگشتیی دەدەن کاتێك ئاماژە بە کردەوەی لەدایکبوون و مردنی مرۆڤ دەدەن و ، بەلایانەوە لەدایکبوون ڕووناکییەو مردن تاریکییە " دیارە لەنێوان ئاسمان و زەویشدا بوونەوەری هەمەڕەنگ و هەمەجۆر هەیە ، ئەم بوونەوەرە لە ڕووناکی لە دایك دەبێ و بەبێ ئارەزووی خۆیەوە بەرەو تاریکایی هەنگاو دەنێ..ڕووناکی ، منداڵییە .. تاریکیش ، گەورەیی " .
د. کەمال مەعروف ، وەك ڕابەرێکی بزاڤی تەغریبی ، دەربارەی چەمکی نامۆیی یان غەریبی لەو باوەڕەدایە :" مرۆڤ هەر کە لە وڵاتەکەی نامۆ بێ کە ئاوارە بوو بۆ شوێنێکی تر زیاتر تووشی نامۆیی دەبێ ، سوتانی شاعیر و سۆزو کلپەی دەروونی وەکو کانییەك دەتەقێتەوە ، بۆیە نامۆبوونیش بارێکی دەروونی دەگرێتەوە جا شاعیر لەناو وڵاتەکەی بێ یاخود لە دەرەوەی زێدەکەی بێ تووشی نامۆبوون دەبێ "(٥٧) . کەسی نامۆش بەلای محمد عوسمان وەك شارەزایەکی دەرونزانی " ئەو کەسەیە لە خزم و خێشی و خۆشەویستانی دابرابێت و لێیان دوور کەوتبێتەوە ، بەڵام وەك دەڵێن نامۆترین کەس ئەو کەسەیە کە لە وولأت و نیشتیمانی خۆیدا نامۆ بێت "(٥٨) .
بیگومان خودی مرۆڤی نامۆو کۆمەڵەکەی لەنێو واقیعێکی تایبەتی خۆیدا دەژێت و ، دابڕانی مرۆڤی نامۆ لەگەڵ واقیعەکەیدا دەبێت ، بۆیە " بزاڤی تەغریبی لە واقیعەوە سەرهەڵ دەدات و لە واقیع یاخی دەبێ لەهەمان کاتیشدا بەرەو واقیعێکی تر هەنگاو دەنێ کە لە واقیعی پێشوو باشترو بەپێزترو بەهێزترە "(٥٩) .

---

٥٧– د. کەمال مەعروف – ئەدەبیاتی کلاسیکی و نوێخوازی کوردی ، ل٨٤
٥٨– محمد عوسمان – بەرەو بزاڤی نامۆگەرایی / بزاڤ و ئامانجەکان ، گۆڤاری کاروان ، ژ/١٦١ ، ٢٠٠١، ل١٦
٥٩– چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەعروف ، ئامادەکردنی دڵزار حەسەن ، ڕۆژنامەی یەککرتوو / پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژمارە (٣٤٨) ، ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٢٧

چەندین نووسەری کورد لە سالآنی دوای نسکۆی شۆڕشی کورد لە ساڵی ١٩٧٥دا ڕوویانکردۆتە ولآتانی ئەوروپاو جیهان ، لە ئەنجامدا جۆرە ئەدەبێکی کوردیی هاوچەرخ لەدایکبوو پێی دەوترێ ئەدەبی تاراوگە ، کەوا پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەنامۆیی شوێن یان نامۆیی جوگرافی هەیە . د. کەمال مەعروف لەبارەی پێوەندی ئەدەبی تاراوگە بە ئەدەبی تەغریبی دەڵێت : " بزاڤی تەغریبی گشتییە واتە باسی هەموو جۆرەکانی نامۆبوون دەکات و لێیان دەکۆڵێتەوە ئەدەبی تاراوگەش بەشێکی سەرەکییە لە ئەدەبی نامۆییدا ، چونکە دوورکەوتنەوە لە نیشتیمان مرۆڤ تووشی نامۆبوونی خود ، نامۆبوونی شارستانی ، نامۆبوونی کۆمەڵ ، نامۆبوونی کەسانی تر دەبێ ، دیارە نامۆبوونی شوێنیش لە هەمووان کاریگەرترەو مرۆڤ تووشی خەمێکی دەروونی قوڵ دەکات ، چونکە شوێن پایەیێکی مەزنی هەیە لای مرۆڤ "([٦٠]) .

هەروەها ڕۆستەم باجەلان ، وەك ڕابەرێکی دیکەی بزاڤی تەغریبی ، فۆرمی مەتاتییەتی تەغریبی ( خاتم الایقاعات )ی ئەدەب و هونەرەو ، لەم بارەیەوە دەڵێت :" دیارە لە دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ( بەرەو بزاڤی تەغریبی ) فۆرمی مەتاتی هاتە ئاراوە ئەو فۆرمەی کەوا هەندێ مەفهوومی نوێی سەبارەت بە چەمکی سەردەم خستەڕوو بەکورتی : من پێموایە ئەم فۆرمە دەبێتە ( خاتم الایقاعات )ی ئەدەبی و هونەری ، چونکە وێرای ئەوەی هەمیشە لە بوژانەوەو نوێبوونەوەدایە ئەو تاقە فۆرمە کە بتوانێ بوێرانە ڕووبەڕووی سەرجەم ئیقاعە دەسکردو تەقلیدییەکان بێتەوەو لەدوایشدا بتوانێ ئیستعابی چەمکی فۆرم و حاڵەتی ناوەوەی ئیقاعی سەردەمی نوێ بکاو ببێتە میوانی هەموو سەردەمەکانیش "([٦١]).

بزاڤی تەغریبی بەلای ڕۆستەم باجەلانەوە هەنگاوی چوارەمی نوێبوونەوەی شیعری کوردییەو ، بەلایەوە :" بزاڤی تەغریبی لەگەڵ یەکەم هەنگاوی سەرهەڵدانیدا توانی کۆمەڵە تێڕوانینێکی نوێ پێشکەش بە خوێنەر بکا ، ئەم تێڕوانینانە خۆیان لەناو پێکهاتەی بیردۆزێکی مەعریفی لوولدابوو ، ڕەنگە یەکێك لەم تێڕوانینانەش پێناسەکردنی زاروەکانی ( تەغریب ) و ( حاڵەتە تەغریبییەکان )

---

[٦٠]- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەعروف ، هەڤپەیڤینی ئاری ئاغۆك ، ڕۆژنامەی پەیامی ئاشتی ، ژمارە (٥) ، کانوونی دووەمی ٢٠٠٢

[٦١]- هەپەیڤین لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، گۆڤاری نەواڵەی نوێ ، ژمارە (٢٠)ی ساڵی دووەم

ببێ ، کە بەم شێوەیە هاتوون : ئەگەر تەغریب بریتی بێ لە گۆی زەوی ئەوا حاڵەتە تەغریبییەکان بریتین لـە جەمسـەرو ئۆقیانۆوس و وڵات و پایتـەخت و شـار و دێ ..."([٦٢]) .

سادەترین ڕوونکردنەوە بۆ چەمکی ئەدەبیی تەغریبی بەلای ڕۆستەم باجەلانـەوە ئەوەیە :" فرە فۆرم و فرە ناوەرۆکە ، واتە کردارە مەتاتیەکە پەیوەندییەکی ڕۆحی بە حاڵەتی هەڵکشان و داکشانی ناوەوەی نووسەرەوە هەیە "([٦٣]).

ڕۆستەم باجەلان لە قەسیدەی ( غ.ە،ر.ی.ب )دا زۆر لایەنی مرۆڤی نامۆی بۆمان خسـتۆتە ڕوو وەك شـاعیرێکی نـامۆ دەربـارەی ئـەو جـۆرە کەسـانە زۆری وتـووە ، چـونکە ئـەم شـاعیرە لـە نـاخی خۆیـدا بەدەسـتی هـزرو هەسـتی نامۆبوونـەوە زۆر تلاوەتـەوە . شـاعیری نـامۆش بـەلای د.کـەمال مەعروفـەوە :" لـە کۆمـەڵگا دوور ناکەوێتەوەو لەگەڵ خەڵکی دەژێت ، بەڵام لێیان نامۆیەو دەچێتە جیهانی تایبەتی خۆیەوە ، لەڕووی بیری و دەروونییەوە لە کۆمەڵگا دادەبڕێ ، خەڵکی لە بارێکـەوە ئەویش لە بارێکی تر ژیان بەسەر دەبات "([٦٤]) .

عەباس عەبدوڵلاّ یوسف یەکێکە لەوانەی واژوویان کردووە لەسەر بەیاننامەی ( بەرەو بزاڤی تەغریبی ) کەوا لە ڕۆژی ٢٠٠١/٥/٢٨ بلاّوکراوەتەوە ، بەلاّم لە ژمارە (٩٠) مانگانەی ( بەدرخان ) لە بزاڤەکە هەڵگەراوەتەوەو بە ( سوعبەتێك بوو ) دەشوبهێنێ ، بەلاّم د. کەمال مەعروف دەربارەی ئەم هەڵگەڕانەوەیە دەڵێت :" بەیاننامەی بزاڤی تەغریبی لەلایەن ( من و ڕۆستەم و عەباس )ەوە ، لە هەولێر لە ٢٠٠١/٥/٢٨ ڕاگەیەنرا ، پاش ئەوەی تاوتوێ کراو بەوردی بناغەکەی داڕێژرا ، ئینجا هەرسێکمان واژوومان کرد . عەباس ترشی بێ و ترسی بێ یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەری بزاڤەکە ، بەلاّم دەبێ ئەوەش بزانین عەباس شاعیرێکی سوریالییە ، دیارە یەکێك لە سیماکانی سوریالیزم ئەوەیە شاعیر وێنەکان وەردەگێڕێ و ڕاستیەکان ئاوەژوو دەکات ، بۆیە شتێکی ئاساییە کە عەباس بڵێ

---

[٦٢] - چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، سازدانی عەلی بەختەوەر ، ڕۆژنامەی باسەرە ، ژمارە (٦١) ، چوارشەممە ٢٠٠٤/٧/١٤

[٦٣] - چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە (١٢٤٤) ، ٢٠٠٣/٩/١٦

[٦٤] - چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەعروف ، هەڤپەیڤینی : سەفەر عەلی ، ژمارە (١)ی بلاّوکراوەی بزاڤی تەغریبی

بزاڤی تەغریبی سوعبەت بوو ، چونکە دیوەکەی تری ڕاستی بووە ، شاعیر لێرەدا خوێنەری ئاسایی چەواشە دەکات"([٦٥]) .

دیارە هاوشێوەیەك لەڕووی پێکهاتەی ئەندامانی بزاڤی تەغریبیی کوردی و بزاڤی غەریبیی تورکیی ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوو هەیە ، چونکە هەرسێ ئەندامەکەی بزاڤی تەغریبی لە سێ کەسی ناتەبا پێکهاتبوو ( د.کەمال مەعروف وەك ڕەخنەگرو مامۆستای زانکۆ ، ڕۆستەم باجەلان وەك شاعیرو مامۆستای ناوەندی ، عەباس عەبدوڵڵا یوسف وەك شاعیری سوریالی و ڕۆژنامەنووس ) ، هەروەها بزاڤی غەریبی لە تورکیا لەم سێ کەسە ناتەبایە پێکهاتبوو ( ئۆرخان وەلی و مەلیح جەودەت ئەندای و ئۆکتای ڕەفعەت ) ، کەوا لە ساڵی ١٩٤١دا کۆمەڵەی ( غەریب چیلەر )یان ڕاگەیاندو کۆمەڵە شیعری ( غەریب )یان بەناوی گروپەکەیان بڵاوکردەوە ئەو کۆمەڵەی تەغریبیەی تورکی وەك ڕۆستەم باجەلان دەڵێت :" لەڕووی جۆری تێڕوانینەوە وەك یەك نەبوون "([٦٦]) . هەروەها لەبارەی خۆیان و ئەوانەوە دەڵێت : " لەڕاستیدا ئەم سێ شاعیرە .. هەریەکەیان جیهانی تایبەتی خۆی هەبوو ، هەر بەو مەفهوومە کۆکردنەوەی هەرسێکمان لەدوو توێی بەیاننامەیەکی هاوبەشدا ڕەوایە مادامەکی بزاڤی تەغریبی ڕووخسارێکی جیهانیی هەیە "([٦٧]) .

هەموو بزاڤێك لەبەر چەند هۆکارێك دروست دەبێ لەپێناو چەند مەبەستێك کۆشش دەکات ، بزاڤی تەغریبییش " بزووتنەوەیەکە هەروەك چۆن لە دەرەوەی کوردستان ڕەنگ و سیمای بەدەرکەوتووە ، لەناو وڵاتیش هەمان سیماو هەمان ناوەرۆکی هەیە . ( تەغریبی ) یاخی بوون و ڕەفزکردن و دەرخستینیی شتە شاراوەکان و پەردە لەسەر شتە نهێنییەکانی کۆمەڵ لادەدات ، ئەو شتانەی کە باس کردنی هەندێ جار یاساغ دەبێ "([٦٨]) .

---

[٦٥] – چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەعروف ، گۆڤاری نەواڵەی نوێ ، ژمارە (٥٧)ی نیسانی ٢٠٠٨

[٦٦] – چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، ڕۆژنامەی سپیدە ، ژمارە (٢٣) ، ٢٠٠٣/٣/١٦

[٦٧] – چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، ئامادەکردنی فوئاد سدیق – بەیاننامەی ئەدەبی ، ڕۆژنامەی هەولێر ، ژمارە (١١) ، هاوینی ٢٠٠١

[٦٨] – چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەعروف ، هەڤپەیڤینی دڵزار حەسەن ، ڕۆژنامەی میدیا ، ژ/٩٨ ، ڕۆژی ٢٠٠١/٦/١٦

وشەی غەریب لەڕووی فەرهەنگییەوە دوو واتای هەیە : یەکەمیان مرۆڤی نامۆییەو ، دووەمیان شتی ناوازە ، بەلاّم واتای غەریب لەنێو بەیاننامەی تەغریبی‌دا " ڕابردووە ، ئێستایە ، داهاتووە . غەریب خۆی لە خۆیدا کەلەپووێکی میکانیزمییە لەناو سکی سەردەمە تاریکەکانەوە لەدایکبووە و هەمیشە لە گەشەبوون و پاشەگەردانی و نوێبوونەوەدایە " .

بێگومان زاراوەی تەغریبی لە وشەی تەغریب ( بەنامۆبوون ) وەرگیراوەو ، ئەم گروپەی تەغریبی لەو باوەڕەدان تەغریب یان تەغریبی " حاڵەتێکی نامۆ نییە لەناو ئەدەبی کوردیدا ، بەڵکو بەرە بەرە گەشەی کردووەو بەهۆی ئەم کردارە میکانیزمییەوە شاعیرو نووسەران توانیویانە چەندین تێڕوانین و بۆچوونی فەلسەفیانەی خۆیان سەبارەت بە کەون و ژیان و مەرگەوە بخەنە ڕوو . ئەم زاراوەیە وەکو تێکستێکی ئەدەبی چەندین مانای تازە هەڵدەگرێ و دواتریش خۆی بەهیچ یاسایەکی لۆژیکی نابەستێتەوە ، بەڵکو لە ئەنجامی ئاوێتە بوونی چەندین جیهانی مەعنەوی خۆی بە خوێنەر دەناسێنێ ، کە سەرجەم ئەم جیهانانە ، پێکهاتەی جیهانی شاعیر پێك دێنن " .

دیارە گروپی تەغریبی تەنیا خەمی ئەدەب و شیعریان نییە ، بۆیە لەچەند شوێنێکی بەیاننامەکەیان تاکرەوییانەو تەنیا باسی شیعر ناکەن ، بەڵکو هونەر لە بزاڤی تەغریبی بریتییە لە خەونە شیعر ، بۆ نموونە بەلایانەوە " هەموو کەرەستەکانی شیعرو هونەر لەناوەوەی چێوەی ئەم غوربەتستانە گڕتێبەربوونی خۆیان ئاشکرا دەکەن " . هەروەها لەم بەیاننامەیەدا جۆری ئەشکەنجەو ئازاری نامۆیی لای هەموو مرۆڤێك وەك نییە ، بۆ نموونە لە بەیاننامەکە هاتووە " غوربەتستانی نوێخوازان وەك غوربەتستانی نانوێخوازان دیوەدەر نییە، بەڵکو جیهانێکی خنکێنەری بێ سنوورە . ئەم جیهانە هالأوو تەمتوومانی لەبوونی خۆی نوواندووەو پەیوەندی بە فۆرم و ناوەوەی – لاوعی –یەوە هەیە . داهێنەری بەتوانا ئەو کەسەیە دەتوانێ لە ئاوارەییەوە وێنەی شتەکان بکێشی و لە ئاوەدانییەوە بە ڕاناوەکانیان ئاشنا بکا ... " . کەواتە تەنیا مرۆڤی نوێخواز و داهێنەری بەتوانا دەتوانێ لەبواری تەعریبییەتدا ڕاستگۆیانەو داهێنرانە هەستی نامۆیی مرۆڤی نامۆ بەرجەستە بکات .

هـەروەها بـەلای ئـەم گـروپـەوە " شـاعیری تـەغریب نـاو دەتـوانیٚ بـەهۆی جـۆری تێروانینی خۆیەوە شتێکی تـازە بەرهـەم بێنـیٚ ، ئـەم بەرهەمـە پێناسـەی شـاعیرەو لەژێر کەشێکی هاوبـەش و پرۆژەییـدا لـەدایك بووەو بـەرە بـەرە گەشـە دەکـاو لقـی نوێی لیٚ دەبێتەوە " . لێرەدا بۆمـان دەردەکـەوێت ئـەزموون و بیرکردنـەوەی شـاعیر زەمینـەی لـەبارە بـۆ سـەرهەڵدانی هەسـتی نـامۆیی لای شـاعیری تـەغریبی ، کـەوا لـەڕێی هەسـتی بـەپێزو خـەیاڵی داهێنەرانـە ئـەو هەسـتە لـەنێو هۆنراوەکەیـدا دەخاتەڕوو ، لەم بارەیەوە دەڵێن " تێروانینیش ئەم کردارە داهێنەرو نوێخوازییە ، دەتوانیٚ بە ڕێگای هەستی بەپێزو خەیاڵی داهێنەرانە بەرگی بوون لەبەر شتە نەبوو و مەعنــەوی و تراویلکەییـەکان بکـا . بەمـەش شـاعیرە نوێخوازەکـان لەیـەکتری جیادەکاتەوە " ، هەرچەندە جیهانی شاعیری نوێخواز بەلایانەوە بریتییە لـە چـوار جیهـان ئەمانـەن : ( جیهـانی دیـوەدەر– جیهـانی خنکێنـەر – جیهـانی کەسـێتی – نــەوەو ســەردەمەکان ) ، مەبەســتیش لــە جیهــانی دیــوەدەر جیهــانی واقیعــی فوتوگرافکراوەی شاعیرەو ، جیهانی خنکێنەر دیوی دووەمی واقیعە ، کـە ئـەویش بە دەوری خۆیەوە لە ئاوارەییەوە لەدایك دەبیٚ و ، جیهـانی کەسـێتیش بەلایانـەوە خودگەراییە کەوا خودی شاعیر تێیدا ڕەنگدەداتەوە . ئەوەی جێی سەرنجە شـاعیر لـە تـەغریبی لـە کەلـەپوور و ڕابـردووی دانـەبراوە ، بـەڵکو دەیانکاتـە ئـامرازی بەستنەوەی بـە داهـاتوو ، چونکە بەلایانـەوە " مەبەسـت لـە کەلـەپوور فۆتۆکـۆپی کردنی ڕابردوو نییە ، بەڵکو شاعیری تەغریبی دەتـوانیٚ بەشـێوەیەکی زانستییانە سوود لە مێژوو وەربگریٚ ، مەبەستیش لەم کارە ئەوەیە ئەسپی گەشتەکەی بـەرەو داهـاتوو تاوبـدا . دیـارە ژیـاریش چـەمکی تایبـەتی خـۆی هەیـەو پەیوەندییـەکی ڕاستەوخۆی بە تێکستی تەغریبی و شاعیری نوێخوازەوە هەیە " .

دامەزرێنەرانی گروپی تەغریبی لەنێو نامەکەیاندا ڕاستەوخۆ کاریگەری هەندیٚ نووسـەری بـەناوبانگی جیهـانیی بەسـەرخۆیاندا – بـە وەعـی بیـت یـان نـاوەعی – ئاشکرا دەکەن([٦٩]) کاتێك ئامـاژە بـە کافکـاو قەسـیدەی ( نـامۆبوون )ی سـان جـۆن پێرس دەکەن ، بەڵکو بەشێوەیەکی ڕوونتر ئەو کاریگەرییە دەرەکییە ئاشکرا دەکەن

---

[٦٩] – د. کەمال مەعروف لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دڵزار حەسەندا بەم شێوەیە باسی لە کاریگەری دەرەکی دەکات : " مانفێستەکەی ئێمە لە ئەنجامی موعاناتی ناوەوەو دەرەوەی ڕۆشنبیرانی کورد سەری هەڵداوە ، بەڵام مانای ئەوە نییە کە لە کاریگەری بە دوور بیٚ ، بێگومان دەرەوە کاریگەری خۆیان هەیە " بڕوانە : هەمان سەرچاوە ، ل٧٨

کاتێك باس لە گروپی تەغریبیی تورکی ( غەریب چیلەر ) دەکەن ، کەوا لەلایەن ئەم سێ ئەدیبە ( ئۆرخان وەلی قانیق – و – واکتای ڕەفعەت – و– مەلیح جەودەت )ەوە لە ساڵی ١٩٤١ دامەزرێنراو ، کۆمەڵە شیعرێکیان بەناوی ( غەریب ) بەناوی کۆمەڵەی تەغریبەوە بڵاوکردەوە ، بێ ئەوەی لە بەیاننامەی تەغریبیدا سروشتی بەیاننامەی تەغریبیی تورکی بخرێتەڕوو ، هەروەك چۆن هەندێ تیشکی باش خراوەتە سەر قەسیدەی ( نامۆبوون )ی سان جۆن پیرس ، بەتایبەتی کاتێك دەڵێت :

پێویستە قەسیدەیەکی گەورە

لە قومی نامۆبوون کۆبکەمەوە

دادایزم یەکێکە لە ڕێبازە ئەدەبییەکانی ئەوروپا ، کەوا لە فەڕەنسا لە ساڵی ١٩١٦ سەریهەڵدا وەك کاردانەوەیەك بۆ بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانیو تا ١٩٢٢ توانی بەردەوامی خۆی بنوێنێ . هەروەك چۆن وشەی دادا لە زمانی فەڕەنساییدا واتای نییە ، بەهەمان شێوە بەرپابوونی ئەو جەنگەش بەلای داداییەکانەوە هیچ واتای نەبوو ، چونکە خەڵکی ئەوروپای تووشی ماڵوێرانی و نامۆیی کرد ، بەڵام ئەم گروپەی تەغریبیی کوردی لە بەیاننامەکەیاندا بەڕاشکاوی ڕایدەگەیەنن پێوەندییان بە گروپی دادایزمی فەڕەنساوە نییەو ، لەم بارەیەوە دەڵێن " بزاڤی نامۆگەری ، ڕووخسارێکی جیهانی هەیەو پەیوەندیی بەهەموو کەش و هەوا جۆراوجۆرەکانی سەر ئەم گۆی زەوییەوە هەیە بەمەش ئەم بزاڤە خۆی لە ڕیچکەی – دادەوییەت – جودا دەکاتەوە ".

مرۆڤی نامۆ زۆرتر جێی بایەخی تەغریبیە ، چونکە مرۆڤ بەلایانەوە " سەنتەری گەردوونەو پەیوەندییەکی بەتینی بە مەعریفەو ژیارو سۆسیۆلۆژیاوە هەیە " ، هەروەها بەلایانەوە " ئەگەر کەون جێگای سەرسوورمان بێ ، ئەوا بوونی مرۆ جێگای سەرسوورمانترە ، بۆیە نووسەری تەغریبی دەبێ بە دوای شتە بەرجەستەو مەعنەوییەکانەوە بگەڕێ و بیر لەهەر دووکیان بکاتەوە " . هەر ئەم لایەنە ڕادەی پێوەندیی تەغریبیمان بە فەلسەفەی ڕەشبینی بۆ دەخاتەڕوو .

ڕیشاڵەی ئەم گروپە تەنیا پابەند نییە بە فیکری ڕۆژئاوا ، بەڵکو ڕیشاڵەیان پێوەندی هەیە – وەك خۆیان ئاماژەی پێدەکەن – بە بەرهەمی هەندێ شاعیری کۆن

و نوێی کوردەوە وەك ( بابە تاهیری هەمەدانی ، مەولەوی ، نالی ، سالم ، مەحوی ، جزیری ، حاجی قادری کۆیی ، هێمن ، بورهان جاهید ، عەبدوڵڵا پەشێوو ..)

بەلای تەغریبییەکانەوە فۆرمی مەتاتی هەیە ، چونکە " ئەم فورمە پەیوەندییێکی بەتینی بە شیعرەوە هەیە ، کە ئەویش بە دەوری خۆیەوە ئامێری گواستنەوەی هزرەو پەیوەندیی بە ڕیشاڵی ئیبداعییەوە هەیە " .

زمانیش بەلای تەغریبیەوە خاوەن توانای لەڕادە بەدەری خۆیەتی و " نووسەری تەغریبی تا ڕادەیەکی زۆر چێوەی ئەم وتەیە بەلاوە دەنێ کە دەڵێ : زمان هەرگیز ناتوانێ هەستی ڕاستەقینەی نووسەر بە کرداری وشەوە بگوازێتەوە " . هەروەها نووسەری بەتواناش بەلای تەغریبییەکانەوە " ئەو کەسەیە دەتوانێ بەهۆی وشەوە وێنە و درز و بۆشاییە هەموو دیوە و ڕووخسارەکانی ناو تەنی زەین بکێشێ و بەهۆی ئەم کردارەوە ویستە سەرەکییەکانی خۆی بپێکێ " .

ئەم گروپەی تەغریبی خۆیان بە هەندێ هۆکاری نامۆیی خەریك کردووە ، وەکو خۆشەویستی ئافرەت و ، لەم بارەیەوە دەڵێن " بزاڤی نامۆگەری مەسەلەی خۆشەویستنی ئافرەت و جوانیی سروشت بەلاوە نانێ ، بەڵکو سیفەتی سەربەخۆییان لێوەردەگرێ و سیفەتی جوزئییان دەداتێ ، چونکە جوزئەکان هەموویان لەناو تەنی قەسیدەی تەغریبی کۆدەبنەوەو بە هەموویان وێنەی نوێخوازیی بۆ دەکێشن " .

هەروەها ئەم بزاڤە پێوەندی خۆی ، یان بۆچوونیان بە ململانێی نێوان ڕۆشنبیران لەم بەیاننامەیەدا دەخەنەڕوو ، ئەم جۆرە ململانێیە دەکەنە فاکتەرێك بۆ زیاتر تەکان بەرەو نوێکردنەوەی دەقی شیعر و ، بەلایانەوە " نووسەری تەغریبی هەمیشە بڕوای بە ململانێی نێوان نەوەکانەوە هەیە ، بەڵام لەگەڵ ئەمەش ئەوە دەزانن پیری و لاوی پەیوەندییان بە جۆری بیرکردنەوەو تاقیکردنەوە هەیە نەك تەمەن ، بۆیە لەم نورێنگەوە تەکان بە ئەدەب و هونەری نوێخوازی دەدا " .

بەلای د. کەمال مەعروفەوە ، وەك ڕابەرێکی زۆر شارەزای بزاڤی تەغریبی بە حوکمی ئەوەی چەند ساڵێك ئازاری غوربەت و ئاوارەیی لە فەڕەنسا چێشتووە(٧٠)

---

٧٠– د. کەمال مەعروف لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ دڵزار حەسەندا بەم شێوەیە باسی کاریگەری نامۆیی خۆی دەکات :" خودی خۆم کە لە دەرەوەی وڵات بووم هەستم بە نامۆیی دەکردو لە گەڕانەوەشدا زیاتر هەست بە نامۆ بوون دەکەم ، ئەمەش بەلای منەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤی ڕۆشنبیری نامۆ لە دەرەوەی وڵاتدا ڕەگی شین نابێ و نابێتە

، تەغریبی " بزووتنەوەیەکە هەروەك چۆن لە دەرەوەی کوردستان ڕەنگ و سیمای بەدەرکەوتووە ، لەناوەوەی ولاتیش هەمان سیماو هەمان ناوەرۆکی هەیە . ( تەغریبی ) یاخی بوون و ڕەفزکردن و دەرخستنیی شتە شاراوەکانە و پەردە لەسەر شتە نهێنیەکانی کۆمەڵ لادەدات ، ئەو شتانەی کە باسکردنی هەندێ جار یاساغ دەبێ "([71]).

نامۆگەرایی بەلای ڕۆستەم باجەلانی ئەندامی کارای ئەم بزاڤە " بریتییە لە جۆرە سۆزێکی هالاو تەحری ، لە ناکاوڕا دووچاری نووسەرو هونەرمەند بوونەوەرە هەستەوەرو ڕۆشنبیرو ڕووناکبیران دەبێ بەهۆی ئەوەوە هەست بە مەنفاو دووری و ئاوارەیی و نیگەرانییێکی هەمیشەیی دەکەن "([72]) . هەروەها بەلایەوە " ئەگەر تەغریب بریتی بێ لە گۆی زەوی ، ئەوا حالاتە تەغریبییەکان بریتین لە جەمسەرو کێشوەرو ئۆقیانووس ولات و پایتەخت و شارو لادێ و ڕووبارو ڕێ و لاتەڕێ و ، ئەگەر ئەم پێناسەیە بە بنەماو لەم ڕوانگەوە سەیری تەغریب و حالاتە تەغریبییەکان بکەین ئەوا چەندین بۆچوون پووچەڵ دەکەینەوە "([73]) .

ئەم ڕابەرەی بزاڤی تەغریبی لەو باوەڕەدایە " ڕۆشنبیری کورد هەمووی تووشی تەغریبی بووە ، تا ڕادەیەکی باشیش لە بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە ، بەلام وەکو پێویست لای لێ نەکراوەتەوەو لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە "([74]) . دیارە ئەم لایەنە یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکانی بەشداری بوونی لە دامەزراندنی ئەم بزاڤە نوێخوازە لە ئەدەبی کوردیی هاوچەرخدا .

مرۆڤی نامۆ هەندێ جار حەزی لە یاخی بوونە لە کۆمەڵ و واقیعەکەی ، بەلام ئەم یاخیبوونە بەلای د. کەمال مەعروفەوە " مانای ئەوە نییە قەدری هەموو شتێك لامان ون ببێ ، بەلام لەگەڵ هەموو شتە جوانەکانیشدا چرپە دەکەین " . هەروەها بەلایەوە " بزاڤی تەغریبی لە واقیعەوە سەرهەڵ دەدات و لە واقیع یاخی دەبێ ،

---

درەختێکی تەمەن درێژ کە دەگەڕێتەوەش دیسان هەست دەکات کە لە ولات ڕەگی هەڵکەنراوەو نەماوە ، واتا چ لە ناوەوەی چ لە دەرەوەی ولات هەست دەکات کە بێ شوێنە " بڕوانە : هەمان سەرچاوە ، ل٧٨

[71] – هەمان سەرچاوە ، ل٧٧

[72] – هەمان سەرچاوە ، ل٨٨

[73] – هەمان سەرچاوە ، ل١٢٧

[74] – هەمان سەرچاوە ، ل٧٧

لەهەمان کاتیشدا بەرەو واقعێکی تر هەنگاو دەنێ کە لە واقیعی پێشوو باشترو بەپێزترو بەهێزترە "([٧٥]) .

ڕۆستەم باجەلان ، شاعیری ناسراوو ئەندامی کارای بزاڤی تەغریبی ، لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ فوئاد صدیق لەو باوەڕەدایە ئەم بزاڤە ڕەسەنایەتی خۆی هەیەو دامەزرێنەرانی ئەم بزاڤە تاقیکردنەوەی ئەدەبیی باشیان هەیەو ، لەم بارەیەوە دەڵێت " دیارە بزاڤی تەغریبیش پێناسەی ڕەسەنایەتی خۆی هەیەو ، ئەم پێناسەیە خۆی لە تێڕوانینی فەلسەفەی خودگەراییەوە لوولداوەو لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕۆمانە پڕ لە موعانەتەکانی ڕووخساری منداڵ و لاوو پیرو جێناوە هەستەوەرەکانەوە لەدایکبووە ، بە ڕاشکاوی دەڵێین : ئەوانەی بە دامەزرێنەری ئەم بزاڤە دادەنرێن تاقیکردنەوەیان هەیەو دەستێکی بالآیان لە بزووتنەوەی ئەدەبی نوێخوازی کوردیدا هەبووە "([٧٦]) .

لە ئەنجامی ئەم تەوەرەو ئەو خوێندنەوە بۆ بەیاننامەی تەغریبییە ، کەوا پێش یانزە ساڵ بڵاوکراوەتەوە ، دەتوانین بەچەند خاڵێك خەسڵەتە سەرەکییەکانی دیاری بکەین :

١- هەندێ فاکتەری دەرەکی و ناوەکی ڕۆڵی خۆیان هەبووە لە سەرهەڵدانی بزاڤی تەغریبی یان نامۆیی لە ئەدەبی کوردیی هاوچەرخدا ، بەتایبەتی ساڵآنی شەڕی ناوخۆیی ساڵآنی ١٩٩٤-١٩٩٨ .
٢- دامەزرێنەرانی سوودیان لەهەندێ بۆچوونی ڕابەرانی ئەدەبی نامۆ لە جیهان وەرگرتووە ، هەروەها سوودیان لەهەندێ لایەنی بزاڤی تەغریبیی تورکی وەرگرتووە .
٣- خاوەن هەندێ بۆچوونی خۆیان بوون لەمەڕ چەمك و پێناسەی زاراوەی نامۆیی و ئەدەبی نامۆیی .
٤- بەیەکجاری وەك بزاڤی ڕوانگە پشتیان لە کەلەپوورو ڕابردوو نەکردووە ، بەڵکو بەلایانەوە بنەمایەکە بۆ تێڕوانین لە ئێستاو داهاتوو .

---

[٧٥] – هەمان سەرچاوە ، ل٨١

[٧٦]– هەمان سەرچاوە ، ل٨٤

٥- لەو باوەڕدا بوون زمان خاوەن توانایەکی بەرزە بۆ دەربڕینی هەستی پەنگخواردووی ناخی شاعیری تەغریبی .

٦- زیاتر لە بەیاننامەکەی بزاڤی تەغریبی باس لە شیعرو شاعیر کراوە وەك ئەوەی شیعر باشترین کەرەستەی ئەدەبیی بێت بەلایانەوەو ، هیچ ئاماژەیەك بە ڕەگەزەکانی دیکەی ئەدەب نەدراوە .

٧- جگە لە بایەخدان بە شیعر ، جۆرە بایەخدان و باسکردنی هونەریش کراوە بیٚ ئەوەی جۆری هونەرەکە دیاری بکرێت .

٨- جۆرە ئاماژە پێکردنێك بە خۆشویستنی ئافرەت و جوانیی سروشت لە بەیاننامەکەی تەغریبی بەرچاو دەکەوێت وەك دوو لایەنی بە نامۆ بوونی مرۆڤ .

٩- ئەندامانی ئەم گروپە خۆیان بە نەوەو هەڵگری هەستی نامۆیی نێو شیعری کلاسیکی و نوێی کوردی دادەنن ، چونکە خۆیان بە خەمخۆری هەستی نامۆیی لای مرۆڤی کوردی هاوچەرخ دادەنێن .

١٠- ئەندامانی ئەم گروپە زۆر بە جوانی بایەخ بەهەردوو لایەنی فۆرم و ناوەرۆکی شیعری تەغریبی دەدەن ، چونکە بەلایانەوە لەنێوان هەردوو لایەنی فۆرم و ناوەرۆك پێوەندییەکی کاریگەر هەیە بۆ خستنەڕووی داهێنان لە شیعری تەغریبی دا .

## تەوەرەی پێنجەم:

# زمانی شیعری نامۆیی لە لای ڕۆستەم باجەلاندا

یەکێك لە ڕەگەز و پێکهاتە گرنگەکانی دەقی ئەدەبی زمان و شێوازە ،چونکە دەقنووس لەڕێی جۆرە زمانێکەوە پرۆسەی داڕشتنی دەقەکەی ئەنجام دەدات. زمانی ئەدەب – بە تایبەتی زمانی شیعر – بە زمانی باڵا ( meta language) دادەنرێت ، چونکە جۆرە زمانێکی ستاندەرو دانسقەیە جیاوازە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی ( speak ) ، کەوا دیاردەی شێوەزارەکانی پێوە دیارە . لێرەدا پێویستە بووترێت " ئەرکی زمان لە شیعردا گەیشتنی مەبەستە بە کەمترین وشە ، شیعر وەك پێشەنگایەك وایە زمان خۆی تێدا دەنوێنێ و پتەوتر و جێگیرتر دەبێ "([77]) .

شاعیر خاوەن پەیامی خۆیەتی و دەیەوێت خۆی بنوێنێ بەسەر بیرو هەستی خوێنەرانی دەقەکەیدا ، تەنانەت لەم بوارەدا ڕۆڵی زمان لەبەرچاوە لە بەخشینی نەمری بە دەقە ئەدەبییەکە و نووسەرەکەی ، واتە زمانی باڵای شیعر یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی . شاعیر ، وەك ڕۆشنبیرێکی پایە بەرز ، پەنا دەباتە بەر زمانی یەکگرتووی میللەتەکەی نەك شێوازی ناوچەکەی بۆ سوود وەرگرتن لە ڕۆڵی زمان بەسەر دەربڕینی ئەدەبی ، چونکە زمان کەرەسەیەکی سەرەکیی پەیامی دەربڕینە بۆ خستنەڕووی بیرو بۆچوونەکانی شاعیر .

ئەم لایەنەی دەربڕین بەهای خۆی هەیە، چونکە نووسەر دیەوێت لەڕێی جۆرە دەربڕینێکی جوان و سەرنجڕاکێشەوە کاریگەرییەك بە دەقە ئەدەبییەکەی ببەخشێت ، واتە ئەرکی دەربڕینی جوان و کاریگەر یەکێکە لە خەسڵەتەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی .

کەواتە شاعیر مرۆڤێکە لەنێو ژینگەیەکی کۆمەڵایەتی دەژی ، هەمان شێوە زاری ئەوان لە ژیانی ڕۆژانەی خۆی بەکاردەهێنێ ، بەڵام بۆ نووسین و داڕشتنی هۆنراوەکانی پەنا دەباتە بەر زمانێکی یەکگرتووی ستاندەر بۆ فراوانکردنی بازنەی تێگەیشتنی خوێنەرانی نەتەوەکەی بۆ دەقی شیعرەکانی . هەروەها زمانێکی

---

[77]– سروشت جەوهەر حەوێز – تازەکردنەوە لە شیعرەکانی ( ئازاد دڵزار )دا ، ل١٢١

شيعريى بالاَ بەكاردەهێنێ بۆ زيادكردنى كاريگەرى زمانى شيعرەكانى لە هزرو بيرى خوێنەرانى ، كەواتە " ئەوەی زمان دەكات بە زمانی شیعر خودی شاعیرە "([78]) .

وەك دەوترێ شيعر خاوەن پانتاييەكى فراوانترە لەنێو ڕەگەزەكانى ئەدەبى گەلان بەگشتى و ئەدەبى كوردى بەتايبەتى ، شيعر بەهۆی جۆری زمانە ناسك و كاريگەرەكەيەوە توانى مێژوويەكى دێرين بۆ خۆی دابين بكات ، " شيعر هونەرێكە شاعير لە ڕێگای زمانەوە بە شێوازێكى ڕێك و تەكنيكى هونەرى مامەڵەكردنى هونەرەوە ، لە پانتايى فەرهەنگى زماندا دەستەبەرى دەكات "([79]).

ئەگەر " شيعر نەريتى هاوهێزى سروشت و مرۆڤە ، بە داهێنان و هۆشياريى ، شاردراوە ڕۆحييەكانى مرۆۆ شرۆڤە دەكا و ديكۆمينتى وەلامى پرسيارە "[80] ، ئەوا زمانى شيعريى خاوەن چەندين ئەركە وەكو كەرەسەيەكى دەربڕينى گرنگ بۆ بيروبۆچوونەكانى شاعير ، هەروەها فلچەی هونەريى گرنگى شاعيرە بۆ وێنەكێشانى بابەتى سەرەكيى نێو هۆنراوەكەی ، ئەمانە جگە لەوەی زمانى شيعريى باشترين كەرەسەی شاعيرە بۆ بەرجەستەكردنى كێشەكانى مرۆڤى نامۆ ، بۆيە " ئامانجى سەرەكيى زمانى شيعر ، گەياندنى بايەتى ( Theme ) شيعرە ، لەم هەڵوێستەدا شيعر نەك ئاكام ، بگرە ڕێگاشە ، ئەگەر وەك مەبەست مامەڵە لەگەڵ شيعر كرا "([81]).

ديارترين لايەنەكانى زمانى شيعرى لەوەدايە شاعير بە ئەنقەست هەندێ ڕستەو دەستەواژەی نێو دەقەكەی هەڵدەبژێرێ لەڕووی سەرسوڕمان و پرسياركردن و ئەرێ و نەرێ و ڕستەی واتادارو جۆرەكانى ڕستەوە ، هەروەها شاعير وەك دەقنووس لەنێو زمانى دەقەكەيدا سوود لە هەندێ لايەنى دەنگسازى وەك هێزو بڕگە وەردەگرێت ، جگە لە سوود بينينى لە لايەنەكانى وشەسازى و ڕستەسازى بۆ

---

[78]- محمد رضا مبارك – اللغة الشعرية في خطاب النقد العربي المعاصر ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٣ ، ص٧١

[79]- د. ئازاد ئەحمەد مەحموود – بونياتى زمان لە شيعرى هاوچەرخى كورديدا ، چ/٢ ، لە بلاَوكراوەكانى ئەكاديمياى كوردى ژمارە (١٨٨) ، چاپخانەی حاجى هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل١٧

[80]- د. ئازاد ئەحمەد مەحموود – هۆشياريى لە شێوازى شيعريدا ، گۆڤارى ئاييندە ، ٢٠٠٥،ل٣٥

[81]- هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٦

**بەخشینی جۆرە کاریگەرییەك بە زمانی دەقەکەی . لێرەدا پێویستە بڵێین هەرچەند باری زمان گرانتر بکرێت لە کاتی نووسینی دەقی شیعردا لەڕووی بەکارهێنانی لێڵی و تەمومژی لەبواری واتاسازی و دەستەواژەو ئیدیۆمی ناڕوون ، هەروەها لەبواری بەکارهێنانی جۆرە ڕستەیەکی شیعریی درێژدادەر ، ئەوەندە باری تێگەیشتن لە چێژی ئەم جۆرە زمانە لای خوێنەرەی دەقەکە گرانتر دەبێت .**

**شیعری نامۆیی بە هۆی ئەوەی جۆرە شیعرێکە دەبیٚ خاوەن جۆرە زمانێك بێت توانای بەرجەستەکردنی حاڵەتە دەروونی و هزریەکە بێت ، بەشێوەیەکیش دارێژرابێت بتوانیٚ کاریگەری پەیامی نووسینی شیعرەکە بگەیەنێتە ناخی خوێنەری ، یان پەیاموەرگری ، هۆنراوەکە . هەرچەندە ئەرستۆی فەیلەسووف لە کتێبە ڕەخنەییە بەناوبانگەکەیدا ( هونەری شیعردا ) لەو باوەڕەدا بووە " زمانی شیعر نە نامۆو داخراوە ، نە پەرپووت و نە زۆر بەکارهاتوو و ئاست نزمە "([82]) .**

**دەربارەی کامیان ڕاستترە بڵێین زمانی شیعر ، یان زمانی شیعری ، ئێمەیش دەربارەی ئەم تەمومژییە دەڵێین :" زمانێکی تایبەتی شیعر بوونی نییە وەك زمانێکی تایبەتی مۆسیقا ، بۆیە دەتوانین بڵێین زمانی مۆسیقا ، بەلاٚم ناتوانین بڵێین زمانی شیعر "([83]) ، بۆیە ئێمەیش دەڵێین " دەستەواژەی ( زمانی شیعری ) زانستی ترە و لە لێکۆڵینەوەدا دەکەوێتە ژێر تیشکی یاسا زمانییەکان "([84]) .**

**هەروەها زمانی شیعری هەمان زمانی ڕۆژانەی ئاسایی مرۆڤ نییە لە بواری جۆری وشەو دەستەواژەکان لەڕووی واتای فەرهەنگی و واتاسازییەوە ، بەڵکو زمانی شیعری بە جۆرە زمانێکی بالاٚی خاوەن واتا بەستراوە بە واژەکانی جیاواز لە زمانی ڕۆژانەی خەڵکی دادەنرێت ، چونکە " زمان لە چوارچێوەی جیهانی خۆی ئامرازی گەیەنەرە ، کەچی لەبەرهەمی ئەدەبیدا سەرچاوەی ورووژان و جموجۆڵ و جولاٚنی**

---

[82] – ارسطوطاليس – فن الشعر ، ت: عبدالرحمن بدوي ، ط/٢ ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٧٣ ، ٦١

[83]– **محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم – پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە ، ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر وەك نموونە ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل١٠**

[84] – **هەمان سەرچاوە ، ل١١**

**وردترین هەستە ، کە لە حاڵەتی یەکەم ئەرکێکی دلالی هەیە کە ئیشارەتەکان بە واتا دانراوەکانەوە بەندن ، کەچی لە حاڵەتی دووەم ئەرکی ئیحائیان هەیە "([85]) .**

**لەم روانگەیەوە ، ئەوەی لە نێو شیعرەکانی"ڕۆستەم باجەلان"درکی پێدەکرێت ئەوەیە ، کە لەنێو ئەو شیعرانەی بە مانا و مەبەستی نامۆیی رەنگرێژکراون، جۆرە زمانێکی ئیحایی بەکاردەهێنێت، زیاتر بریتییە لە هاوکێشەیی نێوان وشەکان ، ئەمش زیاتر بۆ بەخشینی کاریگەرییە بە واتای ئەو وشانەی کە مەبەستی چەقبەستن و بە جەمسەرکردنی چەمکی نامۆیی بەکارهێنراون ، هەروەکو دەبێژێت:**

***تارمایی وەك سێبەری باڵام بچووك دەبێتەوە***

***گەورەتریش دەبێتەوە***

***تخوبی گردو لەندو کۆڵان و جۆگەڵە و شەقامەکانیش دەبەزێنێ***

***ئەم کردارە پەیوەندیی بەمنی غەریبەوە هەیە***

***ئەگەر من نەبم ، ئەم کردارەش بوونی نابێ***

***من = غەریب***

***کردار = غەریب***

***غەریب = غەریب = ڕاناوەکان([86])***

**لەبەردەم کۆپلە دەقێکی لەم چەشنەدا ئەرکی خوێنەرو پەیاموەرگری شیعرەکانی ڕۆستەم باجەلان هێندە ئاسان بەرزەفت ناکرێت ، بەڵکو لەڕووی زمانەوە" بۆ واتای واتا دەبێ لە واتای وشەکە بگات و ئەو واتایەش بیگەیەنێتە سەر واتایەکی دیکە "([87]) . واتە شاعیر لێرەدا لە ئەنجامی ئەو گەمە زمانی و دەربرینانەوە هەوڵیداوە خوێنەر بەرەو ئەوە ئاراستە بکات ، کە لە پشت دەربرینەکانەوە بۆ مانا شاراوەکانی دەق بگەڕێت. هەروەها هەروەکو باسمانکرد لەبەر ئەوەی زمانی شیعری جۆرە زمانێکی هونەرییە دەقاودەق وەك زمانی ڕۆژانەی خەڵکی نییە ،**

---

[85]- د. محمد فتوح احمد – واقع القصيدة العربية ، دار المعارف ، القاهرة ، ص١٤

[86] – **ڕۆستەم باجەلان – غ ە ر ی ب ، چامە شیعر ، چاپخانەی پاك ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل٨**

[87] – حاتم الصكر – الشعر العربي عند نهايات القرن العشرين / تحديث النقد الشعري ، دار الحرية للطباعة، بغداد ، ١٩٨٨ ، ص٧

بیگومانیش " ئاستی ئەو زمانە بەرزترە لە ئاستی زمانی ئاسایی ، ئەوەش هۆکارێکی گرنگە کە شیعر کاریگەرییەکی ئەفسووناوی هەبێ "([88]) .

بیگومان لە زمانی شیعری نامۆیی جاروبارێك دیاردەی لادانی زمانی بەرچاو دەکەوێت ، واتە زمانی ئەم جۆرە شیعرە پێویستی بە بەخشینی هەندێ واتای تازەیە بە هەندێ لەو وشانەی لەنێو ئەم جۆرە شیعرە بەکاردەهێنرێت ، یان شاعیر هەندێ کردەوەی زمانەوانی لەنێو هۆنراوەکەیدا دەکات، کە نادروستە لەڕووی سروشتی دەستووری ڕاستەقینەی زمانەکە ، چونکە بەلای ( جان کۆهن )ەوە " شیعر لادانە لە پێوەرێ کە یاساکانی زمانە ، کە هەموو وێنەیەك ، یاسایەك لە یاساکانی زمان یان بنەمایەك لە بنەماکانی پێشێل دەکات "([89]) . کەواتە دەکرێ بڵێین " لادان ، شکاندنی یاسای ڕێزمان و یاسای واتاسازییە بۆ پێکهێنانی پەیوەندی نوێ و مانای نوێی نێوان وشەکان ، و دەرچوونە لەشێوازی ئاسایی زمان و دروست کردنی زمانی شیعری زیندوو، کە سەرنجی خوێنەر ڕابکێشێت و کاری تێبکات ، هەروەها دوور کەوتنەوەیە لە شتی باوو ئاشنا بە جۆرێ کە ئاشناکانی دەوروبەرمان لێ نامۆ دەکات و پاشان جارێکی تر بەشێوازێکی نوێ پێمان ئاشنا دەکاتەوە ، کەوا هەست دەکەین یەکەمجارە دەیانبینین "([90]) . بۆ نموونە ڕۆستەم باجەلان لەم کۆپلە شیعرەی خوارەوە جۆرە لادانێك لە نووسێنی وشەی ( غەریب ) بەکاردەهێنی ، لەهەردوو جۆری نووسینی ئەم وشەیە بەشێوەی ستوونی و ئاسۆیی پیتەکانی ئەم وشەیە لەیەکتر ترازاون وەك ترازانی مرۆڤ لە کۆمەڵەکەی لەکاتی نامۆبوونیدا :

نیگەرانم

لە دوو ڕەسمی منەکان دەگەڕێم ، نایبینمەوە

منەکان غەریبن غەریب

---

[88] – د. خانزاد عەلی قادر – زمانی شیعری حاجی قادری کۆیی و مەحوی و شێخ ڕەزای تاڵەوبانی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل٥٦

[89] – جان کوهن – بنية اللغة الشعرية ، ت: محمد الولي ومحمد العمري ، المغرب ، ١٩٨٦ ، ص٦

[90] – ناز ئەحمەد سەعید – لادان لە شیعری ( لەتیف هەڵمەت )دا ، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە ، ٢٠١٠ ، ل٨

**وەکی توو غەریب**

**وەکی خۆم غەریب**

**وەکی بارندەو حەیواناتان غەریب**

**غ ە ر ی ب**

**ە**

**ر**

**ی**

**ب**

لێرەدا جۆرە گەنجانێکی تۆکمە لە نێوان مەبەست و مانا و ناوەرۆکی دەق و لەگەڵ شێوازی دەربڕین و تۆپۆگرافیای شیعرەکەدا هەیە، هەردوو جەمسەریش لە دەوری یەك کرۆك خول دەخۆن ، کە ئەویش مەسەلەی نامۆییە، بەمەش دەرخەری ئەو راستیەیە کە دەق لە بنەرەتدا یەکەیەکی ئۆرگانی یەکگرتووە، کە ئەمەش میکانیزمی نووسینی ئەم دەقەی فەراهەم کردووە.

لەم دیدگایەوە، ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە زمانی دەقی شیعریی کوردیی هاوچەرخ هەندێ لایەنی لادانی زمانەوانی تێدا هەیە لەڕووی بەکارهێنانی وشەی فەرهەنگیی تازەو واتادارو کاریگەر ، هەروەها بەکارهێنانی دەستەواژەی خاوەن ئیدیۆمی تایبەت و پەنابردنە بەر بەکارهێنانی ڕستەی شیعری زۆر کورت یان زۆر درێژی سەرنجڕاکێشی پڕ لە ئەندێشەی هونەریی، بە پێچەوانەی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکی کەوا پڕە لە وشەی سادەو دەستەواژەو ڕستەی خاوەن واتای ڕاستەوخۆ ، چونکە " لادانی واتایی شکاندنی یاساکانی دیوی ناوەوەی زمانن ، پەیوەندییەکی پتەویان بە گۆڕینی مەبەست و واتاو تێگەیشتنەوە هەیە ، واتا نەك هەر واتای سەردەم دەگۆڕن بەڵکو دەبنە بار و ئەرك بۆ گوێگریش "([٩١]) .

---

[٩١] – پرۆفیسۆر د. محەمەد مەعرووف فەتاح – لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان – کۆکردنەوەو ئامادەکردنی شێروان حسێن خۆشناوو شێروان میرزا قادر ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل٤١٨

# بەشی دووەم:

## ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نامۆیی

## ناوەوەی خود لە شیعری ڕۆستەم باجەلاندا

### تەوەرەی یەکەم:

### نامۆیی خودی لە شیعری ڕۆستەم باجەلان

### تەوەرەی دووەم:

### نامۆیی هزری لە شیعری ڕۆستەم باجەلان

تەوەرەی یەکەم:

# نامۆیی خودیی

جۆرێکی نامۆییە، کە زیاتر بە واتای هەستکردنی تاك بە جیابوونەوەی لە خودی خۆی دێت ، تێکچوونی شیرازەی پەیوەندییەکانی خودییەکانی مرۆڤە لەناو خۆیدا. ئەم جۆرە نامۆییە سەختترین جۆرەکانی نامۆییە ، چونکە بەهۆیەوە مرۆڤ لەوانەیە بگاتە حاڵەتی دابڕان لەگەڵ کۆمەڵ و دەوروبەرەکەی و، گۆشەگیری دەبێتە ئەنجامەکەی ، ئەوسا سوودی مرۆڤەکە بۆ خێزان و کۆمەڵەکەی زۆر کەمتر دەبێتەوە ، لەوانەیە ئەم جۆرە مرۆڤە نامۆیانە بیر لە خۆکۆشتن بکەنەوە وەك دوا چارە بۆ کێشەکانی ناخی خودی خۆیان .

بەلامانەوە نامۆیی خودی جۆرە پەرەسەندنێکە بۆ نامۆیی دەرەکی کاتێك پێوەری پێوەندییەکانی لەگەڵ دەرەوەی خودی خۆیدا بەرە بەرە دەبچڕێ ، پاشتر خودی مرۆڤە نامۆیەکە بەسەر خۆیدا دادەخرێت و ، ئەم جۆرە مرۆڤانە زیاتر پێویستیان بە پزیشکی دەروونی دەبێت، گرنگترین خەسڵەتەکانی نامۆیی خودی لەم چەند خاڵانەدا خۆی چڕ دەکاتەوە:

١- جۆرە خامۆشییەك زیاتر بەشێوەی هەمیشە غەمبار خۆی بەسەر ڕووخساری دەنوێنێت .

٢- جۆرە گۆشەگیرییەك زیاتر بەشێوەی خۆدوورخستنەوە لە کەسانی دەوروبەری دەنوێنێ .

٣- جۆرە تەمبەڵییەك زیاتر لەبواری حەزنەکردن لە کارکردن دەردەکەوێ .

٤- جۆرە تێڕوانینێکی ڕەشبینی بۆ ڕووداوەکانی ژیانی خۆی و کەسانی نێو کۆمەڵەکەی بەرچاو دەکەوێ .

٥- بیرکردنەوە لە خۆکوشتن بۆ کوتایی هێنان بەو ژیانە ، کەوا هەتا بێت بەلایەوە هیچ بەهایەکی نامێنێت .

کاریگەرترین نامۆیی لای مرۆڤی ڕۆشنبیر بەگشتی و شاعیر بەتایبەتی ڕەنگدەداتەوە ، ئەمەیش بە حوکمی ئەوەی ڕووناکبیر کەسێکی خاوەن هەستێکی زۆر ناسکە بە هۆشیارییەوە دەڕوانێتە جۆری نامۆبوونەکەی و بەدەست ئازارەکانی دەلێتەوە .

نامۆبوون له خود لەلای ڕووناکبیر بەلای د. محەمەد دلێر ئەمین محەمەدەوە " زیاتر له دوو خاڵەوە سەرچاوە ئەگرێ : ١- کێشەی سەرکوتکردن و دژە ئازادی و بوونی سانسۆر .

٢- شکستی پرۆژە نەتەوەیی و مەدەنیەکان "([٩٢]) .

سالآنی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو (١٩٨٠-١٩٨٨) ناخۆشترین و سەختترین سالآنی ژیانی سەرجەم گەلانی عێراق بوو ، چونکه خەڵکی عێراق به گشت چین و توێژەکانییەوە کرابوون به کەرەسەی ئەو جەنگە ناڕەوایە لەنێوان عێراق و ئێران هەڵگیرساو ، که ماوەی هەشت ساڵ بەردەوامبوو ، ئەنجامەکەشی له ١٩٨٨/٨/٨ ئەو جەنگە ڕاگیرا پاش ئەوەی زیاتر له ملیۆن کەس له هەردوو لا کوژران و سەدەها خێزان بێ باوك و برا هەتیوو بوون و هەزارها گەنج هەلآتن له ولآت یان له گوندەکان خۆیان شاردەووە یان گۆشەگیرییان بۆ خۆیان هەڵبژارد .

دەکرێ بڵێین چامە شیعری ( غ ه ر ی ب ) ، دەستەواژەی ( قەسیدەی تەغریبی )ی لەخوارەوەی ئەو ناونیشانە بۆ داناوەو ، ساڵی ٢٠٠١ له هەولێر چاپکراوە ، باشترین بەرهەمەکانی ڕۆستەم باجەلانە بۆ خستنەڕوو ، یان بەرجەستەکردنی چەمکی غوربەت بەلای خۆی و کەسانی دەوروبەری .

هەروەها دەکرێ بڵێین ئەم چامە شیعرییە باشترین سەرەتایە بۆ چوونە نێو جیهانی نامۆییەوە ، پاشتر بووە فاکتەرێکی گرنگ بۆ هاندانی بەشداریکردن له بزاڤی تەغریبی . ئەم چامە شیعرییە له (١٦) پەرەگراف پێکهاتووە، هەموویان ناونیشانی ( غەریب ) یان ( غ ه ر ی ب )یان بۆ دانراوەو ، سەرجەم ئەم چامە شیعرییە ، که زاراوەی ( قەسیدە )ی لەسەر بەرگەکەی بەکارهێناوە .

ڕۆستەم باجەلان دەربارەی ئەم جامە شیعرە دەڵێت : " من لەناو ئەم قەسیدەیە وا هەست دەکەم ئەو نەناسە ئاوارەو وێڵ و پڕ له ڕۆحی سەردەمییەم که تووڕەگەیەك ڕابردوو ئێستا و ئایندەم له کۆڵ ناوەو لەگەڵ ئیقاعە تیژڕەوەکانی سەردەم بەرەو داهاتووێکی تازەتر هەنگاو دەنێم ، گەرەکمە سەرجەم درزو بۆشایی و تێڕوانین و لێ وردبوونەوە و بیرکردنەوەی تەمەنی میوانم

---

[٩٢] - د.محەمەد دلێر ئەمین محەمەد - شیکردنەوەی شیعری ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی نامۆبوون دا ، گۆڤاری دهۆك ، ژ/١ ، ٢٠٠٨ ، ل٦٠

پڕ بکەمەوە من بەڕەنگ و دەنگ و قژی دەربەدەریم خۆم لەناو قەسیدەی غەریبدا دەدۆزمەوە "([٩٣]) .

هەروەها دەکریٚ بڵێین چامە شیعرییەکەی ( گرانەتا )ی ڕۆستەم باجەلان دووەم ئەزموونیەتی لەبواری ئەدەب و شیعری نامۆیی ، کەوا ساڵی ٢٠٠٢ لە هەولێر بۆی چاپکراوەو ساڵانی ( ١٩٨٠-١٩٩٠ ) بۆ دیاریکراوە لەسەر یەکەمین لاپەڕەی ئەم چامەیە ، ڕاستەوخۆ ئەشکەنجەکانی ناخی خودی شاعیرمان بۆ بەرجەستە دەکات لەو ساڵانەی پڕ لە ئازارەکانی جەنگی دۆڕاوی قادسیەی صەدامی بەد ناو ، کەوا خودی ڕۆستەم باجەلانی شاعیرو چەندین هاوەڵی لەوپەری ژیانی تاڵی نۆشتن بوون ، تەنانەت هەڵبژاردنی ناونیشانی (گرانەتا)ش مەبەستێکی دەروونیی لەپشتە ، نەك مەبەستێکی تەندروستی وەك نەخۆشییەکی کوشندە . یەکێك لە دیاردەکانی نامۆیی خود بەلای مرۆڤەوە هەست بەوە بکات کەسێکی غەریبە لەم دونیایەدا ، چونکە بەهای ژیان بەلای ئەو جۆرە کەسە زۆر کەم دەبێت ، بۆیە ئەو جۆرە کەسانە هەست بەخۆشیی ژیان ناکەن ، چونکە خۆیان زیاتر بەکەسێکی ڕێبوار دەزانن :

*ئەم گێهانە هەر هەبووە*

*یان لە نەبوون هاتە کایە*

*بەڵام دەزانم هەموومان گەشتەوەرین*

*بە غەریبی هاتوینە ژین*

*بە غەریبیش بزر دەبین ([٩٤])*

هەمیشە هەستی نامۆیی پاش داخستنەوەی باڵەکان بەسەر خوددا لە پاش بەدی نەهاتنی خوزگەکانەوە دەست پێدەکات ، ئەوسا ئیتر سیماکانی گۆشەگیری دەست بە خۆنواندن دەکات . ڕۆستەم باجەلانی شاعیر پێمان ڕادەگەیەنێت خاوەن ئەم جۆرە خۆزگانەیە :

*حەزم لێیە ..*

*هەر شتیٚ کە بوونی هەبیٚ*

---

٩٣- هەپەیڤین لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، ژمارە (٢٠)ی ساڵی دووەم

٩٤- ڕۆستەم باجەلان – لەپێناو تۆدا دەژیم ، چاپخانەی الحوادث ، بەغدا ، ١٩٨٢ ، ٢٤

*من بناسیٚ*

*حەزم لێیە ...*

*با*

*مرۆڤ*

*ئاژەڵ*

*ڕووەك*[95]

ئەم جۆرە حەزلێكردنە دوو جەمسەرە : یەكەمیان لایەنێكی نەرجسیانەی خودی شاعیرمان بۆ دەخاتە ڕوو ، كەوا لەلایەكەوە حەز دەكات هەر شتیٚ هەبوونی هەبیٚ بیناسن ، لەلایەكی دیكەوە خودی شاعیر حەزیش دەكات لایەنە سەرەكیەكانی گەردوونی دەوروبەری ( با ، مرۆڤ ، ئاژەڵ ، ڕووەك ) بناسێت . ئەوسا ئیتر حەزەكانی خودی شاعیر باڵاتر دەروانێت تا ئەوەی لە جورمەكانیش هەبوونی هەبیٚ بناسێت و بیناسن :

*من بە زانستەوە*

*بە بەرگی زانستەوە*

*وەكو شاعیرێك ،*

*سواری ( ئەسپە با ) دەبم و*

*ڕوو دەكەمە ناو جورمەكان*

*حەزم لێیە ...*

*ئەو شتەی لە جورمەكانیش بوونی هەبیٚ*

*من بناسن ،*

*ئەو بناسم*

*ئێستە زانیت لەبەر چییە*

*من حەز دەكەم گەشتەوەر بم ؟*[96]

---

[95]– ڕۆستەم باجەلان – گرانەتا ، چامە شیعر ، چاپخانەی میدیا ، هەولێر ، ٢٠٠٢ ، ل٧

ئەم نامۆبوونەی بۆتە گوتاری سەرەکی ئەم دەقە لە نێوان دوو نامۆبووندا خول دەخوات، کە هەردووکیشیان لە بنەرەتدا لە یەك ژێدەر سەرچاوەیان گرتووە، یەکەمیان نامۆبوونی (من) ە بە خودی ( من ) خۆم، واتە نامۆبوونی مرۆڤە بە خودی خۆی، دووەمیان: نامۆبوونی ( من ) ە بە ( ئەو ) ی دەوروبەر، کە دەکرێت هەر شتێك یان حەزێك بگرێتەوە، کە شاعیر دەیەوێت وێنای بکات. لەرووی واقعییەوە،شتێکی لۆجیکییە بەدی هاتن و ئاشنابوون بەو جۆرە حەزانە دەبنە مایەی گەشبینی ناخی خودی شاعیر ، بەپێچەوانەشەوە بەدی نەهاتنیان دەبنە مایەی ڕەشبینی ناخی خودی شاعیرو گەیشتنی بە حاڵەتی گۆشەگیری ، کەوا یەکێکە لە سیماکانی نامۆیی خود بەلای شاعیرەوە .

دەقی ئەدەبی لە خۆوە و هەرەمەکی دروست نابێت، پیوەندییەکی پتەوی بەو زەمینە و ژینگە و ژیان و ژیارەوە هەیە کە تێیدا لەدایك دەبێت، هەرچۆنێك بێت مۆرك و دیاردە و بار و سیما و ئەدگارەکانی سەردەمی خۆی بەرجەستە دەکات. لەم ڕووەوە دیارە ژینگە و دەوروبەری خودی شاعیر زەمینەی لەبار نین بۆ بەدی هاتنی حەزەکانی ناخی خودی شاعیر ، بەڵکو تووشی چەندین کەسی بەرهەڵستکار و دەربەست و لەمپەر دەبێت ، شاعیر بە دیناسۆر ناویان دەبات ، کەوا جۆرە گیانلەبەرێکی مەترسناکی ڕابردووی ژیانی مرۆڤایەتی بوو :

*چونکە من وەکو دایناسۆر بیر ناکەمەوە*

*من دایناسۆر شکێنم*

*ئەمانە بتن*

*لە قاوغی خۆیانا زیاتر هەنگاو نانێن*

*ئەمانە نایانەوێ پەرەبسێنن*

*بکۆڕێن*

*یان لەمپەرەکانی ژین بشکێنن*

*چونکە لە هەتاو دەترسن(*[97]*)*

---

[96]– هەمان سەرچاوە ، ل٧

[97] – هەمان سەرچاوە ، ل٨

شاعیر وشەی ( دایناسۆر ) ی وەکو رمزێك بۆ هەموو ئەو (ئەوی دیکە)انە داناوە، کە دژە بۆچوون و رەفتاری (من)ی خودی نامۆیی شاعیرن،لێرەدا درك بەوە دەکرێت ، کە خودی شاعیر لە ململانێیەکی مەترسیداری لەڕادە بەدەر بێت ، چونکە دایناسۆر وەك گیانلەبەرێکی زەبەلاحی مەترسیدار هەرچەندە لەم ڕۆژگارەماندا نەماوە ، بەڵام چواندنی خودی ناحەزانی بە دایناسۆر زیاتر مەزنی و سەختی ڕادەی جۆری ئازارەکانی خودی شاعیرمان بۆ دەردەخات ، لەگەڵ ئەمەشدا، شاعیر لە کۆپڵەیەکی دیکەدا ئەوەمان بۆ دەردەخات کەوا خاوەن باوەڕێکی بەهێزە بەتوانای خۆی :

*ئای ! لەم هێزە*

*کە بە ئارەزووی خۆیەوە*

*هەلسوکەوتی کێشەی ڕۆژگارم لەگەڵ دەکا(٩٨)*

هەر مرۆڤێك خاوەن هەندێ خەسڵەت و سیمای سروشتیی مرۆڤایەتییە ، کە بەهۆیەوە دەناسرێتەوە،بەڵام کەبوو بە خاوەنی هەندێ خەسڵەت و سیمای ناسروشتی و دەگمەن، ئەوسا هەندێ لە سیماکانی نامۆیی خودی پێوە دیار دەبێت، بۆ نموونە ڕۆستەم باجەلان لە هۆنراوەی ( دۆزینەوە ) بە یارە خەمڕەوێنەکەی ڕادەگەیەنێ لەنێو شەپۆڵ باڵی خوڕەی توند و تیژە دەیدۆزێتەوە ، یان لەسەر کامە لوتکەی ئێجگار بەرزە دەیدۆزێتەوە ، یان کام ئەستێرە پرشنگدارە ئەوە خۆیەتی. بە جۆرێك نێرجیسیانە بە نێو خۆیدا ڕۆچووە،کە ئیدی زۆر لە شت و کەرەسە ناوازەکانی سروشت بە بەشێك لە خۆی هەژمار دەکات، کەواتە ئەم جۆرە مرۆڤە باسکراوە مرۆڤێکی نائاساییە خاوەن جۆرە نامۆییەکی خودییە، هەروەکو دەڵێت:

*کاتێ سەیری ڕوبار دەکەی*

*کامە شەپۆڵ باڵی خوڕەی توندو تیژە*

---

٩٨ – هەمان سەرچاوە ، ل٩

*ئەوە منم*
*کاتێ سەیری چیا دەکەی*
*کامە لوتکە ئێجگار بەرزە*
*ئەوە منم*
*کاتێ سەیری ئاسمان دەکەی*
*کام ئەستێرە پرشنگدارە*
*ئەوە منم ([99])*

ڕۆستەم باجەلان لە هۆنراوەی ( کە ژان بارگەی خەم دەهێنێ ) ئاشکراتر و ڕوونتر نامۆیی خودی خۆی ڕادەگەیەنێ کاتێك پەنجەرەی ژووری خۆی بەسەر خۆیدا دادەخات ، بۆ ئەوەی گوێی لە دەنگی نوزەو گریان نەبێ ، تەنانەت حەزی لە بیستنی شنەبایش نییە، ئەمانەش ئاماژەن بۆ ڕادەی نامۆیی خودی خۆی ،پچرانی پێوەندی بە دەوروبەر، کە وای لێدەکات حەز لەم جۆرە تەنیایی و گۆشەگیرییە بکات :

*من ئەمشەوە ...*
*پەنجەرەی ژووری تەنیایی خۆم دادەخەم*
*حەز ناکەم گوێ لە شنەی باو چرپە بگرم*
*من ئەمشەوە ...*
*حەز دەکەم خەم بنوێنم و شیعر بدڕم ([100])*

فەلسەفەی نامۆیی بەلای ڕۆستەم باجەلان لە چامە شیعری ( غ ه ر ی ب )دا وەك خۆی ڕوونی دەکاتەوە " منداڵ لە باوەشی ڕووناکیدا لەدایك دەبێ ، کەچی بەبێ ئارەزووی خۆی بەرەو تاریکستان هەنگاو دەنێ ، تاریکستان مەرگە ،

---
[99] – ڕۆستەم باجەلان – لەپێناو تۆدا دەژیم ، ل٣-٤
[100] – هەمان سەرچاوە ، ل٥

ڕووناکیش بوون ، من لەنێوان دوو جەمسەری ئۆپۆزیتدا نەخشەی بوونی خۆم دەکێشم ناوی لێدەنێم غەریب .. حاڵەتە تەغریبییەکانی قەسیدەی غەریب لەم کلاوڕۆژنەیەوە لەدایك دەبن و هەر بەو مەفهوومەش فۆرم و حاڵەتی ناوەوەی خۆیان بەخوێنەر دەناسێنن "[101] . ڕۆستەم باجەلان لە قەسیدەی ( غ.ە.ر.ی.ب)دا هەندێ هاوکێشەی خودیی دروستکردووە ، بۆ نموونە لەم کۆپلەی خوارەوە لەنێوان من و کردار و غەریب جۆرە هاوکێشەیەکی سەرنجڕاکێشی دروستکردووە زیاتر بۆنی نامۆییان لێوە دێت :

***تارمایی وەك سێبەری باڵام بچووك دەبێتەوە***

***گەورەتریش دەبێتەوە***

***تخوبی گردو لەندو کۆڵان و جۆگەڵە و شەقامەکانیش دەبەزێنێ***

***ئەم کردارە پەیوەندیی بەمنی غەریبەوە هەیە***

***ئەگەر من نەبم ، ئەم کردارەش بوونی نابێ***

***من = غەریب***

***کردار = غەریب***

***غەریب = غەریب = ڕاناوەکان[102]***

لەم کۆپلەدا بۆمان دەردەکەوێت نامۆیی خودی شاعیر تا ڕادەیەك مۆرکێکی گشتگیر و سەراپاگیری هەیە ،لەدید و جیهانبینی ئەم دەقەوە، ماهیەتی هەموو شتەکان دەچنەوە سەر هەمان رەگوڕیشە و بنچینە، کە نامۆییە، بەڵام شاعیر لەم کۆپلەی خوارەوە بارگەی بوونی غەریبی خودی خۆی هەڵداوەو ، تارمایی و سێبەرە ڕاڕەکان پێوەندی بە حاڵەتی ناوەوەی هەیە، کەواتە سەرچاوە و فاکتەری ئەم نامۆییە گشتگیرەیش بۆ نێو ناخ و خودی خۆی دەگەڕێنێتەوە کە دەڵێت:

***من لەم هەوارگە بێ قەراخەوە***

---

[101] – چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، هەڤپەیڤینی ئاری ئاغۆك ، ڕۆژنامەی پەیامی ئاشتی ، ژ/(١)، ٢٠٠١

[102] – ڕۆستەم باجەلان ، غ ە ر ی ب ، چامە شیعر ، چاپخانەی پاك ، هەولێر ، ٢٠٠١ ، ل٨

*بارگەی بوونی غەریب ناوم هەڵداوە*

*لەم هەوارگەیەش تارمایی و سێبەرە ڕاڕکان*

*پەیوەندییان بە حاڵەتی ناوەوەم هەیە ، لە ئەو دەکەن*[103]

*شاعیر میکانیزمی ستراتیژییەتی دەقەکەی بە جورێك ڕەنگرێژکردووە،کە دوای ئەوەی سەرچاوە و ژێدەری نامۆبوونەکەی خۆی دیاری دەکات،هەوڵدەدات ئەم نامۆبوونە وەسف و شێوەگیر بکات، کە بارگاوییە بە خەیاڵ و واقیع،ئەم بارگاویبوونەش بە چەشنێك لە وەهم دەچوێنێت، وەهمێکی ئەزەلی کە لەهەموو ڕەهەندەکانی ژیان و دەروونی دەقنووسدا بوونی هەیە، بۆیە لەدیدی شاعیر سەراب* بەشێکە لە ئەو، خۆی بە بەشێك لە سەراب دەزانیٚ، هەموو بەرجەستەکانی خودی خۆی بەشێوەیەکی دیکە پەیوەندیان هەیە بە شتە نەگیرەکانی سەرابەوە :

*شتە نەگیرەکانی سەرابی پەیوەندییان*

*بەتەنە بەرجەستەکانەوە هەیە*

*وەك من و حەزەکانم*

*وەك من و سێبەرم*

*وەك من و تارماییم*

*وەکی من و حاڵەتی بزەو پێکەنینم*

*وەکی من و حاڵەتی توڕەیی و هەڵە شەییم*

*وەکی من و حاڵەتی جوڵانەوەم*

*وەکی من و حاڵەتی بیرکردنەوەم*[104]

غەریب یان نامۆ بەلای ئەم شاعیرەوە هەر خودی خۆیەتی، واتە هاوکێشەی غەریب و منی شاعیر کاریگەری خۆی هەیە ، ئەوەتا شاعیر پێمان دەڵێت :

---

[103] – هەمان سەرچاوە ، ل٩

[104] – هەمان سەرچاوە ، ل١١

*ئەو میوانەی دوێنێ دوواماڵئاوایی لە بوونی خۆی کرد*

*تا ئەم چرکەیە ، نە گەڕاوەتەوە ماڵ*

*ئەو میوانەی ناوی – غەریب –ە*

*ئەو میوانە – من –ە[105]*

**ئەگەر هەستی غەریبی لای کەسێك گەڵاڵە بوو ئەوا کاریگەری خۆی دەبێت بەسەر هزرو ناخی ، خوێنەری چامە شیعری ( غ ە ر ی ب ) هەست بە کاریگەری هەستی غەریبی یان نامۆیی دەکات بەسەر تێڕوانینی ئەم شاعیرەوە ،تەنانەت ڕۆستەم باجەلان لە ژێر کاریگەری ئەم جۆرە هەستە ئەم جۆرە ناونیشانەی بۆ ئەم چامە شیعرەی هەڵبژاردووە ، چونکە بەلایەوە:**

*غەریب ،*

*زۆر واتا هەڵدەگرێ*

*ئاوێنەیەکی نامۆ ناوە*

*فانۆسێکی داگیرساوە*

*لەبەردەم ڕەشەباو*

*زریان دانراوە[106]*

**تەنانەت ئەم شاعیرە گرنگی غەریبی بەلایەوە لەم چەند دێرەی خوارەوەی بۆمان لێکداوەتەوە :**

**زاراوەی غەریب ، لەناو فەرهەنگی شەتاحەت نامێنێ**

**چوار دیواری سنوور ناوی خۆی دەڕمێنێ[107]**

**هەروەها شاعیر خودی خۆی بە غەریبێك دادەنێت کە بیر لە مەرگ ناکاتەوە ، واتە حەزی لە بەردەوامی ژیانە لەلایەك ، بەڵام بەهای ئەو جۆرە ژیانەبەلایەوە زۆر گرنگ نییە ، لێرەوە هەست بە بوونی هەستێکی نیهلیستیانە لای شاعیر دەکەین، بۆیە ئامادەیە بۆ مەرگ و لێی ناترسێت و بیری لێ ناکاتەوە، ئەم**

---

[105]– هەمان سەرچاوە ، ل١٤–١٥

[106]– هەمان سەرچاوە ، ل١٨

**غەریزە بەهێزەی دەقنووس بۆ مەرگ زیاتر لە چوارچێوەی ئەو ڕوانینە خۆی چڕدەکاتەوە کە شاعیر دەیەوێت بژیت، نەك تەنیا زیندوو بێت، زیندوبوون حالەتێکی فسیۆلۆجی و جەستەییە، بەڵام ژیان ئاست و پێداویستی و ڕەمەکی روحی و ئەنتۆلۆژی و سایکۆلۆژی خۆی هەیە.هەربۆیە شاعیر ئەم زیندووبوونەی لە نێو ژیانی خۆیدا ناولێدەنێت غەریب ، بەڵام غەریب ناویش دەبێ بە چِش :**

***منی غەریب بیر لە مەرگ ناکەمەوە***

***نازانم ،***

***من غەریب ناوم***

***نازانم ... نا***

***غەریب ناویش دەبێ بە چِش([108])***

**ئەم جۆرە هەستە بە نامۆیی خود وەها لە شاعیر دەکات لەم کۆپڵە شیعرییەی خوارەوە وەسفی مرۆڤی غەریب و نامۆمان بۆ بکات ، کەوا بەم ئەرکە سەرنجڕاکێشە هەڵدەستێ و دەرئەنجامەکەی دەبێتە خاوەن کۆمەڵێ واتا :**

***غ ە ر ی ب***

***غەریب ،***

***بە فرچەی بێهودەیی شەقام و گەڕەکەکانی زەمەن دەشواتەوە***

***شەقام و گەڕەکەکان ، بۆنێکی نامۆیان لێ هەڵدەقوڵێ***

***لەم بۆنە لە دەروونی ڕۆژگارە تاریکەکانەوە سەرچاوەی گرتووە***

***سوودی لە زەمینەی خۆی وەرگرتووە***

***غەریب ،***

***زۆر واتا هەڵدەگرێ ئاوێنەیەکی نامۆ ناوە***

---

[108] – هەمان سەرچاوە ، ل١٨

## فانۆسێکی داگیرساوە

## لەبەردەم ڕەشەباو

## زریان دانراوە[109]

ئەم جۆرە واتایانە بۆ غەریبی خاوەن کاری نامۆ وا لە شاعیر دەکات دانوساندنێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودی بکات تا بیدوێنێ بەرامبەر ئەو وەسفانەی ئاڕاستەی دەکات :

*تۆ غەریبی*

*شوناسنامەت ، فارگۆنێکی ئاوارەیە*

*منداڵێکە ، حەزی لە گەمەیە*

*لە زنجیرە فارگۆنی شەمەندەفەری ڕۆژگارە دەمامکدارەکان بەجێ ماوە*

*تۆ ناسیاوی*

*نەناسیاوی*

*تۆ هەجیجی*

*دۆمی*

*ڕەوەندی*

*تۆ گوندیی*

*شارستانیی ، بە یاساوە بەندی*

*دەتەوێ لە هەلێکا خۆت بناسی*

*دەتەوێ*

*بەهۆی کامیراکەتەوە وێنەی ڕاستەقینەت لەسەر دیواری زەمەن بکێشی*

*تۆ مرۆڤی ، بای گەنیوی سەردەمەکانیش لە چوار لاوە ئەڵقەی داوی*[110]

---

[109] – هەمان سەرچاوە ، ل18-19

[110] – هەمان سەرچاوە ، ل21

ئەم جۆرە وەسفە قورسانە وا لە شاعیر دەکات بەزەیی بەو غەریبە بێتەوە ، چونکە بەرگەی ئەم حاڵەتە نا ئاساییە ناگرێت :

*تۆ غەریب و تەموورە ژەنی سەردەم*

*بەرگەی ئەم حاڵەتە نا ئاساییە ناگری*

*لە فۆرم و زەمینەی ئیقاعەکان دەکۆڵییەوە*

*ئیقاعی خۆت دەبینییەوە*[111]

یەکێك لە حاڵەتەکانی هەڵگەرانەوەی غەریب بوونی بە سەرابە ، سەرابیش شتێکی بینراوی واقیعیی ناڕاستە ، بەشێوەیەك سەرابەکە دەتوێتەوەو گرد دەبێتەوەو هەڵدەگەڕێتەوەو دەسڕێتەوە :

*سەراب دەتوێتەوە*

*گرد دەبێتەوە*

*هەڵدەگەڕێتەوە*

*دەسڕێتەوە ..*

*سەراب تەنێکی وێڵ و کریستاڵ تەحریی سەرلێشێواوە*

*سەرچاوەی بوونی خۆی پێ نازانێ*

*نازانێ بۆ کوێ هەڕوەڵ دەکا؟*

*سەراب غەریبە*

*غەریبیش دەبێ بە سەراب*[112]

ئەم جۆرە بوونی غەریب بە شێوەی سەراب لە کۆپڵەیەکی دیکەی نێو ئەم چامە شیعرە بەرچاو دەکەوێت ، لەوە دەچێت هەموو گۆڕینەوەکانی حاڵەتەکانی گوزەرانی غەریب هەر دەبێتەوە بە سەراب ، کەوا بەلای ئەم شاعیرە هاواتای هیچە :

*ڕەشماڵی داڵدەش غەریبە*

---

[111] – هەمان سەرچاوە ، ل٢٣

[112] – هەمان سەرچاوە ، ل٢٥

***وەك ئاور غەریب***

***وەکی تریفە ، درزو بۆشاییەکان غەریب***

***وەك منی نەگیرو بگیر غەریب***

***غەریب تێڕادەمێنی***

***قولْ دادەمێنی***

***دەبیْ بە سەراب([113])***

**گەورەترین کێشەی نامۆیی خود لەوەدایە کەسە نامۆکە زۆرتر خۆی بە خاوەن هیچ ناسنامەیەك نازانیْ ، بەڵکو وەك کەسێکی موجەرەد ڕەفتار دەکات ، ئەمەش لەم کۆپڵەی خوارەوە بۆمان دەردەکەوێت ، کەوا شاعیر لەڕێی بەکارهێنانی ئەوزاری لێکچواندنی ( وەك ) هەندیْ حاڵەتی نامۆیی خودمان بۆ دەخاتەڕوو :**

***.. غەریب گۆرانییەکی بیْ ناونیشان دەڵیْ***

***وەك خۆی بیْ ناونیشان***

***وەك بوون بیْ ناونیشان***

***وەك مەرگ بیْ ناونیشان***

***وەك قوم و هەواو ئاوو خۆڵ بیْ ناونیشان ([114])***

**مرۆڤی نامۆ ، کەسێکە بەلایەوە ژیانی پڕ لە ئاڵۆزییە ، بەشێوەیەك وەك کەسێکی ناڕەحەت گێرۆدەی دەستی کۆمەڵیْ حاڵەتی ئاسایی و نائاساییە ، کەوا گوزەرانی لیْ تاڵ دەکات ، بۆیە لە ئەنجامدا بەدوای ڕاستیەکان دەگەریْ و ، ئەوسا دۆزینەوەو نادۆزینەوە دەبێتە دوو کرداری دژیەك :**

***غەریب ، گێرۆدەی دەستی حاڵەتە ئاسایی و نا ئاساییەکانە***

***حاڵەت ، دڵە ڕاوکێشی لیْ هەڵدەقولیْ***

---

[113] – هەمان سەرچاوە ، ل٥٨

[114] – هەمان سەرچاوە ، ل٤٤

*دڵە ڕاوکێش ، وێنەی جۆراوجۆر*

*وێنەش ، درزو بۆشایی ....*

*درزو بۆشاییش ، گومان*

*گومان ، وێنەیەکی سەرلێشێواوی مەعنەوییە*

*بە دووای ڕاستیەکانەوە دەگەڕێ*

*دەیەوێ وێنەی نمونەیی خۆی بکێشێ*

*بەڵام سەیر دەکا*

*دۆزینەوەو نادۆزینەوە*

*دوو کرداری ئۆپۆزیان*

*کرداری دووەم بەدوای کرداری یەکەمەوە دەگەڕێ ... نایدۆزێتەوە*

*کرداری یەکەمیش ، سەرچاوەی کرداری دووەمە. (١١٥)*

یەکێك لە ئەدگارەکانی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی لایەنی خاوەنداریێتی سۆزو بەزەییە بەرامبەر لێقەوماوان ، مرۆڤی نامۆش لەبەر ئەوەی زیاتر بە دەست نامۆیی خودەوە دەتلێتەوە ، چونکە لەناخی خودی ئازاری نامۆیی دەچێژێ ، بۆیە زیاتر ئەم جۆرە مرۆڤە دەبێتە جێی بەزەیی ، چونکە لەوانەیە ئەم جۆرە مرۆڤە من بم ، یان تۆ بێت ، یان کەسانی دیکە :

*غەریب بەستە زمانە*

*پەرێشانە*

*سەرگەردانە*

*غەریب منم*

*تۆی*

---

١١٥ – هەمان سەرچاوە ، ل٤٩–٥٠

***ئەوە***

***ئەوانە ...***

***غەرقی گومانە***

***غەریب ، ئەم گۆی ژینە لە ئامێز دەگرێ***

***قاتی هۆگریی پێوە دەگرێ***

***لێرەو لەوێ بە غەریبی هامۆشۆ دەکا***

***وەکو باڵندەی سنۆنۆی دەریایی .. جەمسەری باکورو باشوران دەکا***

***غەریب لە هەور دەکا***

***هەوریش پیر نابێ***

***ناکەوێتە ناو تەمەنەوە (١١٦)***

ئەشکەنجەکانی ناخ بەلای مرۆڤی نامۆیەوە زۆر کاریگەر دەبێت ، چونکە لە ئەزموونێکی سەخت دەبێت بۆ سەلماندنی کەسایەتی خۆی لەنێو کۆمەڵەکەیدا :

***غ ە ر ی ب***

***قەدەری تارمایی و سێبەر بە بوونی غەریبەوە بەندە***

***غەریب دەیەوێ گرەوەی – مان – لە سێبەرو تارمایی خۆی بباتەوە***

***کرداری هەڵوەران لە پێکهاتەی خۆی دوور بخاتەوە (١١٧)***

ڕۆستەم باجەلان لە هۆنراوەی ( کچە کۆچەر )هەست بە نامۆیی و ناسەربەستی خۆی دەکات ، بۆیە ئاواتەخوازە وشەی هۆنراوەکەیشی وەك کچە کۆچەرەکە سەربەست بێت :

---

١١٦ – هەمان سەرچاوە ، ل٥٢

١١٧ – هەمان سەرچاوە ، ل٦٩

*کچە کۆچەر ...!*
*ووشەی هۆنراو خۆزگە وەك تۆ*
*سەربەست بوایە([118])*

خەم و خەفەت لایەنێکی گرنگی سروشتی ژیانی مرۆڤی نامۆیە ، چونکە پەژارەیی مرۆڤی نامۆ وای لێدەکات لەناخەوە هەڵبقوڵێ ، کەوا هەندێ جار دەگاتە حاڵەتی فرمێسك لە چاو ڕشتن ، یان لەچاو قەتیس دەمێنێت ، ئەوەتا ڕۆستەم باجەلان لە هۆنراوەی ( شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەریدا ) ئەم لایەنەی کەسێکمان بۆ دیار دەکات ، کە دیارە دەروونی لەڕووی نامۆییەوە کڵپە دەسێنێ:

**ماوەیەکە چاوم لێتە ..!**
*ئاسا ڕێژنە ئەشکت ئەرژێ*
*ئاخێکی درێژ ، هەناسەیەك هەڵئەکێشی*
*بۆیە سەرنج لە ئاوێنەی چاوەکانت هەر ئەگرم و ..*
*تا بزانم کەژاوەکان بۆ کوێ ئەڕۆن؟..*
*ئەرژێنە کام دەریای بێ بن([119])*

لەم گەشتە بەنێو شیعرەکانی ڕۆستەم باجەلاندا بۆمان دەردەکەوێت ئەم شاعیرە بایەخێکی باشی بەخستنەڕووی کێشەی نامۆیی خودی داوە ، ئەم لایەنە زیاتر لەنێو چامە شیعری ( غ ە ر ی ب )دا خراوەتەڕوو .

---

[118]– ڕۆستەم باجەلان – کۆشیعری شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەری دا ، چاپخانەی کامەرانی ، سلێمانی ، ١٩٧٨ ، ل٣

[119]– هەمان سەرچاوە ، ل٧

**تەوەرەی دووەم:**

# نامۆیی هزریی

یەکێك لە سیما و مۆرکە باوەکانی ماهیەتی مرۆڤ توانای بیرکردنەوەیەتی، هەموو مرۆڤێك خاوەن جۆرە تێڕوانین و هزرێکە ، بەهۆیەوە دەتوانێ لە دیاردەکانی دەوروبەری خۆی تێ بگات ، بەهۆی ئەو ئاستی هزرەوە دەتوانێت ڕاڤە و شرۆڤە و شیکاری دیاردەکانی ژیان بکات. هەر ئەم جۆرە هزرە لەهەندێك باردا وا لە مرۆڤەکە دەکات ، کە بگاتە حاڵەتی نامۆیی کاتێك کەسانی دەوروبەری لێی تێنەگەن و ببنە لەمپەرێك بەرامبەر ئاسوودەیی ژیانی ، ئەوسا مرۆڤە هزرمەندەکە تووشی نامۆیی هزری دەبێ و ، لەوانەیە گۆشەگیری هەڵبژێرێت کاتێك هەست بکات ئازادی و سەربەستی تاکرەوی خۆی کەوتۆتە بەر مەترسیی پێشێل کردن .

لە ڕەوتی ژیانی مرۆڤایەتی لە ماوەی سەدەکانی ڕابردوودا چەندین جۆری بیری فەلسەفیی سەریان هەڵدا بەپێی پێویستی ڕۆژگاریان ، بەلاَم لەنێو سەرجەم ئەو فەلسەفانە بوونخوازی توانی زیاتر لە ئەشکەنجە هزریەکانی مرۆڤ نزیك بێتەوە و هەوڵبدات بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەك بۆ قەیرانی ئازادی و سەربەستی تاکی مرۆڤ و خودە تایبەتییەکەی .

هیچ لایەنێك وەك ئەشکەنجەی هزری نابێتە جێی نارەحەتی ناخی مرۆڤ لەنێو قەوارەی ژیانە کۆمەلاَیەتییەکەیدا ، لێرەدا هەرچەندە ڕابەرانی بوونخوازی وەك کیرگاردو هیدگەر خاوەن بیری ئایدیالی بوون ، بەلاَم لەبەر ئەوەی لەڕۆژگاری خۆیاندا گەیشتبوون بە حاڵەتی نامۆیی هزری لەنێو ژینگەی خۆیاندا ، بۆیە لەبواری بیری بوونخوازیدا خاوەن چەندین بۆچوون بوون لە پاشەڕۆژدا لەسەر دەستی جان پۆل سارتەرو ئەلبیر کامۆو کۆڵن ویلسن و پیکیت هەندێ گەشەی باشتری بەخۆیەوە بینی ، بەشێوەیەك دەتوانین بڵێین فەلسەفەی بوونخوازی باشترین جۆرەکانی فەلسەفە بوو توانستی بەشێوەیەکی باش لە خودی مرۆڤ تێ بگات و هەوڵی دۆزینەوەی باشترین چارەسەر بۆ گیروگرفتەکانی بدات .

سەربەستی خودی تاکڕەوانەی مرۆڤ گەورەترین بەهای هەیە لە فەلسەفەی بوونخوازیدا ، چونکە بەهای مرۆڤ بەهۆیەوە زیاتر کاریگەری خۆی دەنوێنێ ، بەلاَم کێشەی هزری لای ئەو جۆرە مرۆڤە لەوەدایە کۆمەڵ و دەوربەر زۆر جار لە ئاستی

ئەم جۆرە کێشە مرۆڤایەتییە نییە ، بۆیە لەم حاڵەتەدا ناکۆکی لەنێوان تاك و کۆمەڵەکەی سەرهەڵدەدات و ، ئەنجامەکەی زۆر جار هەڵبژاردنی گۆشەگیری دەبێت لەلایەن ئەو کەسەی هەست بە چەوسانەوەی سەربەستی خودی تاکی خۆی بکات .

کێشەی بوون و مردن بەلای ئەو کەسەی دەگاتە حاڵەتی نامۆیی هزری جۆرە بەهایەکی هەیە ، ئەم جۆرە هەستەکردنە بە بەهای نامۆیی بوون و مردن لە فەلسەفەی بوونخوازیدا بەشێوەیەکە مرۆڤ وەك چۆن مردن هەقیقەتێکی زاڵە بەسەریدا بەهەمان شێوە نامۆییش لەگەل ساتی لەدایکبوونییەوە هەقیقەتێکی زاڵە بەسەریدا . لەم حاڵەتە هزری مرۆڤ دەگاتە ڕادەیەك مردن بەلایەوە دەبێتە جۆرە چارەسەرییەك بۆ کێشەی بوونەکە و ، لەم بارەیەوە هایدگەر لەو باوەڕەدایە " مردن یەکێکە لە تواناکانە لەپێناو بووندا "(١٢٠) .

نامۆیی لە فەلسەفەی بوونخوازیدا یەکێکە لە دیاردە سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤدا لە بوونی لەنێو ژینگە کۆمەلأیەتییەکەی ، چونکە کۆمەڵ هەمیشە ئامادە نییە ئەو سەربەستییە بۆ تاکی مرۆڤ دابین بکات ، بەڵکو هەندێ جار قەوارەی ئەو سەربەستییەی تاك تەسکتر دەکات ، چونکە ئەو تاکە دەیەوێت زیاتر بۆ خۆی بژێت نەك بۆ دەوروبەرەکەی .

شاعیر بە حوکمی ئەوەی مرۆڤێکی زۆر ناسکە ، بۆیە هەندێ جار خەمی هەستی نامۆیی مرۆڤی بیانیش دەخوات ، بۆ نموونە ڕۆستەم باجەلان لە هۆنراوەی ( دوو هۆنراوە ) خەمی نامۆیی هزری مناڵێکی ئەمریکیی ڕەشپێست ئەخوات و ، بەشێوەیەکی هونەریی جوان ئەو جۆرە هەستەمان بۆ بەرجەستە دەکات :

*کۆرپەێکی ئەمریکایی ووتی هۆدە*

*بۆچی ئێمە پێستمان ڕەشە*

*بۆچی بەشمان کوێرەوەری و ..*

*بەندیەتی و .. قورو هەشە*

*ووتی ڕۆڵە لەترسان و .. لەبرسانە(١٢١)*

١٢٠ – علي محمد اليوسف – سيسيولوجيا الاغتراب ، ل٤١.

١٢١– ڕۆستەم باجەلان – کۆشیعری شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەری دا ، ل١٠

لەوە دەچێ ڕۆستەم باجەلان زۆر شەیدای بیرو بۆچوونەکانی فرانز کافکا بێت ، کەوا لەنێو بەرهەمەکانیدا زۆر بە ڕوونی کێشەی نامۆیی هزری بەرجەستەکردووە ، باشترین بەڵگەش ڕۆمانی ( بەد گۆڕان )ە ، کەوا جەلیل کاکە وەیس کردوویەتی بە کوردی و ، ( گریگۆر سەمسا )ی پاڵەوان لە ئانوساتێکی کتوپڕ دەبێتە قاڵۆنچە و ، ئەوسا نامۆیی هزری بەشێوەیەکی زەق لای سەرهەڵدەدات . دیارە بەلای ڕۆستەم باجەلانەوە نامۆیی هزری لای کافکا باشترین جۆرەکانی نامۆیی هزرییە ، بۆیە لەم کۆپلەی خوارەوە بە ئاشکرا بەرگری لە کافکای نامۆ دەکات و ، بۆ ئەم مەبەستە نامۆیی قەلە ڕەش دەکاتە کەرەسەیەك بۆ ڕادەی نامۆیی هزری لای کافکا :

***قەلەڕەشیش غەریبە***
***قەلەڕەشیش دەقەبێنێ***
***لەسەر دارتەل و***
***لا دیواری وێرانەو***
***دارە خۆرسك و تەنیا باڵەکان خۆی دەبینێ***
***بەڵام وەکو کافکا بۆنی نامۆیی لێوە نایێ***
***وەکو ئەویش هەست بە بوونی جیهانێکی نامۆی بێ کۆتایی ناکا***
***ناتوانێ هەموو حاڵەتە شاراوەکانی ناوەوەی بەڕەڵڵا ناکا***
***قەلەڕەش لە مەنفایە***
***بەڵام وەکو کافکا***
***تۆزی نامۆیی لە ئاکاری بوونی نەنیشتووە***
***وەکو ئەویش هەڵنەکەوتووە***
***لە چەمکی مەنفابوون ناگا***
***لەگەڵ حاڵەتە نا ئاساییەکان سەما دەکا***
***کافکا ، غەریبە غەریب***

*لەم جیهانە نامۆیە بستە خاکێك داڵدەی نادا*
*بەناوی نامۆ بوون جەستەی کریستاڵی بسمیل دەکا*
*کافکا ، میوانە*
*کافکا ، ئینسانە*
*کافکا ، نیگەرانە کەس تێی ناگا([١٢٢])*

نامۆیی هزری بەلای ڕۆستەم باجەلانەوە لەوەدایە مرۆڤێکە غەریب و نامۆیە لەو بیرانەی لە مێشکی گەڵاڵە دەبێ و ، لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاوی دەکاتەوە ، بەڵام بیروڕاکانی نەیانتوانیووە کاریگەری باشیان هەبێت ،چونکە شاعیر هاوار دەکات، دەنگی ناگات، دەنووسێت، کەس نایخوێنێنەوە، چونکە ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە ناخوێنرێنەوەو فرێدەدرێنە ناو زبڵدانی ماڵەکانەوە :

*منیش غەریبم ، غەریب*
*لەو بیرە نوێیانەی لە مێشکمدا هەڵدەچن و*
*دەرژێنە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان*
*........*
*پارچە ڕۆژنامەو گۆڤار لێرەو لەوێ هەڵدەگیرێتەوە*
*لە دووایشدا ، فریدەدرێتە ناو زبلدانی ماڵەکان*
*لەوێشەوە ، بۆ سەرگوفەکەکانی بەرایی یان کۆتایی شار*
*نامۆن*
*فرە نامۆن*
*وەك نامۆیی نێوان سەگ و گورگ ، نامۆن*
*وەکی نامۆیی نێوان بزنە ماڵی و بزنە کێوی ، نامۆن*

[١٢٢] – ڕۆستەم باجەلان – کۆشیعری غ ە ر ی ب ، ل٢٥–٢٦

***وەکو نامۆیی نێوان پشیلە ماڵی و پشیلە کێوی ، نامۆن***

***وەك نامۆیی نێوان من و ڕیوە لە بودەڵەکان ، نامۆن. ([123])***

**شاعیر بەحوکمی ئەوەی خاوەن گەنجینەی پەیڤ و وشەیە ، بۆیە لەو باوەڕەدایە نابێ دۆستایەتی خۆی لەگەڵ پەیڤ لەدەستد بدات ، تەنانەت پێکەوە هەڵدەکەن و هەردووکیان غەریب ناون :**

***من و پەیڤ لە یەك دەکەین***

***لەگەڵ یەکدی هەڵدەکەین و هەڵناکەین***

***هەردووکمان گومڕاو بێ ناونشانین***

***غەریب ناوین ([124])***

**فەلسەفە جیهانێکی فراوانە ئەوەی بچێتە ناو قولأیی جیهانی فەلسەفە لەوانەیە بگاتە حاڵەتی نامۆیی ، نامۆ لە ئاست ئەو پرسیارە بێ وەلأمانەی کە گومان دروست دەکەن، ئەم گومانانەی یان سەر بۆ باوەڕ و ڕوانینێك دەکێشن، یان هەر لەدەوری خۆیاندا بە بەرگی گوماناوییەوە خول دەخۆن ،چونکە فەلسەفە دەریایەکی قووڵەو زۆری بۆچوونەکان زۆری پرسیار و گومان و بیرکردنەوەکان بێ بنبەستەکان دەسەلمێنن ، کەوا لەوانەیە بگاتە دیوی دووەمی ڕووخسارەکان و لێی نزیك بێتەوە ، یان ئەوەتە پێی ناگات و ئەوسا دەگاتە حاڵەتی نامۆیی هزری :**

***ئەگەر لە ئیقاعەکان بکۆڵینەوە***

***لە ناسنامەی دیوی دووەمی ڕووخسارەکان نزیك دەبینەوە***

***بەلأم پێیان ناگەین***

***ناچار پەنا بۆ ئەفسانەکان دەبەین***

***ئەفسانەش ، فەلسەفە لە قەڵبەزەی بوونی هەڵدەقوڵی***

---

**[123] – هەمان سەرچاوە ، ل٣٦–٣٧**

**[124] – هەمان سەرچاوە ، ل٣٩**

***بەهۆی جۆری فەلسەفەکانەوە***

***حیکایەتی بوون و نەبوون بە گوێچکەی بوونەوەر دەچرپێنن***

***ڕاستی و ناڕاستی لە تەنی هیقایەتەکان دەروێنن ([125])***

لەبەر ئەوەی شاعیر لە ناخەوە هەست بە غەریبی دەکات وەك کەسێکی نامۆ ، هەروەها لەبەر ئەوەی بێوارەو لە ئاسمانی شوێنێك لەنگەر نابەستێت ، بۆیە هەور بەلای شاعیرەوە باشترین دۆستە ، تەنانەت پێوەندی نێوانیان هەروەك پەیوەندی نێوان گیانلەبەرو ڕووەکە ، یان پەیوەندی نێوان فەلسەفەو لۆژێکە :

***هەور غەریبە غەریب***

***پەیوەندی نێوان من و هەور***

***پەیوەندی نێوان گیانلەبەرو ڕووەکە***

***پەیوەندی نێوان فەلسەفەو لۆژێکە***

***پەیوەندی نێوان شیعری نوێ و ئاژاوە نانەوەیە***

***ئەو لەناو بۆتەی بوونیدا بارانی شاردۆتەوە***

***منیش چەپکێ خۆشەویستی***

***ئەو جاویدە هەتا هەتایە خۆی لە ڕووخساری تەبیعەت وولدەدا***

***منیش میوانێکی گومڕای سەر جادەو شەقامەکانم ([126])***

کێشەی مرۆڤی نامۆ هەندێ جار زەمانییە بەشێوەیەك بزرە لەنێوان ڕابردووو داهاتوویەتی و هیچیان نایناسنەوەو ، ئەوسا مرۆڤە نامۆکە دەگاتە حاڵەتی نامۆیی هزری کەوا سەرەتاو کۆتایی خۆی پێ نابینرێتەوە و ، ڕادەی نامۆیی هزری بەلایەوە دەگاتە حاڵەتی پرسیار کردن لەبارەی ئەوەی بۆچی دەژێت؟ و بۆچی دەمرێ !:

***ڕابردوو نام ناسێتەوە***

***داهاتوو باوەش بۆ حەزەکانم ناگرێتەوە***

---

[125] – هەمان سەرچاوە ، ل٤٠

[126] – هەمان سەرچاوە ، ل٥٢–٥٣

***منیش سەرەتاو کۆتایی خۆم پێ نابیندرێتەوە***
***مێشکی ماندووم ڕووبەڕووی چەند پرسیارێکی***
***فەلسەفییانە دەبێتەوە***
***بۆ دەژێیم؟***
***کە دەژێیم ، بۆ دەمرم؟***
***کە دەمرم ، بۆ بژێیم؟*** (127)

**شاعیر لەم کۆپلەی خوارەوە باش بۆی چووە ، کەوا غەریب بەدوای غەریبدا دەگەرێ ، بەڵام غەریبی دووەم خاوەن بیرێکە فەلسەفەی لێ دەبێتەوە ، بەڵام غەریبی یەکەم کە شاعیرەکەیە خاوەن نامۆیی هزرییە ، چونکە غەریبی دووەم تریفەی ژیانە :**

***غەریب بەدووای غەریبەوە دەگەڕێ***
***ڕەش هەڵدەگەڕێ ، سپی ، سوور ..***
***غەریبی دووەم تریفەی ژیانە ، سەرچاوەی داهێنانە***
***تێڕامانە ..***
***غەریبی دووەم وێنەی بیرە ، نەگیرە***
***نهێنی هەڵدەگرێتەوە***
***فەلسەفەی لێ دەبێتەوە***
***غەریبی یەکەمیش منم ، تۆی***
***ممەکانە***
***لەسەر گۆی زەوی دا میوانە***
***زاراوەی هەڵوەران لە ڕووەکی ژین لێ دەکاتەوە***
***لەم کردارە مەعنەوییە ڕەنگ دەداتەوە*** (128)

---

١٢٧ – هەمان سەرچاوە ، ل٥٤

١٢٨ – هەمان سەرچاوە ، ل٥٦–٥٧

نامۆیی هزری نەك تەنیا لای شاعیر ، بەڵکو لەوانەیە هونەرمەندی شێوەکاریش بکاتە حاڵەتی نامۆیی هزری ، کەوا لەنێو تابلۆکانی بەرجەستەی بکات . لە ڕاستیدا ژیان خۆی تابلۆیەکی غەریبە ، چونکە چەندین لایەنی بە خۆ گرتووەو ، هەریەك لە کەسەکانی هەروەك ژیان نامۆیە ، تەنانەت تابوتیش کە مرۆڤ بەخۆیەوە دەگرێت تا گەیاندنی بۆ نێو گۆڕەکەی غەریبە :

*ئەم تابلۆیە منم ، تۆی ..*

*ئەم تابلۆیە ، ناوی غەریبە ، غەریب*

*غەریب ، لەنێوان داڵدەی خۆی و داڵدەی مەرگ وینەی تابوتێك*

*دەکێشێ*

*تابوت ، خاوەن دەسکردی خۆی دەگرییێنێ*

*تابوت ، هەرگیز پێناکەنێ*

*تابوت ، کەڕە*

*تەتەرە ..*

*تابوت ، هەواڵی مەرگ بە گوێچکەی خۆڵ دەچرپێنێ*

*تابوت ، غەریبە ، غەریب*

*غ ە ر ی ب* [١٢٩]

ژیان لەجیهانبینیشاعیر تەختەی شانۆیە ، هەر مرۆڤێکیش بۆ خۆی ئەکتەرێکی سەر تەختەی ژیانە ، ئایدیۆلۆژیاکان مرۆڤ دەگۆڕن، هەلوێستی دەگۆڕن، مرۆڤ خۆیشی دەیانگۆڕێت ، ئیدی شاعیر سەرسامە کەچۆن مرۆڤەکان بەم چەشنە هەلوێستگۆڕن ، چۆن باوەر بە ئایدیۆلۆژیایەك بکات، کە ئەمرۆ هی ئەوە و بەیانی ئەیگۆڕێت، لێرەدا ئەگەر ئەکتەرەکە هەروەك خۆی مایەوە ئەوسا بەرە بەرە سیماکانی نامۆیی هزری بەلای ئەکتەرەکەوە دەردەکەوێت، ئەگەر بشگۆڕێت ئەوا هەر لە ڕووی هزرییەوە نامۆیە :

---

١٢٩ – هەمان سەرچاوە ، ل٦٨–٦٩

- سەیری ئەم ئەکتەرە بکە

چرکە بە چرکە دەگۆڕێ

- لە ڕووی ئایدیۆلۆژیاوە

- لە ڕووی فسیۆلۆژیاو ئایدیۆلۆژیاوە

سەیرکە! دوێنێ چۆن بوو .. ئەمڕۆ چۆنە؟

دوێنێ بەفر بوو

ئەمڕۆ دەفتەری کەشکۆڵە

پار ئەم وەختە خوێنی گەشتر بوو

بەڵام ئەگەر خۆشی بکوژێ

ئەوە ئەو ساتانەی ڕەویان کردووە

ناتوانێ بیانگەڕێنێتەوە دواوە (١٣٠)

نامۆیی هزری بەلای شاعیرەوە لەوە سەرچاوە دەگرێت هەندێ جار لە بەرامبەرەکەی تێ ناگات و ، ئەوسا دەبێتە سەرچاوەی خەم بۆی :

من تێت دەگەم

تێشت ناگەم

هەندێك جار بۆ ناحەز ( ئەسپی تەروادە )ی

هەندێك جاریش

بۆ من دەبیە سەرچاوەی خەم

من تێت دەگەم

تێشت ناگەم (١٣١)

---

١٣٠- ڕۆستەم باجەلان – گرانەتا ، کۆشیعر ، ل١٠

١٣١ – هەمان سەرچاوە ، ل١٥

**یەکێك لە ئەرکەکانی مرۆڤ گەڕان و دۆزینەوە، گەڕان بە دوای ئەو نهێنیانەیشاردراونەتەوە، ئەو شاراوانەی کە بە ئاشکرابوونیان ، حەقیقەتی تازە دەئەفرێنن،ڕۆستەم باجەلان وەك شاعیرێکی تازەگەر خواست ، بەهۆی نامۆیی هزری ، بووەتە کەسێك بەدوای نهێنی شتە تازەکاندا دەگەڕێت شیعرێکی بێ کۆتایی دەنووسێت :**

***بەدوای نهێنی و***
***شتە تازەکان دەگەڕێم***
***کەلی کلاڤەی بیرم لەم گیهانە دەئالێ***
***هەورێکی ناوەختی***
***لەژێرمیچی ژووره ئاوارەکانمدا پەیدا دەکا***
***هەور دەبێتە مەرەکەبی خامەکەم ،***
***شیعرێکی بێ کۆتایی پێ دەنووسم ...([132])***

**[132] – هەمان سەرچاوە ، ل١٩**

# بەشی سێیەم

## ڕەنگدانەوەی جۆرەکانی نامۆیی

## دەرەوەی خود لە شیعری ڕۆستەم باجەلاندا

تەوەرەی یەکەم: **نامۆیی کۆمەڵایەتی**

تەوەرەی دووەم: **نامۆیی ڕامـیــاری**

### تەوەرەی یەکەم:

## نامۆیی کۆمەڵایەتی

بونیادی دروستبوونی بوونەوەر و گەردوون لەسەر پەیرەویّك و سیستەمیّك فۆرمەلە کراوە ، کە لەنیّوان دیالیّکتیکی گۆڕاویی و نەگۆڕیدا خۆ دەبینیّتەوە، هەرچۆنیّك بیّت گۆڕانکاری پرۆسەیەکە حەتمیەتی بوونی خۆی بەسەر گەردووندا دروست کردووە. کۆمەڵگای مرۆیی بە ئاسانی نەگەیشتۆتە ئەو بارەی ئەمڕۆ لەبەرچاوماندایە ، بەڵکو لە ڕەوتە میّژووییەکەیدا، بە چەندین قۆناغ و ویّستگەدا تیّپەریوە و چەندین گۆرانکاری بەسەریدا هاتووە ، هەرچۆنیّك بیّت مرۆڤی هەرە سەرەتایی بە ناچاری ڕووی کردۆتە پیّکهیّنانی کۆمەل ، چونکە ئەوسا بۆی دەرکەوتووە ژیانی تەنیایی نیّو کیّڵگەو دەشت و ئەشکەوتەکان دەرئەنجامەکەی قڕبوونی ڕەگەزەکەیەتی پاش ئەوەی بۆی دەرکەوت لەهەقی ململانیّی مان و نەمان لەگەڵ ئاژەڵە درندەکان نایەت ، هەروەها بۆ دەرکەوت لەهەقی سەرماو سۆڵی نیّو ئەشکەوتەکان لە وەرزی زستاندا نایەت ، بۆیە بیری لەوە کردەوە لەگەڵ هاوڕەگەزی خۆی گردبیّتەوە و ، بنەمای ژیانیّکی باشتر دابمەزریّنن .

هەر لەگەڵ گردبوونەوەی مرۆڤە سەرەتاییەکان لەو شویّنانەی ئاوو خواردن و خاکیّکی باش بۆ کشتوکاڵی تیّدا بووە ، ئەوسا ئیتر بنەما سەرەتاییەکانی دروستبوونی کۆمەڵگای مرۆیی دەستی بە نەشونما کرد ، بەڵام لەگەڵ پەرەسەندن و گەشەسەندنی کۆمەڵ هەندێ گۆرانکاری بەسەر ڕەفتاری مرۆڤ و جۆری پیّوەندیی نیّوان کەسانی کۆمەڵ ڕوویدا .

هەر کۆمەڵیّك لە چەندین خیّزان پیّکهات و ، هەر خیّزانیّکیش لە چەندین کەس پیّکهات و ، لەنیّوان کەسانی خیّزانەکان هەتا دەهات لایەن و دیاردەی جیاوازی بەرەو زیاد بوون دەچوو ، لە ئەنجامیشدا جۆرەکانی نامۆییش بەرەو زیادبوون چوو ، تا لە ئەنجامدا نامۆیی کۆمەڵایەتی هاتە کایەوە .

شاعیر ، وەك کەسیّکی خاوەن هەستیّکی ناسك ، زیاتر درك بە نامۆیی کۆمەڵایەتی دەکات ، بە حوکمی ئەوەی کەسیّکی خاوەن ئاستیّکی هۆشە زیاتر بە

دەست نامۆیی کۆمەڵایەتی دەتلێتەوە . لەم جۆرە نامۆییەدا مرۆڤە نامۆیەکە لەگەڵ کەسانی کۆمەڵ و هەندێ لەدابونەریتەکانی ناگونجێ ، بۆیە لە ئەنجامدا هەوڵی دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵەکەی دەدات و وا هەست دەکات کۆمەڵ قاوغە مرۆییە باشەکە نییە ، کە تێیدا هەست بە ئاسوودەیی بکات .

ڕۆستەم باجەلان ، وەك مرۆڤێکی خاوەن هەستێکی ناسك و ئاستێکی هۆشیاری ، لە هۆنراوەی (هۆنراوەیەکی ڕەش پۆش بۆ خانی ) باسی مرۆڤێك دەکات هانا بۆ خانیی شاعیری مەزن دەبات بۆ ئەوەی هەندێ لە خەمەکانی بۆ بخاتەڕوو ، ئەوسا ڕووی دەمی لە خانی دەکات و ، دەڵێت :

***خانی نەمر ..!***

***هاتووم بەنیو کەنداوەکان***

***بە تەوژمی شەپۆڵی خەم لە خەرمانی***

***چەن کۆمەڵی بە ئازارە نەختی ژانم بۆ هێناوی***

***لە ڕێکادا سەرنجم دا زەویش ئێستا تەژنە نی یە ..***

***هەرچەند ژانی جەرگی ئێمە بخواتەوە***

***لە حەژمەتە ئەوەرێت و .. شەرمەزارە ، ئەقەڵەشێ و ..***

***ئەتوێتەوە*** [١٣٣]

ناوهێنان و پەنابردن بۆ خانی تیری ئاماژە بۆ ئەوە دەنێرێت،کە لەبەر ئەوەی خانی وەکو شاعیرێکی خەمخۆر ، شیعرەکانی خۆی کردبووە سەکۆی بێدارکردنەوەی نەتەوەکەی لەو ئاستەنگ و ئاریشە و فاکتەرانەی کە خاڵە گەشەکانی کۆمەڵی کوردیان خەفە کردبوو،بۆیە ئەو بە گونجاوترین کەسی دەزانێتکە لە هیولای پەیام و کرۆکی پەیامی تێ بکات .  هەروەها لەم هۆنراوەدا نامۆیی مرۆڤی ڕەش

[١٣٣]– ڕۆستەم باجەلان – کۆشیعری شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەری دا ، ل١٤

پێستمان بۆ بەرجەستە دەكات لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە ، كەوا زەردە خەنەی سەرلێویان لیٚ قەدەغەیە :

*خانی نەمر ..!*

*هاتووم تەنیا دڵۆپەیەك ئا لەم ژانەی مەبەستمانە*

*بخەینە ناو جامی جەم و .. سەرهەڵبرە*

*سەرهەڵبرە ، ئا لەم سەدەش زەردەخەنەی سەرلێوی گشت*

*پێست ڕەشەكان قەدەغەیە*

*شارەكەیان ڕوو بە تەمەو .. لەنێو بڵێسەو ..*

*كڵپەو .. گڕە([١٣٤])*

جیابوونەوەی خۆشەویستان هەندیٚ جار دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی نامۆیی كۆمەڵایەتی لەناخی دڵداراندا ، چونكە دڵداران وا هەست دەكەن كۆمەڵ دەبێتە گرفت نەك چارەسەر ، یاخود شاعیر نامۆیی لە بازنەی بابەتێكی دڵداریدا مەزراندووە، ئەوەتا ڕۆستەم باجەلان لە هۆنراوەی ( پەشیمانی )دا لەم بارەیەوە ئەم حاڵەتەمان بۆ بەرجەستە دەكات :

لە دوای دوو ساڵ جیا بوونەوە

دێیتە لام و ..

گری ئەشكی پڕ تاوانت ئەبارێنی

لە دوای ئەوەی جگەرەك بووم بە دەمتەوە

داتگیرساندم بوومە سۆتكەو .. چیت گەرەكە ؟

ئەی من نەم ووت گیانە لە كونجی تەنیایی

شاری غوربەت دەرم بینە

تۆزی وێڵ و .. دەربەدەری لەسەر ڕووما

---

[١٣٤]– هەمان سەرچاوە ، ل١٤

## بسرپێنه([135])

هـەروەها ڕۆسـتەم باجـەلان لـەڕووی نـامۆیی کۆمەڵایەتییـەوە بـاری دەروونیـی کەسێکمان بۆ بەرجەستە دەکات ، کەوا نامەکانی ناگاتە دەست یارەکەی ، ئەوەتا لە هۆنراوەی ( نامە بۆ خاتوون ) دەڵێت :

خاتونەکەم ...!

گەر نامەکان ناگەنە لات لێم ببورە

کەوتۆمەتە بەر شەپۆلی یادەکانی هۆی ناخۆشیم

دڵ ڕاکاوم و .. بریندارم

وەك ئەو مەلەی

هێلانەکەی

لێ ڕووخابێ و .. هەناسەی سارد بخواتەوە. ([136])

شاعیر لە بەشێکی دیکەی شیعرەکەیدا لە نێو نامۆیی خۆیەوە بۆ نامۆیی کەسەکانی دیکە یاخود خۆشەویستەکەی هەڵدەزنێ،مۆنۆلۆگێکی تژی و سیخناخ لەنێوان دوێنێ و ئەمرۆی خۆی لەگەڵ هی خۆشەویستەکەی رایەڵە دەکات، بە دەربڕین و دەستەواژەی نامۆییانە بەهای ئیستاتیکی دەقەکەی خۆی دەخاتەڕوو ، هەروەکو دەنووسێت:

کۆلارەی غەریب بە ئاسمانەوەیە

لە حەزی ئەو منداڵەوە ئالاّیە

.......

ئەو منداڵە منم

بەڵام وەکو من بۆنی نامۆیی لێوە نابێ

---

[135]– ڕۆستەم باجەلان – کۆشیعری شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەری دا ، ل٢٦–٢٧

[136] – هەمان سەرچاوە ، ل٢٩

**وەكو منیش هەست بە بوونی جیهانێكی نامۆی بێ كۆتایی ناكا**

**هەرگیز بیر لە مردن ناكاتەوە**

**بوونەوەرێكی خەیاڵی جمۆكە**

........

**ئەو منداڵە منم**

**بەڵام وەكی من وێنەی غەریب ناوی خۆی**

**لەنێوان گەڕەكی تاعون و گەڕەكی ئەمڕۆ ناكێشێ**

.....

**ئەو منداڵە منم**

**بەڵام وەك من بەرگی بزربوونی لەبەر نەكردووە**

**وەكو منیش بەسەر پەیژەی زەمەن نەكەوتووە**

**من غەریبم**

**تۆش غەریبی**

**وەكو من گۆرانی بزربوون دەچڕی**

**دەڵێم ، ئەو غەریبە بەساڵ كەوتووە تۆی**

**ژەمە بوونی خۆت دەخۆی**

**بولبولێكی خاوەن ئەزموون لەسەر ترۆپكەی حەزی بوونت دەخوێنێ**

**گەرەكێتی لێت بترازێ**

**گەرەكێتی ، دەروونی ڕۆژگار دیدەت جێ بهێڵێ .([١٣٧])**

**ئەو هەستە نوستالۆژییە بۆ منداڵی كە دەقنووس لە دەقەكەیدا بەرزەفتی كردووە،گەواهیدەری ئەوەن كە مرۆڤ لە ئەنجامی ئەو نامۆییەی كە لەمەڕ ئیستا و ئاینده**

**١٣٧ – ڕۆستەم باجەلان – دیوانی گرانەتا ، ل ٢٨–٣٠**

لێڵ و نارۆشنە هەیەتی پەنا بۆ دوێنێی منالی بە سادەیی و رۆشنیکەیەوە دەبات، وەکو نموونەیەکی بالآی دەررونێکی ئارام و خەونی پاك جارێکی دیکە خۆرزگەی بۆ دەخوازێت. شاعیر هەرچەندە دەیەوێت بگەرێتەوە بۆ منالّی ، بەلاّم لای منالاّنی گەرەك نەناسراوە و نامۆیە، لە مندالّی ئەم سەردەمە ناچێت، بۆیە بەرە بەرە زێدی لەدایکبوونی بەجیّ دەهیّلیّت :

مندالّی ئەم گەڕەکە ناتناسیّ

یاریت لەگەلّ ناکا

تۆ غەریبی لەم هەوارە دەرت دەکا

.......

بەرە بەرە مەڵبەندی لەدایکبوونی جیّ دیّلیّ

بەناو دەروونی تاریکییەوە هەنگاو دەنیّ

ڕووخسار ، ترسنۆکە

گرینۆکە

کۆکە

گەڕۆکە

ڕووخسار ، فەقیر حالّە

تەنیا بالّە

سەیر دەکا ، جوگرافیای داك

ڕامیاری ، ئابووری ، چینایەتی ، باری کۆمەلاّیەتی مەتەلّیّکن

بۆنی نامۆییان لیّوە دیّ

ئەویش لە جیّوە دەلّیّ ( نا )

هەندیّك جاریش دەلّی ( ئیّ )

ڕووخسار بە ڕەونەقە ، هەلّقرچاوە

ڕووخسار ، نازانێ چی لێ نووسراوه ؟

یان به کوێ دهگا ؟

ڕووخسار ، غهریبه ، غهریب([138]) .

ڕۆستهم باجهلان له دیوانه شیعری ( غ.ه.ر.ی.ب )دا زۆر به قوڵی چووهته ناخی کهسی غهریب و ، چهندین حاڵهتی ژیان و ڕهفتاری بۆمان بهرجهسته دهکات ، ئهوهتا لهم دێرانهی خوارهوه حاڵهتی کهسێکی غهریب ونامۆمان بۆ بهرجهسته دهکات ، کهوا لهناو ئاوێنهدا دهیهوێ تهماشای وێنهی خۆی بکات و ، جوانی خۆی به نوێترین ئاوازو ڕیتمی سهردهم بیرازێنێتهوه :

غهریب ، له دووا دیوی تهنی حاڵهتی قووڵبوونهوه

وێنهی نامۆ دهردههێنێ

به بۆیهی خهون لهپماڵی دهکا

ڕۆحی بوونی تێههڵدهکێشێ

بهنوێنترین ئیقاعی ناوهوهی سهردهم دهیڕازێنێتهوه

وێنهی خۆی تیا دهبینێتهوه([139])

پاشان ڕایدهگهیهنێت ئهو کهسه نامۆیه خودی خۆیهتی ، کهواته دهکرێ بڵێین سهرجهم دیوانهکهی بۆ لاوانهوهی ههندێ ههستی پهنگخواردووی ناخی خۆی نووسیووهو ، بهڕاستی وشهکانی کار له ناخی خوێنهرهکهی دهکات ، چونکه وێنهی کهسێکی زۆر کهساس و مهلوولمان بۆ دهکێشی :

منیش غهریبم ، غهریب

وهك فرمێسکه پهنگاوهکانی دیدهی وێڵم ، غهریب

وهك کۆڵوانهی کهشتییه ئاوارهو سهرلێشیواوهکان ، غهریب

وهك دوگمهی پاڵتۆی سهلارێکی دونیا دیده ، غهریب

---

[138] – ههمان سهرچاوه ، ل٣٠-٣٣

[139] – ههمان سهرچاوه ، ل٣٣

............

**منبش غەریبم ، غەریب**

**غەریبیش بینایی کز دەبێ**

**بەناخی دیوی تاریکی ژین شۆڕ دەبێتەوە**

**کۆلانە تەسکەکانی سەردەمی منالی خۆی نا ناسێتەوە([١٤٠])**

**شتێکی سروشتییە ئەکەر کەسی نامۆو غەریب تووشی ڕەشبینی ببێت ، چونکە هەرچەند ماوەی ئاوارەبوون ئەوەندە ناخی نامۆکە زیاتر هەڵدەقوڵی و بەدەست ئازارەکانی ناخی دەتلێتەوە ، بۆیە دەگاتە حاڵەتی ئەوەی لەخۆی سوو یان بێزار بێتەوە و ، ئەم چەند دێرەی خوارەوە ڕووچوونێکە بە ناخی نامۆکە :**

**ئەم غەریبە ئێستا لە مەنفای ڕەشبوونەوە دەژێ**

**ڕووی بۆ ئەم لاو ئەولای خۆی وەردەگێڕێ**

**سووی لە خۆی دەبێتەوە**

**تنۆکە ئەشکی ڕۆژگارەکان لە دیدەی خۆی دەسرێتەوە([١٤١])**

**لەت لەتکردنی فۆنیمەکانی وشەی غەریب و نووسینی بە پێنج پیتی جیاواز جۆرە ڕووچوونێکی دەنگی کەسە نامۆییەکە بۆ قولایی ناخی مرۆڤەکەیە ، هەرچەندە شاعیر هانی نامۆکە دەدات بیر لە گۆرینی ژیانی بکات :**

**غەریب ، غەریب ، غەریب ، غ ە ر ی ب**

**بیر لە زاراوەی ژیانگۆڕکێ بکەوە**

**مۆمی تەمەن بکە بەخۆر**

**خۆر دیوی ڕاستەقینەی ژینە ، جێی ئافەرینە**

**لەناو تەنی بێدەنگیدا سەرچاوەی بوونی ئەم خۆرە بدۆزەوە([١٤٢])**

---

[١٤٠] – هەمان سەرچاوە ، ل٣٦–٣٧

[١٤١] – هەمان سەرچاوە ، ل٣٨

[١٤٢] – هەمان سەرچاوە ، ل٤٦–٤٧

شاعیر لە پێش کۆتایی هاتنی هۆنراوەکە بۆمان ئاشکرا دەکات خۆیشی غەریب و نامۆیەو ، بەدوای دوو وێنەی ( من )ی خۆی دەگەڕێ ، بەڵام نایبیینێتەوە ، چونکە ( من )ەکانی وەك نامۆکە و وەك خۆی غەریبە :

نیگەرانم

لە دوو ڕەسمی منەکان دەگەڕێم ، نایبینەوە

منەکان غەریبن غەریب

وەکی توو غەریب

وەکی خۆم غەریب

وەکی بارندەو حەیواناتان غەریب

غ ە ر ی ب

ە

ر

ی

ب

نیگەرانیش پەیوەندیی بە گۆی ژیانەوە هەیە

گۆی ژیانیش غوربەتستانێکی لالْ و کەڕە

خنکێنەرە([143])

دیارە لای ئەم شاعیرە هەموو شتێك خاوەن ئاستێکی نامۆیە ، ئەوەتا وێنەش بەلایەوە غەریبە هەروەك تارمایی و سێبەری خۆی غەریبە ، ئەوەی جێی سەرنجە نووسینی پیتەکانی وشەی غەریب بەشێوەی لەت لەتکراو، هەروەها بەهەردوو شێوەی ستوونی و ئاسۆیی دەلالەتی تایبەتی خۆی هەیە لای شاعیرەکە :

وێنە غەریبە

وەك تارمایی و سێبەری خۆی غەریب

[143] – هەمان سەرچاوە ، ل٦٠

وەك خۆی غەریب ، وەك –ئادەم – و –حەوا– غەریب

غ ە ر ی ب

ە

ر

ی

ب([144])

هەروەها شاعیر لە كۆتایی ئەم جامە شیعرە هەندێ وەسفی كەسی نامۆمان بۆ دەخاتەڕوو ، هەرچەندە دەبوایە ئەم كارەی لەسەرەتای ئەم جامە شیعرییە بكردایە :

غەریب ، تارمایی و سێبەرە

هەستەوەرە

هەر بە خەیاڵ وێنەی گەڕەكی سەردەمی منداڵی خۆی دەكێشێ

تارمایی و سێبەرە ڕژاوەكان لێرەو لەوێ هەڵدەگرێتەوە

ناو لە پێیان دەخوێنێتەوە

چیرۆكە بە تام و چێژەكان بۆ منداڵان دەگێڕتەوە([145])

هەروەها لەپێش كۆتایی ئەم جامە شیعرییە لە لایەن شاعیرەوە هەندێ پێناسەی سەرنجڕاكێش بۆ كەسی غەریب پێشكەش دەكات :

غەریب مانای تازەتر هەڵدەگرێ

هەرچەندە تۆیی ژیان جوانتر بێ

تەمەنی بوونی كاڵتر دەبێ

نوقمی ژانی نوێتر دەبێتەوە

خەسڵەتی كینەبەرایەتی لەبیر دەچێتەوە

بیر لە گوڵە منداڵ دەكاتەوە([146])

---

[144] – هەمان سەرچاوە ، ل٦١–٦٢

[145] – هەمان سەرچاوە ، ل٧٠

[146] – هەمان سەرچاوە ، ل٧٢

ڕۆستەم باجەلان لەم ساڵانەی دوواییدا هانای بۆ نووسینی جامە شیعر بردووە ، دووەم جامە شیعری بەناوی ( گرانەتا )یە تییێدا لە گۆشەننیگایەکی جیاوازتر لەوەی لەنێو جامە شیعری ( غ.ە.ر.ی.ب ) بەرچاومان کەوت . لە جامە شیعری ( گرانەتا ) هەندێ کۆپڵە شیعرمان بەرچاو دەکەوێت بۆنی ئەوەی لێدێت باسی نامۆییی بێت ، وەك لەم کۆپڵەی خوارەوە :

ئەی وشەی خەم!

هەڵکە باران

داکوتە ناو ڕووبارو چەم

وەکو لافاوی حەزرەتی نوح ڕووخێنەر بە

هەڵمەت ببە ،

بۆ ئەوانەی ڕێگای تاریکیان گرتووە

بەڵکو هەزاران وەك من و ( فەرهاد )ی خەمژەن

بە ( شیرین )ی خۆیان دەگەن ...([١٤٧])

---

١٤٧ – ڕۆستەم باجەلان – جامەشیعری کرانەتا ، ل٢٢

**تەوەرەی دووەم:**

# نامۆیی ڕامیاری

**بارودۆخی ژیانی خەڵکی کوردستان ، پاش شەڕی چالدێران لە ساڵی ١٥١٤دا ، بەهۆی دابەشکردنی خاکی کوردستان لەنێوان هەردوو ئیمپراتۆریەتی عوسمانی تورکی و سەفوی فارسی ، کەوتە دۆخێکی ناخۆش چونکە بەهۆی ئەو دابەشکردنە سنوورێکی فەرمی بەناو جەرگەی خاکی کوردستان کێشرا ، بەهۆیەوە کۆمەڵی کوردەواری تووشی حاڵەتی لەتبوون بوو ، لە ئەنجامیشدا ئەم هۆکارە ڕامیارییە تا ڕادەیەك ڕۆڵی خۆی هەبوو لە درووستبوونی سەرەتاکانی نامۆیی ڕامیاری لای مرۆڤی کورد لەو ڕۆژگارە .**

**بارودۆخی کوردستان پاش پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ بەرەو خراپتر ڕۆیشت بە حوکمی ئەوەی ئەمجارەیان خاکی کوردستان بەشێوەیەکی نیونەتەوەیی لەنێوان چوار دەوڵەت دابەشکرا بێ ئەوەی هیچ ڕاو پرسێك بە مرۆڤی کورد بکرێت ، بۆیە ئەنجامەکانی پەیمانی لۆزان لەڕووی ڕامیارییەوە زۆر خراپ و قورستر بوو بۆ مرۆڤی کوردی بێ دەسەلأت لە سەرەتای سەدەی بیستەهەمدا ، کەوا بەلای هەندێ کەس بە سەدەی ڕاپەرین و شۆڕش و ئازادی و سەربەستی گەلانی جیهان دادەنرێت ، بەلأم سالأنی ئەو سەدەیە تا ڕاپەرینی بەهاری ١٩٩١ بە سالأنی نەهامەتی و چەوسانەوەی ڕامیاری و نەتەوەیی بۆ کورد لە باشووری کوردستان دادەنرێت .**

**بەڕاستی نامۆیی ڕامیاری لای مرۆڤی کورد لە سەدەی بیستەهەمدا زیاتر پەرەی سەند ، چونکە هەر چوار دەوڵەتی تورکیا و ئێران و عێراق و سووریا هەریەك بە جیا کەوتنە داپڵۆسینی مرۆڤی کورد لەبەر تێکۆشان و خەباتی ڕامیاری و نەتەوەیی بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەربەستی .**

**ئەم بارودرخە نالەبارە لەنێو شیعری کوردیدا ڕەنگیدایەوە ، چونکە چەوسانەوەی ڕامیاری دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی نامۆیی ڕامیاری . بۆ نموونە ڕۆستەم باجەلان لە هۆنراوەی ( سەربەستی ) نامۆیی خۆی بۆ ونبوونی سەربەستی دەخاتە ڕوو :**

***ئەی سەربەستی ..!***

***چۆن بانگت کەم ؟***

*تۆ لێم وونی و .. بودوانەوە ئەگەڕێم و ..*

*خۆم وون ئەکەم*

*بەسەر هەموو پەیژەکانی نزم و .. بەرز سەر ئەکەوم*

*بتدۆزمەوە*

*کەچی گیانە*

*لە کام پەیژە ئیجگار بڵندە*

*ئەمخەنە خوار([148])*

ڕۆستەم باجەلانی شاعیر ، وەك کەسێکی خاوەن هەستێکی زۆر ناسك ، لەم کۆپڵەی خوارەوە غەریبی دەکاتە ئاڵۆزترین مەتەڵ ، هەروەها وا لە مرۆڤی غەریب دەکات لەخۆیەوە گۆرانی بڵێیت :

*من غەریبم ، غەریب*

*غەریب ئاڵۆزترین مەتەڵە*

*بیر لە بوونی خۆی دەکاتەوە*

*دەیەوێ پەردە لەسەر نەخشەی پێکهاتەی خۆی هەڵداتەوە*

*لەبەر خۆیەوە ئەم گۆرانییە غەریب ناوە دەڵێ:*

*مەڵبەندی لەدایکبوونم لەت لەت کراوە*

*شکستهێنان و*

*دابڕان و*

*کۆچکردنی بەلافاو و*

*سیناریۆی دانراو و*

*شەڕی نەفرەتلێکراو و*

*ئیفلیج بوونی باری ئابووریم لە بوونی خۆم لوولداوە([149])*

هەندێ کەس نامۆیی ڕامیاری وای لێدەکات وارو نیشتمانی خۆی بەجێ بهێڵێ ، چونکە لەو نیشتمانە هەست بە ئاسوودەیی دەروونی ناکات . ڕۆستەم باجەلان لە

---

[148]– ڕۆستەم باجەلان – کۆشیعری شاعیرێکی تینوو لە پەڕاوی بیرەوەری دا ، ل١٦

[149]– ڕۆستەم باجەلان – جامە شیعری غ.ە.ر.ی.ب ، ل٥٣

هۆنراوەی ( نیشتمان ) بۆ ئەوەی ئەندۆو خەمی دڵی بەجێ بهێڵێ ، پاش ئەوەی لەخۆی وەرز دەبێت ، بڕیاری بەجێهێشتنی نیشتمان دەدات :

*ڕۆژێ لە خۆم وەرز بووم و*

*ویستم نیشتمان جێهێڵم*

*هەر بۆ ئەوەی ئەندۆی دڵەکەم نەهێڵم*

*سەری غەریبیم هەڵگرت* ([١٥٠])

بێگومان ڕۆژگار هەردەبێ بگۆڕێ ، هەموو چەوسانەوەیەکیش هەر دەبێ بگاتە ڕۆژی کۆتاییبوونی ، بۆیە ئەوانەی تووشی نامۆبوونی ڕامیاری دەبن هەوڵی بێوچان دەدەن بۆ دەرکەوتنی ڕۆژی ئازادی ، کەوا هەندێ جار مرۆڤی نامۆی ڕامیاری هەندێ جار گۆرانی بۆ دەڵێت وەك دەربرینێکی هەستی پەنگخواردووی ناخی :

*ئەمڕۆ دوێنێ نییە*

*هەر لێرەشەوە گوێم لە زایەڵەی دەنگێکەوە گرتووە*

*بە نامۆییەوە ئەم گۆرانییە لەبەر خۆیەوە دەچڕێ*

*ئەگەر لێرە بم یان لەوێ*

*ئەوا هەر غەریبم ، غەریب*

*نەسەرەتام دیارە ، نە کۆتایی*

*نە خاکم هەیە ، نە ئاوایی* ..([١٥١])

---

[١٥٠]– ڕۆستەم باجەلان – کۆ شیعری لەپێناو تۆدا دەژیم ، ل١٦

[١٥١]– ڕۆستەم باجەلان – جامە شیعری غ.ە.ر.ی.ب ، ل٧٢

# ئـــەنجــام

# ئەنجـــــــــــام:

گرنگترین ئەو ئەنجامانەی کە لەمیانەی ئەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتوین، ئەمانەن:

- نامۆیی دیاردەیەکی مرۆیی زۆر کۆنە بەپێی گۆرانی ڕۆژگار گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ، لەم ڕۆژگارەدا بووەتە خاوەن چەندین جۆر ، هەر یەکەیان لەبواری خۆیدا کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە .
- نامۆیی ، وەك دیاردەیەکی خودی و کۆمەڵایەتی ، لە هەموو وڵاتان و کۆمەڵگا مرۆییەکان بەرچاو دەکەوێت ، لە کۆمەڵگای کوردەواریشدا ئامادەبوونی هەیە، هەروەکو ئەوەی کە لەنێو ئەدەبی کوردیدا رەنگی داوەتەوە.
- مەزراندنی چەمك و بابەتی نامۆیی لە شیعری کوردیدا، لە روانگەی دووفاکتەرەوە زەمینەسازی بۆ سەرهەلدانی کراوە، یەکەمیان: پێوەندی راستوخۆی بە باری مرۆڤ و کۆمەڵی کوردەوارییەوە لە رۆگاری ئەمرۆدا هەیە ، دووەمیان:کاریگەری ئەدەبی بێگانە.
- ڕۆستەم باجەلان ، وەك شاعیرێکی خاوەن هەستی ناسك و خاوەن ئەزموونێکی شیعری بۆ زیاتر لە چل ساڵ دەچێت ، جۆرە بایەخێکی بەرچاوی بە نامۆیی لەنێو شیعرەکانی داوە، کرۆك و پەیام و بەهای دەقە شیعرییەکانی بە رەهەندە جۆربەجۆرەکانی نامۆیی تەنراوە.
- جۆرەکانی نامۆیی زۆرن، بەڵام لە روانگەی دەقەکانی شاعیر زیاتر چوار جۆری نامۆیی بەرچاودەکەون، کەدووانیان نامۆیی ناوەوەی خودی مرۆڤن، کە ئەوانیش : نامۆیی خودی، نامۆیی هزری ، دووەکە دیکەیان نامۆیی ناوەوەی خودی مرۆڤن: کە ئەوانیش : نامۆیی کۆمەڵایەتی، نامۆیی رامیارین.

- هەرچەندە ڕۆستەم باجەلانی شاعیر ئەزموونی نامۆیی دەرەوەی کوردستانی نەبینیووە ، بەڵام خوێنەری سەرجەم شیعرەکانی لەو هەشت کۆشیعریدا هەستێکی زیاتر بە جۆرە بایەخێك دەکات بە جۆرەکانی نامۆیی خودی و هزری و کۆمەڵایەتی و جوگرافیی دەکات.
- زمانی شیعری وشێوازی شیعری ڕۆستەم باجەلانی شاعیر لە بواری بەرجەستەکردنی نامۆیی لەنێو شیعرەکانی کاریگەری خۆی هەیە لە هزرو ناخی خوێنەری شیعرەکانی ، چونکە هەردووکیان دوورن لە تەمومژی و لێڵی ، بۆیە خوێنەری شیعرەکانی تامو چێژێکی تایبەتیان لێوەردەگرێت .
- لایەن و ڕەهەندی نامۆیی زیاتر لەو بەرهەمانەی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەنێو شیعری ڕۆستەم باجەلاندا بەرچاو دەکەوێت .
- ڕۆستەم باجەلان ، وەك ئەندامێکی کارا و چەلەنگی بزاڤی تەغریبی ، زۆرتر لە کەسانی دیکەی ئەم بزاڤە بە بەرهەمی شیعری لایەن و ڕەهەندی نامۆیی بەرجەستەکردووە .

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

## سەرچاوەکان بەزمانی کوردی

### ١- کتێبەکان

١- سەرکەوت سەعدی قادر – نامۆیی لە ڕۆمانەکانی سەلاّح عومەردا ، بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١١
٢- یوسف عوسمان ، دەروونزانی ، وتارو لێکۆڵینەوەو شیکردنەوە ، هەولێر ، ٢٠٠٠
٣- کەریم شەریف قەرەچەتانی – هەندێ نەخۆشی و گرفتی دەروونی و کۆمەلاّیەتی ، چاپخانەی زانکۆی سەلاّحەددین ، هەولێر ، ١٩٩٩
٤- حسێن سۆران – کارل مارکس و ئەفلاتۆن .. لە تۆتالیتاریزمی فیکرەوە بۆ تێرۆر کردنی بەهای ئازادی ! ، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت ، هەولێر ، ٢٠٠٨ ٥- سادقی هیدایەت – کافکا ، وەرگێرانی محەمەد کەریم ، چاپخانەی دەزگای سەردەم ، ٢٠٠٢
٦- ژان پۆڵ سارتر – ئەدەب چییە ؟ ، و: مستەفا غەفوور ، چاپخانەی خانی، دهۆك ، ٢٠٠٩
٧- پییر لویس ری – لێکدانەوەیەك لەمەڕ نامۆ ، و/ حەمە کەریم عارف ، مطابع دار الشؤون الثقافية ، بەغدا ، ٢٠٠٦
٨- د. ئازاد ئەحمەد مەحموود – بونیاتی زمان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، چ/٢ ، لە بلاّوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی ژمارە (١٨٨) ، چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢
٩- محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم – پێکهاتەی زمانی شیعری لە ڕوانگەی ڕەخنەی ئەدەبیی نوێوە ، ئەزموونی شاعیرانی هەشتاییەکانی هەولێر وەك نموونە ، چاپخانەی موکریانی ، هەولێر ، ٢٠١٢
١٠- ڕۆستەم باجەلان – غ ە ر ی ب ، چامە شیعر ، چاپخانەی پاك ، هەولێر ، ٢٠٠١

**١١- د. خانزاد عەلى قادر – زمانى شیعرى حاجى قادرى کۆیى و مەحوى و شێخ ڕەزاى تاڵەوبانى ، چاپخانەى حاجى هاشم ، هەولێر ، ٢٠١٢**
**١٢- حەمە سەعید حەسەن – بەفرو گڕکان .. ڕەخنەى ئەدەبى و فیکرى ، دەزگاى چاپ و بلاْوکردنەوەى ئاراس ، هەولێر ، ٢٠٠٨**
**١٣- ئارى ئاغۆك ( ئامادەکردن ) – بزاڤى تەغریبى ، چاپخانەى چوار چرا ، هەولێر ، ٢٠١١**
**١٤- د. کەمال مەعروف – ئەدەبیاتى کلاسیکى و نوێخوازى کوردى ، سلێمانى**
**١٥- پرۆفیسۆر د. محەمەد مەعرووف فەتاح – لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان – کۆکردنەوەو ئامادەکردنى شێروان حسێن خۆشناوو شێروان میرزا قادر ، چاپخانەى ڕۆژهەلاْت ، هەولێر ، ٢٠١٠**
**١٦- ڕۆستەم باجەلان – لەپێناو تۆدا دەژیم ، چاپخانەى الحوادپ ، بەغدا ، ١٩٨٢**
**١٧- ڕۆستەم باجەلان – گرانەتا ، چامە شیعر ، چاپخانەى میدیا ، هەولێر ، ٢٠٠٢**
**١٨- ڕۆستەم باجەلان – لەپێناو تۆدا دەژیم ، چاپخانەى الحوادث ، بەغدا ، ١٩٨٢**
**١٩- ڕۆستەم باجەلان – غ ە ر ی ب ، چامە شیعر ، چاپخانەى پاك ، هەولێر ، ٢٠٠١**
**٢٠- ڕۆستەم باجەلان – کۆشیعرى شاعیرێکى تینوو لە پەڕاوى بیرەوەرى دا ، چاپخانەى کامەرانى ، سلێمانى ، ١٩٧٨**

## ٢- <u>ڕۆژنامەو گۆڤارەکان</u>

٢١- د. ئازاد ئەحمەد مەحموود - هۆشیاریی لە شێوازی شیعریدا ، گۆڤاری ئایینده ، ٢٠٠٥

٢٢- محەمەد زەنون- ڕوانینێکی گشتیو مێژوویی بۆ نامۆبوون ، و: دیار عزیز شەریف ،گ/ڕامان ، ژ/٩١ ، ٢٠٠٤

٢٣- ڕەفیق سابیر - نامۆبوون لە چیرۆکەکانی حوسێن عارف دا ، گ/گەلاویژی نوێ ، ژ/٢ ، ١٩٩٧

٢٤- ئیدوارد سەعید - نامۆیی ڕووناکبیران ، و: ئەبە بکر خۆشناو ، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ ، ژ/١٠، ت٢-١٩٩٨

٢٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەعروف ، ئامادەکردنی دڵزار حەسەن ، ڕۆژنامەی یەککگرتوو / پاشکۆی ئەدەب و هونەر ، ژمارە (٣٤٨) ، ڕۆژی ٢٠٠١/٧/٢٧

٢٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەعروف ، هەڤپەیڤینی ئاری ئاغۆك ، ڕۆژنامەی پەیامی ئاشتی ، ژمارە (٥) ، کانوونی دووەمی ٢٠٠٢

٢٧- هەپەیڤین لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، گۆڤاری نەواڵەی نوێ ، ژمارە (٢٠)ی ساڵی دووەم

٢٨- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، سازدانی عەلی بەختەوەر ، ڕۆژنامەی باسەرە ، ژمارە (٦١) ، چوارشەممە ٢٠٠٤/٧/١٤

٢٩- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە (١٢٤٤)، ٢٠٠٣/٩/١٦

٣٠- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەعروف ، هەڤپەیڤینی : سەفەر عەلی ، ژمارە (١)ی بڵاوکراوەی بزاڤی تەغریبی

٣١- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەعروف ، گۆڤاری نەواڵەی نوێ ، ژمارە (٥٧)ی نیسانی ٢٠٠٨

٣٢- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، ڕۆژنامەی سپیدە ، ژمارە (٢٣) ، ٢٠٠٣/٣/١٦

٣٣- محمد دلێر امین محمد - شیکردنەوەی شیعری ڕێبازی ڕۆمانتیکی لەبەر ڕۆشنایی تیۆرەکانی نامۆبوون دا ، گۆڤاری دهۆك ، ژ/١ ، ٢٠٠٨
٣٤- محمد عوسمان - بەرەو بزاڤی نامۆگەرایی / بزاڤ و ئامانجەکان ، گۆڤاری کاروان ، ژ/١٦١ ، ٢٠٠١
٣٥- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، ئامادەکردنی فوئاد سدیق - بەیاننامەی ئەدەبی ، ڕۆژنامەی هەولێر ، ژمارە (١١) ، هاوینی ٢٠٠١
٣٦- چاوپێکەوتن لەگەڵ د. کەمال مەعروف ، هەڤپەیڤینی دڵزار حەسەن ، ڕۆژنامەی میدیا ، ژ/٩٨ ، ڕۆژی ٢٠٠١/٦/١٦
٣٧- چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕۆستەم باجەلان ، هەڤپەیڤینی ئاری ئاغۆك ، ڕۆژنامەی پەیامی ئاشتی ، ژ/(١)، ٢٠٠١

## نامەکانی خوێندنی باڵا

٣٨- ئارام محەمەد قادر - نامۆیی لە شیعری کوردیدا - کرمانجی خواروو (١٩٧٥-٢٠٠٠) ، نامەی ماستەرە پێشکەشی زانکۆی سلێمانی کراوە ، ٢٠٠٧
٣٩- سروشت جەوهەر حەوێز - تازەکردنەوە لە شیعرەکانی ( ئازاد دڵزار)دا ، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین کراوە ، ٢٠١٠
٤٠- ناز ئەحمەد سەعید - لادان لە شیعری ( لەتیف هەڵمەت )دا ، نامەیەکی ماستەرە پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی کراوە ، ٢٠١٠

## سەرچاوەكان بەزمانی عەرەبی

### ١- كتێبەكان

٤١- ابن منظور- لسان العرب ، دار صادر ودار بيروت للطباعة والنشر ، بيروت ، ١٩٥٦

٤٢- ابو عبد الرحمن الخليل بن احمد الفراهيدي - كتاب ( العين ) ، تحقيق : د، مهدي المخزومي ود. ابراهيم السامرائي ، دار الشؤون الثقافية ، ط/٢ ، ج/٤ ، ١٩٨٦

٤٣- علي محمد اليوسف - سيسيولوجيا الأغتراب ، قراءة نقدية منهجية في فلسفة الأغتراب ، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ٢٠١٠

٤٤- علي محمد اليوسف - فلسفة الإغتراب .. قراءة نقدية منهجية في فلسفة الإغتراب ، الدار العربية للموسوعات ، بيروت ، ٢٠١٣

٤٥- ريشارد شاخت - الأغتراب ، ت: كامل يوسف حسين ، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت

٤٦- د، محمد راضي جعفر _ الأغتراب في الشعر العراقي ، مطبعة اتحاد الكتاب العرب ، دمشق ، ١٩٩٩

٤٧- نسرين محمود الشرادقة - الإغتراب في شعر أمجد ناصر ، عالم الكتب للنشر والتوزيع ، الاردن ، ٢٠١٢

٤٨- محمد رضا مبارك - اللغة الشعرية في خطاب النقد العربي المعاصر ، دار الشؤون الثقافية العامة ، بغداد ، ١٩٨٣

٤٩- ارسطوطاليس - فن الشعر ، ت: عبدالرحمن بدوي ، ط/٢ ، دار الثقافة ، بيروت ، ١٩٧٣

٥٠- د. محمد فتوح احمد - واقع القصيدة العربية ، دار المعارف ، القاهرة

٥١- حاتم الصكر – الشعر العربي عند نهايات القرن العشرين / تحديث النقد الشعري ، دار الحرية للطباعة، بغداد ، ١٩٨٨

٥٢- جان كوهن – بنية اللغة الشعرية ، ت: محمد الولي ومحمد العمري ، المغرب ، ١٩٨٦

## ٢- ڕۆژنامەو گۆڤارەكان

٥٣- د. حسن جهاد – الإغتراب الوجودي دراسة في جدل الصراع بين الرغبة في التفرد وغواية الإمتثال ، دار هلا للنشر والتوزيع ، مصر ، ٢٠٠٨

٥٤- حسن حنفي – الإغتراب الديني عند فيورباغ ، مجلة عالم الفكر ، المجلد العاشر ، العدد الاول ، ابريل ومايوو يونيو ، ١٩٧٩

٥٥- قيس النوري – الإغتراب إصطلاحاً ومفهوماً وواقعاَ ، مجلة عالم الفكر ، المجلد العاشر ، العدد الاول ، ابريل ومايوو يونيو ، ١٩٧٩

٥٦- مراد وهبة – الإغتراب والوعي الكوني .. دراسة في هيجل وماركس وفرويد ، مجلة عالم الفكر ، المجلد العاشر ، العدد الاول ، ابريل ومايوو يونيو ، ١٩٧٩

## الرسائل الجامعيه

٥٧- عبدالامير محسن عودة الكزاز – الغربة والأغتراب في الشعر الكويتي والبحريني ، رسالة ماجستير مقدمة الى مركز دراسات الخليج / جامعة البصرة ، ١٩٨٩

٥٨- حمه رضا حمه امين نورالدين ، الغربة والحنين في شعر الفتوحات الاسلامية من عصر صدر الاسلام الى نهاية العصر الاموي ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب / جامعة صلاح الدين ، ١٩٩٧

٥٩- احمد حاجم محمد - الغربة والحنين في الشعر العربي الاندلسي ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب / جامعة بغداد ، ١٩٨٣
٦٠- صاحب خليل ابراهيم – الغربة والحنين في الشعر العربي قبل الاسلام ، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الاداب / الجامعة المستنصرية ، ايلول / ١٩٨٨

**اقليم كوردستان العراق**

**وزارة التعليم العالي والبحث العلمي**

**جامعة صلاح الدين– أربيل**


# الإغتراب في شعر

# رستم باجلان

**رسالة مقدمة الى مجلس كلية اللغات جامعة صلاح الدين– اربيل**

**كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في الادب الكوردي**

**من قبل الطالب**


**محمد صالح عبدالرحمن– بكالوريوس في اللغة والأدب الكردي – جامعة صلاحدين – ٢٠٠٧**


**باشراف**


**الاستاذ المساعد د. كمال مصطفى معروف**


رەزبەر **٢٧١٣ كوردی    شوال ١٤٣٤ هجري    ئاب ٢٠١٣ ميلادي**

# الخلاصة

الإغتراب ، ظاهرة إنسانية رافقت الوجود البشري منذ ظهوره ولغاية يومنا الحاضر . وليس هناك مجتمع بشري في قديمه وحديثه يخلو من وجود الإغتراب ، الذي يعني في أبسط تعاريفه ابتعاد الذات الإنسانية عن بيئته ومجتمعه من الناس الآخرين وكا ما فيه من أشياء ومؤسسات .

يعتقد بعض المفكرين بأن بدايات ظهور الإغتراب يعود الى مرحلة تعلم الإنسان الزراعة ، والتي فيها أغترب الإنسان عن محاصيله ومنتوجاته الزراعية بعد أن باعها للآخرين الذين كانوا هم الآخرين عن تلك المحاصيل والمنتوجات الزراعية التي لم يقوموا هم بأنتاجها . ومع تطور المجتمع البشري تعددت أنواع الإغتراب بسبب كثرة مسبباتها من حالات نفسية وأجتماعية وسياسية واقتصادية ،

لقد أهتمت الفلسفة وعلم النفس والأدب بشكل خاص بظاهرة الإغتراب ، لكونها تترك أثراً مؤثراً في حياة الإنسان ، وربما تؤدي الى انتحاره وموته إن لم يتم تداركه ومعالجته . ومثل هذا الأهتمام بظاهرة الإغتراب تجسد في العديد من النتاجات الأدبية العالمية والكردية ، وكان للشلعر رستم باجلان دوراً في هذا المجال هو الذي دفعنا لكتابة هذه الرسالة الجامعية عنه ، والموسومة بـ ( الإغتراب في شعر رستم باجلان ) .

يتكون هذا البحث الأكاديمي من مقدمة وثلاثة أقسام وخاتمة وقائمة بالمصادر التي استفدنا منها ، حيث خصصنا القسم الاول بمباحثه الأربعة لتعريف مفهوم الإغتراب وعلاقته بالفلسفة مع الحديث عن رواد أدب الإغتراب وتبيان العلاقة بين الحركة التغريبية الكردية والإغتراب .

وخصصنا القسم الثاني بمبحثيه للحديث عن نوعي الإغتراب الذاتي والإغتراب الفكري ، بينما خصصنا القسم الثالث لنوعي الإغتراب الأجتماعي والإغتراب السياسي ، مع تمنياتنا أن يكون بحثنا الأكاديمي جمهرة محط استفاد قرائه ، ومن الله التوفيق .

## Conclusion

**Alienation, in human phenomenon accompanied human existence since its inception until the present day. There is no human society in ancient and modern without the presence of alienation , which means in the simplest definitions of human self moves away from its environment and society of other people Luka what the things and institutions.**

**Some scholars believe that the early emergence of alienation returns to the stage learning rights of Agriculture, which where rights for agricultural crops and its products after it sold to exile others who were the others for those crops and agricultural products that they are not produced . With the development of human society there were many kinds of alienation because of the many causes of cases of psychological, social, political and economic.**

**We have focused on philosophy, psychology and literature, in particular the phenomenon of alienation , of being left an influential impact on human life , and perhaps lead to suicide and death if not remedied and treatment . Such attention to the phenomenon of alienation embodied in many of the international literary productions, Kurdish, and His role in this regard is paid to write this letter undergraduate him, and tagged (Alienation in Rustam Bajalan hair).**

**This academic research consists of an introduction and three sections and a conclusion and a list of sources from which we have benefited, where we have dedicated the first section Bembagesh four to define the concept of alienation and its relationship with the philosophy to talk about the pioneers of alienation literature and demonstrate the relationship between movement and alienation Kurdish.**

**And allocated Section II Bembagesh of talk about the two types of self - alienation and intellectual alienation , while the third section dedicated to the two types of social alienation , political alienation , with wishes to be our academic focus of population benefited readers, and reconciled to God .**

Kurdistan Region-Iraq
Ministry of Higher Education
& Scientific Research

Salahaddin University-Hawler

# Alienation In( Rostam Bajalan's) Poems

**A Thesis**
**Submitted to the council of the College of Languages-University of Salahaddin-Hawler a Partial Fulfillment of The Requirements for The Degree of Master in Kurdish Literature**

**By**
**Muhammad Salh AbdulrahmanB.A-Univ. of Salahaddin 2007**

**Supervised By**
**Asst.Prof.Dr. Kamal Mustafa Mahruf**

**2713 razbar k** **shawal 1434 Al.H** **sep 2013 A.D**